# بووکە بەردینە

کۆمەڵە کورتە چیرۆك و دوو شانۆنامە

# بووکە بەردینە

ئازاد کەریمي

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**


**ناوی کتێب: بووکە بەردینە**

**نووسینی: ئازاد کەریمی**

**نەخشەسازی بەرگ: ئاسۆ خالید**

**نەخشەسازی: محمد فیصل زەنگنە**

وێنەی بەرگ: سولێمان مەحمودی

**چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر/ ٢٠١١**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧١١) ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە**



*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە**

*** ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**

**www.kurdchap.com**

بووكه بەردینە.................................................٧
نەژبیر..........................................................٣٣
خاچۆرت.......................................................٣٦
شووشه عەترێك بۆ عیسا.......................................٦٦
تاوان.............................................................٧١
مەلەوانگه.......................................................٩١
شەرم............................................................١٠٠
سیمفۆنیای مێش(شانۆنامه).....................................١١٨
ماخۆلەی پرد(شانۆنامه)....................................... ١٢٢

ئەم پەرتووکەم پێشکەشە بە گیانی پاکی باوکی هونەرمەندم
(عەزیزخان ئاژان)

# بووکە بەردینە*

لە «پلە ئاسانە»[1]ترازاین و بە سەر ڕێگای «فەیزولڵابەگی»[2]دا ڕوومان کردە«بووکە بەردینە»[3]. خەڵکی ئەو ناوچە سەبارەت بە ناوی بووکە بەردینە چیروکێک ئەگێڕنەوە کە گوایە گەنجێک دڵی بە کچێکەوە ئەبێ و چەن جار ئەنێرێتە خوازبێنی‌یەوە بەڵام پێی نادەن. ئەبیسێتەوە گوایە ئەو کچە دراوە بە شوو، خەریکن بە بووکی ئەیبەن بۆماڵی زاوا. کوڕەکەش ئەوەندە ناڕەحەت و دڵگران ئەبێ لە خودا ئەپاڕێتەوە ئەو کچە ببێ بە بەرد! دۆعای ئەو کوڕە کۆلیلەش ئەگاتە لای خودا و لەو ڕێگادا کە خەریکن بووکی پێدا ئەبەن بۆ ماڵی زاوا ئەوخەڵکەی لە گەڵ ئەو بووکەن و هەر وەها بووکەکەش گشت ئەبن بە بەرد . من زۆرجار ئەم باس و چیرۆکەم بیستوە بەڵام بە لامەوە گرنگ نەبوو، ئەمووت ئەمانە قسەی پڕ و پیرێژنە و لە بەرکە قورسی زستاناندا درووس کراوە، ئێستاش هەر وائەڵێم. بەڵام تەنیا یەک شت منی ئێستا هان داوە بۆ ئەوەی بێم بۆ بووکە بەردینە. ئەویش کە بە هۆی نامەیەک کە لە دادگای شاری «بۆکان»ەوە هاتبوە باڵوێزخانەی«فەرەنسا»وە و ئەوانیش ئەو نامەیان بەڕێ کردبوو بۆ«کۆمون»ی شاری «پاریس». ڕۆژی چواردەی نیسان نامەکە درایە دەستم. لەو نامەدا نووسرابوو: کە بە هۆی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی دادیارانی دادگەوە و هەروەها هاتنی شایەتەکان و پێشکەش کردنی

بـەڵـگەو تـاپۆ و چـەن قـەباڵـەیـەک، سـەلمێنـدراوە کـە زەویـیـەکـانی دەوروبەری«بووکە بەردینە» لە ڕکێفی دایکـی تـۆدا بـوە و ئێستا بـە تـۆ ئەشیێ و هۆکارەکە یشی ئەوەیە کە تۆ وەک تەنیا وارس و تەنیا کەسی بە جـێماوی ئـەو بنـە ماڵـە، لـە ڕوانگـەی قـانون و بـە پێـی دەستووری دادگا خاوەنی ئەو پارچە زەویانەیت. تکایە بۆ تەواو کـردنی ئـەو کـارە رەسمی و ئۆفیسی‌یانە بگەڕنەوە بۆ وڵاتەکەتـان و لـە دانیـشتنی ئاسـایی دادگای ژمـارە چـواری ئیـدارەی دادی شـاری«بۆکـان» سـەبـارەت بـەو کێـشەیـە لـە بـەرواری بیـست و یـەکـی مـانگی پووشـپەڕی ئـەمـساڵ بەشداری بکەن، مافی کەڵک و یارمەتی وەرگرتن لە پارێزەر ئازادە..

بیـستوحـەوت سـاڵ بـوو نـەگـەڕابوومـەوە، پـاش مـردنی بـاوکم ئیتـر نەگەڕابوومەوە، دایکم و باوکم زۆر کات پێشتر لەوەی کە باوکم بمـرێ لـە یـەک جیـا ببونـەوە. ئێستا ئـەبێ چـل و دو سـاڵ ببـێ چوونکـە مـن دووساڵان بووم کە باوک و دایکم تەڵاق کەوتە نێوانیان. دایکم مێـردی کردەوە و ئێستا لە سایین قـەڵـا°یـە . بـاوکی منیش هـەر خـەریکـی ژن هێنان و ژن تەڵاق‌دان و قومـار کـردن و خواردنـەوە و دووکـەڵ کێـشان بوو. لە ورمێ و تەورێز و زەنگـان و مـەراغـە و هـەر شـوێنێکی تـر کـە بۆنی ئەفیوون و کەیف و ئاهەنگی لێ بهاتبایە بەدوای‌دا ئەڕۆیی. باوکم دارا و جوانچاک و دەوڵـەمـەند بـوو، پـووڵ و پـارەی باشـی لـە ڕێگـای خۆشی و کامەرانی خۆی‌دا ئەبڕاندەو. پەکی لە بەر کەس نـەئـەکـەوت. باوکم منی دا بە داپیرەم و ئەویش لە حەوت ساڵانەییمدا مرد و بـاپیرەم

دایەنێکی بۆ گرتم و لە بۆکان لە ماڵی باپیرەم بوم. بە پێچەوانەی باوکمەوە باپیرەم مرۆڤێکی خۆشناو بوو، کاری بە سەر کەسەوە نەبوو، خەریکی نوێژ کردن و خێر و خێرات بوو. جگە لە باوکم،کچێکی کوێری بوو کە تەمەنی زۆر بوو و لە قەیرە کچیدا شووی کرد بە مەلاییێکی کوێر. پوورم و مەلا کوێرەی مێردی ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم شەوێکیان بە گازی نەوتی چرا والۆڕ، خنکان و مردن. بێچارەی بێ ڕۆشنایی‌یانە وەجاخ کوێریش بوون. باپیرەشم ئیتر پیر و پەک کەوتوو ببوو، دایەنەکەی منیش هەر خەریکی بەخێوکردنی من و خزمەت کردنی باپیرەم بوو. پاش ئەوەی باپیرەم دووجار شەپڵە لێی‌درا ، پەکی کەوت، سەقەت و شەل و داماو... ئەو کات شانزدە ساڵان بووم...باوکم جار وابوو بە مانگ و دوومانگ نەمانئەبینی. سێ ساڵ بوو ژنێکی تورکی هێنابوو لە «مەراغە» دوو منداڵی لێی بوو، لفەو دوانە بوون، دوو کوڕ... لە پرسەی باپیرەم باوەژنەکەم و زڕبراکانم بینی. باوکم لاجانگی سپی تێ‌کەوتبوو، تاڵە تاڵە... پیپی بە دەستەوە بوو، ئەیکێشا... بۆنی توتنی«کاپتان بلاک» ناو مزگەوتی گرتبوو... ماچێکی کردم ووتی: چۆنی کوڕم؟ ووتم: باشم! هەر ئەوەندە . دوای ئەوە کە پرسەو سەرە خۆشی تەواو بوو باوکم و ژن و منداڵەکانی چوونەوە بۆ ورمێ، من و دایەنەکەم هەر لەو ماڵەدا ئەژیاین، تاکوو باوکم دوای دوومانگ بە پێی قانوون بوو بە خاوەنی ڕاستەو خۆی ملک و ماڵی باپیرەم بە منی ووت: ڕۆڵە تۆ شانزدە ساڵانی و پیاوێکی

، باوەژن هەر باوەژنە و خەلاس نامەوێ ئازارت بدەم پێم وابێ هەر بۆ خۆت وات پێ باشتر بێ دوور بی لە ئێمە. ئەم چەن ساڵەش ئەوەندە لە لای ئەم پرِ و پیرێژنانەوە بووی دلّت مردوە، ئەگەر پێت خۆش بێ ئەتنێرم بۆ تاران، لەوێ دیپلۆم بگرە و بچۆ زانکۆوە، من یاریدەت ئەدەم... منیش هەر وهام کرد، سێ ساڵ لە تاران بووم، باوکم نەیهێشت بێ پارە بم، ژیانم بە باشی ئەبوورا. خۆم ساز ئەکرد بچمە زانکۆوە، دیسانەوە باوکم کەوتە خوار و ژوورمەوە کە بچم بۆ هەندەران ، دیسانەوە دەنگم نەکرد، ئەمزانی ئەمجار ئیتر لە هەموو رِابردوەکانم ئەپچرِێم، نە دایک و نە باوک بە کارم نەهاتبوون، کەسی تریش نەمابوو، قەت فێری دڵ داهاتن بە هیچ کەس و هیچ شوێنێک نەبووم، سرووشتم بەو چەشنە رِاهاتبوو... ببوو بە بەشێ لە جنێتیکم... کیفە بچکۆلەکەی دەستم کردەوە، لە تۆی کیفەکەدا وێنەی کچە بچکۆلەکەم بینی . ناوی«ئانیتا»یە. چوار ساڵانە لە دوای«ئانا» هاتوە، ئانا یازدە ساڵیەتی. لە دڵ خۆمەوە ئەڵێم: کێ دڵی دێ مندالەکەی خۆی بتاکێنەتەوە؟! باوکم بۆ وابوو؟، لە تۆیێکی تری کیفەکە، بەڵگەیەکی لاتاری تێدایە...لاتاری مانگی نۆڤەمبری رِابردووە، کچەکەم«ئانا» بە گاڵتەوە لە سەریدا نوسیویەتی: باوکم زۆر حەزی لە لاتارییە، ئەوەندەی پارە داوە بۆ ئەم بلیتانە تووشی ئالەرژی لاتاری کردووین!!! «ئانا» کچێکی ژیرە... زۆر حەز بە گاڵتە و جەفەنگ ئەکا. جار وایە کاری وەها ئەکات مرۆڤ لە پێکەنیندا ئەبوورێتەوە...

ئێستاش کایەم پێ ئەکا، ئەو تیکەتەی خستوەتە جانتاکەمەوە بۆ ئەوەی پێم ڕابوێرێ...

ژنەکەمم لە کالێج بینی بۆ یەکەم جار... باوکی خەڵکی لیتوانیایە و دایکی فەڕانسی‌یە...باوکی لە کاتی ڕژێمی کۆمۆنیستی‌دا هەڵهاتوە بۆ فەڕەنسا.

ژنەکەم ماموستای خوێندنگای سەرەتایی‌یە ، منیش بۆ خۆم مامۆستام لە خوێندنگایێکی تردا. هەر دووکمان وانەی«کامپیوتەر» ئەڵێینەوە. پێکەوە سازاوین. ژیانمان ئاسوودەیە. هەردووکمان بە پێچەوانەی دابی خە ڵکەوە زوو زەماوەندمان کرد... هەموو پێیان سەیر بوو چون کورێکی بیست و حەوتساڵانە و کچێکی بیست و پێنج ساڵانە ئەوەندە زوو بەڵێنی ژیانی هاوسەریان دا ... بەڵام ئێمە وامان پێ باش بوو...«هێلێنا»منی خۆش ئەوێ... منیش ئەوم زۆر خۆش ئەوێ... دیسان تیکەتی لاتاریەکەم بینی، دەستم بە پێکەنین کرد. شوفێری ماشینەکە لای کردەوە ووتی: قوربان ئەو وێنە یە ئەبێ منداڵەکەتان بێ؟ پێم سە یر بوو ، ئەو کابرایە چۆن چاوی بە وێنەی ناو ئەو کیفە بچکۆلە کەوتوە؟ ئەو خۆ هەر دووچاوی بڕیوەتە ڕێگاکەوە!!! لەم بیرانەدا بووم دیسانەوە ووتی: تەمەن درێژبێ، خوا لێت نەستێنێ! ووتم: سپاست ئەکەم. ئوتۆمبێلەکە بە قەراغ چەمەکەدا تێ‌ئەپەڕی، هەستێکی نادیار و سەیرم هەبوو، نەمئەزانی چیە بەڵام بۆ خۆشم سەیر بوو، سەرچاوەی ئەم هەستەم لە خۆمدا نە ئەدۆزیەوە.

تەنیا یەک جار بەم ڕێگەدا هاتووم، ئەویش ئێستایە کە ئەمەوێ بگەمە بووکە بەردینە. ئەمەوێ پێش لەوەی سەرم قاڵ بێ بە ئیش و کاری دادگە و مەحکەمەوە ئەو شوێنە ببینم. ئەگەر زانیم هیچ هەستێکم تێدا زیندوو ناکاتەوە زۆر خۆمی پێوە خەریک ناکەم، پیرۆزی خەڵکانی تربێ وا حەزی پێ ئەکەن و زگە دڕەی لە سەر ئەکەن... شوفێری ترۆمبێلەکە پێی خۆشە پرسیار بکا: قوربان بمبەخشە ئێوە خەڵکی ئێرەن؟ قوربان ببەخشە چەن ساڵە نەهاتونەتەوە؟... بەڕای ئێوە کاروبار لە تاران باشتر نیە؟(وائەزانێ لە تاران ئەژیم)... ئەزانن ئاغە! لە تاران مرۆڤ ئەگەر زیرک بێ ئەتوانێ لە ساڵێکدا ئەوەندە پووڵ و پارە کۆ بکاتەوە ببێ بە جووٍ؟!... جارێکیان چووم بۆ«کاتێر پیلار» لە سەر ئوتوبانی «کەرەج»، چووم بو ئەوێ سەبارەت بە فرۆشتنی«گرێدێر»ەکم قسە بکەم . گرێدێرەکەم لە دۆڵێکی«سەیران بەن» هاوردوە بۆ ئەم دیو. ئەو کات تازە ڕاپەڕینی کوردستان دەستی پێ‌کردبوو، شەش برادەر بووین پێکەوە بە شەریکی گرێدێرەکەمان بە کۆمپانیای کاتێر پیلار فرۆشت...ئەیچی...فرۆشتمان بە...

کەوتمە بیری تاران، ماڵم لە گۆڕەپانی«پاستۆڕ» بوو، باوکم خانوویێکی خنجیلانەی بۆ کڕیبووم. تەنیا یەک ژوور بوو لە گەڵ هۆڵێکی چکۆلەو ئاشخانەیەک و حەمام و توالێت.

حەوشەی نەبوو، بە ڵام بانیجەیەکی لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا هەبوو، هەر ئەوەندە. هەڤاڵەکانم زۆریان پێ سەیر بوو من کە لە

شارێکی ترەوە هاتووم و غەریبم چۆن بە تەنیایی ئەژیم. هەر لە منیان ئەپرسی، لە تەنیایی ناترسی؟ شەوانە بە تەنیا ئەخەوی؟ کەس نیە بەلاتەوە بخەویٚ؟!! منیش هەر ئەوەندەم پیٚ سەیر بوو ئەمانە ئەم پرسیارانە بۆ ئەکەن؟ من ئەبیٚ لە تەنیایی و لە شەو بۆ بترسم؟ لە تەنیایی شەوانە خۆشتر چی هەیە؟... ئەوەندە کتێبم ئە خوێندەوە هەتا ژانە سەرم ئەگرت . تا درەنگانێکی شەو، جار وابوو تا دەمەو بەیان من پەرتوکم ئەخوێندەوە، لە بواری فەلسەفەدا ئەسوڕامەوە، هاندەریشم ماموستاییێکی خۆم بوو، کاتیٚ زانی کە کوردم زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەویش هەرکورد بوو، خەڵکی«سنە» بوو. تووکی پێش سەری هەڵوەریبوو، سمێڵێکی پان و پیاوانەی هەبوو، ڕیشی ئەتاشی.ناوی «ئاغای شاڕۆخ »بوو. زۆرم خۆش ئەویست. جارێکیان پێم ووت کە من وەک برا؛ وەک باوک،خوشم ئەویٚ. دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: کورە زۆر پیرم مەکە تازە بیست و حەوتساڵمە... من هەندیٚ تەریق بوومەوە بە ڵام دەستێکی بە شانمدا دا ووتی:منیش فرە تۆم خوش گەرەکە وەیتە برای خوەم...

چاوم بە ئاوی چەمەکە کەوت...ئاوێکی جوان و خۆش... ئەو بەر ئاوەکە چەن گوندی لێوە دیار بوو... نازانم بۆ هەناسەیێکم بۆ هات و خۆی هەڵکێشا بەرەو سەرەوە... مامۆستا شارۆخ... خۆزگەم بەو کاتە... پەرتووکی باشی هەبوو، ماڵی لە گۆڕەپانی بەهارستان گرتبوو. جگەرەی زۆر ئەکێشا، جگەرەیێکی ئێرانی بوو بە ناوی«ئەشنۆ» لە

شۆفیرەکەم پرسی: کاکە جگەرەی «ئەشنۆ» هێشتا هەر ماوە ؟! ئاوڕی لێدام ووتی: قوربان پێم وابێ ئێوە قسەی دەوری «شا» ئەکەن! زۆر لە مێژە ئەو جگەرە نەماوە...

جگەرەی ئەشنۆ، قوتوویێکی بچکۆلەی زەرد بوو، بە سەریەوە نووسرابوو«ئەشنۆ». بە دەوری وشەی«ئەشنۆ»دا هێلێکی سوور کێشرابوو...ئاغەی «شارۆخ» پیاوی چاک بوو. کتێبی پێ ئەدام بیخوێنمەوە، حەزم بە ڕومان ئەکرد. زۆر جارانیش لەو کتێبانەی ئەوم بە زۆر ئەخوێندەوە ، مێشکم هەڵی نەئەگرت، بەڵام هەر ئەمخوێندنەوە...مامۆستا«شارۆخ» زۆر حەزی ئەکرد من پەرتووک بخوێنمەوە . زۆر کات پرسیارم لێ ئەکرد کێ هێڵی لە نێوان دوو چەمکی جیاوازدا بەدی هێناوە ؟ کێ کات و مەودای ئەو هێڵە دەستنیشان کراوەی لە نێوان دوو چەمکی جیاواز دا دیاری کردوە؟ مامۆستا شارۆخ هەر ئەوەندەی ئەووت: هەموو ئەم شتانە بڕیاری مرۆڤە...مرۆڤ لە هەموو شت سەرترە منیش ئەمووت: ئاغەی شارۆخ باشە بۆچی ئەبێ بۆ ئەو بڕیارانەی کە مرۆڤ داویەتی دوژمنایەتی ساز بکرێ؟ کەی وامان لێ دێ کە یەک بڕیار بدەین..؟! مامۆستا شارۆخ پێکەنی ووتی: برام! بڕیار دراوە، ئەبێ هەوڵ بدرێ مرۆڤەکان بچنە قۆناغی یەک گرتوویی بڕیاری سەرەکی و یەک چەمکییەوە... بەڵام تێ ئەگەم بۆچی ئەم پرسیارانە ئەکەیت و بۆچی وەڵامەکانیشم بەلاتەوە

نادیارە... خەتای تۆنیە ڕاهاتنی تۆ، چەشنی پەروەردەیی تۆ، مێشکی تۆی بەو جۆرە ڕاهێناوە، بۆیە ئەڵێم ئەبێ پەرتوک بخوێنیتەوە...
تەریق بوومەوە، زۆر باشترە بڵێم مامۆستا شارۆخ لە گۆی بردم. هەزار پاساوم دۆزیەوە بۆ ئەو قسەی ئاغەی شارۆخ سەبارەت بە چەشنی ڕاهاتن و پەروەردەیی و هەر وەها تێنەگەیشتنی من و جۆری پرسیار کردنەکانی من... هەندێ دڵم لە مامۆستا شارۆخ گەردی گرت. مامۆستا شارۆخ هەستی ئەکرد ئەبێ هەمو جیهان بە یک جۆر بیر بکەنەوە هەر وەک ئارتەشێک یان وەک هەتیوخانەیێک یان بەندی خانەیێک کە جلی هەموان لەناو ئەو ڕێخراوانەدا یک ڕەنگو یەک نەخشن. بەڵام بیرکردنەوە لە ژیان، وەک جل لەبەر کردن ساکار نیە، بیر کردنەوە لە ژیان لە پروسەی ژیاندا سیکلێکی چەند سالە بەقەد تەمەنی هەر مروڤێکە. هەر کەس خۆی و ژینگە و ژین و پەروەردەیی و کەلتوری بنەماڵەیی و کۆمەڵگە و وڵاتی خۆی. کەسێکی وەک من، کوڕی کابرایێکی مام ناوەندی نیمچە گوندی ـ نیمچەشاری کورد بۆ ئەبێ وەک گولاکێکی روس یان ویتکۆنگێکی سور یان ماسی گرێکی ئەرژەنتینی پێناسە بکرێم؟ بۆچی ئەبێ لە دیاردە کۆمەڵگاییە بیانیەکان دا بە دوای خۆمدا بگەڕێم؟ دایکی من کەنگێ شەمەندەفەری بینیوە تا وەک دایکی «پاوێڵ» لە شەمەندەفەردا خەریکی پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی بێت. ئیتر دەستم لە کتێبی«دایکم» نووسراوەی «گورکی» نەدا.

مانگی ژووەنی١٩٧٨بوو، وانەکانم ئەخوێند بۆ ئەوەی کاتی دیپلۆم گرتنم هاتبوو، بە دژواری خەریکی دەور کردنەوە بووم. نیوە ڕۆیێکی گەرم بوو،پەنجەرەم کردبووە، هاڕەی ئۆتۆمبێلەکان دنیای گرتبوو. زرەی زەنگی تەلەفوون هات. باوکم بوو. ووتی لە تارانم لە هۆتێلی«پەردیس»... چووم بۆ لای. هەندێ منی دواند. گەڵاییێکی سەوزی هەزارتمەنی پێدام. ووتی من سبەینێ ئەڕۆم بۆ شیراز ئەگەر هاتمەوە سەردانیماڵەکەت ئەکەم. بەڵام نەهاتەوە ... ووتی: ئەمەوێ بڕۆی بۆ هەندەران دەرس بخوێنی... بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ویستم وشەی«نا» بەکار بێنم. ووتم نا!... شەپڵاخەیەکی لێدام. ووتی: شوێنی کڵاوی لار نەکەوی! ئەبێ بڕۆی، ئێران شێواوە،لە تاران پەندێکت بە سەردێ، ووتم: دێمەوە بۆ ئەوێ!... هەڵی دایە: ئەڵێی ماڵی باوکیەتی! ئەوێ!!؟

باوکم ڕۆیی، بەڵام من نەڕۆییشتم. هەر لە تاران بووم، شا ڕای کرد و دەوڵەت گۆڕدرا، مامۆستا شاڕۆخ بۆ ماڵئاوایی هات بۆ لام ووتی ئەڕۆمەوە بۆ کورسان[٤]، ئەشێ لێنا بم... کارم هەس. هۆش خۆتەو بێ...، ووتم: پەرتووکەکان؟! ووتی: قەی ناکا با لەلای تۆبێ، هی خۆتن...

ئیتر نەمبینیەوە هەتا ئێستا، گەرچی ئەزانم قەت نایبینمەوە، لەبەر ئەوەی بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، ڕێگای کوردستان گیرابوو، وەک باوکم ئەیووت: کەست لەوێ نەماوە، هەم کەسم لە بۆکان

نەمابوو، ڕێگاشم لێ گیرابوو، تەنانەت بیر و خەیاڵی ڕۆیشتنەوەم لە ڕاستیدا ببوبە ئاواتێکی دوور لە ڕاستی یان هەبوونی یەک خەیاڵ و ئارەزوو ... سەرم بە زانکۆوە قاڵ ببو، لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی «پۆلیتەکنیک» وەرگیرا بووم. لە ساڵی سێهەمی خوێندکاریم لە زانکۆدا، زانکۆکان هەڵوەشانەوە، لەبەر«ڕاپەڕینی کەلتووری» بوو. کاتێ بە تەلەفوون بە باوکم ووت«ئەبێ بڕۆم» وەک تەیر خۆی گەیاندە تاران، هەر لە ڕێوە دەستی کردە ملم، تێر ماچی کردم. وەک ڕادیۆی شکاو هەر قسەی ئەکرد. قەت ئەوەندەم مێهرەبان نەبینیبوو، ووتی: هەتا بتوانم یاریدەت ئەدەم و ئەشتوانم هەتا هەتایە یاریدەت بدەم. مەترسە، بڕۆ. کارێکی پیاوانە ئەکەیت. بڕۆ با دوا نەکەوی! ووتم: چۆن هاتی؟ خۆ ڕێگای ئەوێ گیراوە! ووتی:«نا من لە تەورێزەوە هاتم، ڕێگای کوردستان بۆ دەرەوە گیراوە. من لە ڕێگای ئاسایی تارانەوە هاتم! با لە سەر ئەو قسانە نەڕۆین، قسەی خۆت بکەین چاکترە. باڵوێزخانەی ئەمریکا گیراوە، ، تەنیا فەرانسا... فەرانسا پەیوەندی ئاسایی لە گەڵ ئێراندا هەیە ئەتوانین هەوڵ بدەین فیزەی ئەوێ بە تۆ بدەن...کاتێ لە فڕۆکەخانەی پاریس فڕۆکە نیشتەوە هەستم کرد مێژوو گۆڕاوە!

ئێستا هاتوومەتەوە بۆ ئێرە، پاش بیست وشەش،حەوت ساڵ هاتوومەتەوە بۆ ئێرە، لەم دنیادا کەسم نیە. جگە لە دایکم کە لە سایێن قەڵایە و قەتم نەبینیوە ئەوە بۆ چل و دووساڵ ئەبێ! شۆفیرەکە

ووتی:«قوربان! گەییشتین!»، بووکە بەردینە... شوێنێکی ئاسایی‌یە...
ڕاستایی‌یێکە پڕە لە خۆڵ و کوچک و کەور، ڕیزە بەردێک لە پاڵ
یەکدان، ئەڵێی بەدەس تاشراوان، بەو ڕیزە بەردە ئەڵێن بووکە
بەردینە...پێم جوانن... بە شوفێرەکە ئەڵێم: با بڕۆین! شوفێرەکە بە
هەندێ مەراقەوە سواری ماشینەکە بوو. منیش سوار بووم. هەر لە
ڕێوە ووتم:«ڕێگە هەیە بچین بۆ بۆکان؟!» ووتی: بەڵێ، بەڵام ئەبێ
هەتا ڕێگەی قیرتاوی لە چەن گوند ئەبێ دەرباز بین، ووتم:
بڕۆین...(دەمێ ساڵە گوندی لای خۆمانم نەبینیوە)...
ئەو زەوی و ڕیزە بەردە وزەی پێداوم، نازانم چۆن بڵێم، هەستێک
وەک بووژاندنەوە لە ناخمدا هەڵئەقوڵێ. ناوی بۆکان تەزویەک ئەخاتە
لەشمەوە. بۆکانی زێدم. باپیرە، داپیرە، دایەنەکەم، قەبران. ئای دەرۆازە
قەبران[5]،چەندە خوش بوو... نەمائەوێرا بچین بۆ قەبران، دایەنەکەم
ئەیووت نەڕۆی بۆ قەبران پڕە لە قەرەچی، ئەتبەن، ئەتدزن، سەرت
ئەبڕن! وائەکەن... جارێک چووم بۆ قەبران قەرەچیم نەبینی، ڕێک
هاتمەوە ووتم: ئەی بۆ قەرەچی لێ نەبوو؟ من قەبرانم بینی بۆچی
قەرەچیم نەبینی؟ داپیرە ووتی: قڕ تێکەوتوو، ئەوێ بۆ چووی؟ نازانی
هەتیو مەتیو لەوێن خەریکی قاپێن و قومارن ئەتبەن پەندێکت پێ
ئەدەن! ووتم: من لە کەس ناترسم، هەر کەس بە لامدا بڕوا بزانم
ئەیەوێ سەر بخاتە سەرم، چاوی هەڵئە کۆڵم! باپیرەم دەستی بە
پێکەنین کرد ووتی: لە دەورت گەڕێم کوڕی خۆم! هەمیشە بە ترسەوە

ئەچووم بۆ قەبران، حەزم لە بۆڵە و پرتەی دایە زلێخا و داپیرە نەبوو. باپیرەم زۆر سەرگری و بەرگری لێ نە ئەکردم . باوکیشم هەر خەریکی کەیف و ئاهەنگی خوی بوو. ماڵمان لە پشت «حەوزە گەورە» بوو. نەورۆزان بە هۆی پشووی خوێندەوارانەوە، کوڕان گەڕەکیان ئەکرد بە بازاڕی خۆیان، هە ڵماتێن و هەلووکێن وشەڕە شەق و هەڵات هەڵات، ئەمە کاری منداڵانی گەڕەک بوو. نیمچە جەحێڵان خۆیان دەق ئەدا، کەواو پاتۆڵی کوردییان ئەدووری و پێڵاوی تازەیان لە پێ ئەکرد و ئەچوون بۆ جەحێڵی، ئەوەندە حەزم ئەکرد گەورە بم و بچم بۆ جەحێڵی، بە داخەوە کاتی جەحێڵیم کەهات ژیانی ئاساییم لێ تێکدرا...

شۆفێرەکە ووتی: قوربان بە ئێرە ئەڵێن: دەرزی وەلی! داچڵەکابووم، سەرم لێ شێوابوو، ووتم:«کوێ؟» ووتی: ئەها بە سەر ئەو یاڵەوە، ئەو گوندە ئەڵێم ناوی دەرزی وەلییە، ئەوەندەمان نەماوە تا نیوکاتژمێری تر ئەگەینە بۆکان... ووتم: من هەتا بۆکان شانێک دائەدەم، وەنەوزێک ئەدەم، هەندێ سەرم ئێشێ...»

شەو لە میوانخانەیەکدا هەڵم کرد هەتا سبەی. شەو تا بەیان خەوم لێ نەکەوتبوو، هەر پێچم لە خۆم ئەدا، نامۆیی سەری لێدابووم. بیرم لە ئەوە ئەکردەوە بۆ هاتمەوە؟ بۆچی خۆم مەجبوور بە هاتنەوە کرد؟ ئەوەی ڕاستی بێ ڕقم لە خۆم هە ستاوە، دوای بیست و حەوت ساڵ

هاتمەوە چیم دەس کەویٚ؟ زەوی و ملک و ماڵ؟! بۆچیمە؟! پەشیمان بووم ، پەشیمانیەکی سەیر سەری لیٚدابووم...

هاتمـە دەرەوە، خـۆم کـرد بـە کـەبابخانـەیـەکـدا، دووشـیش جـەرگ و گورچیلەیان بۆ هیٚنام. خواردم و هەستام بەڕیٚ کەوتم، ئـەمـەویٚ بچمـە ئیدارەی«داد».

پرسیار پرسیار گەییشتمە ئیدارەی «داد». بۆکـان زۆر گـەورە بـوەتـەوە. سیمای شار زۆر گۆڕدراوە، جل و بەرگی خەڵکیش زۆر گـۆڕدراوە لـە دوورەوە «ناڵـەشـکیٚنە»[٦] دیـارە... ئـەچمـە ژوورەوە، درگاوانیٚـک پیٚـشم ئـەگـریٚ ئـەڵـیٚ: ئاغاگیـان بۆکـویٚ ئـەچـن؟ ئـەڵـیٚم:دادگـای ژمـارە٢. ئـەڵـیٚ:هـۆ... ئـەوە تـا لـەلای ڕاسـتەوە بـە سـەر دەرکـی ژوورەکـەدا تابلۆیـەک داکـوتراوە نوسـیویانە دادگـای ژمـارە٢. ئـەڵـیٚم: زۆر چاکـە، سپاسـت ئـەکـەم!، بـە داڵـانەکـەدا ئـەڕۆم و لـە دەرکـی ژوورەکـە ئـەدەم کـەسیٚ ئـەڵـیٚ: فـەرمـوو. ئـەچمـە ژوورەوە، زەلامیٚکـی پـەنجـا ساڵـانە دانیشتوە، چاویلکـەیـەکـی قـورس و قـایمی لـەچـاودایـە، سـەرکـڵاویٚکی بۆری لە سەر دایە. ئەڵیٚ: فـەرمـوون قوربـان... دەسـت ئـەکـەم بـە نـاو جانتاکـەمدا و هاوکـات ئـەڵـیٚم: جـەنـابی دادیـار! سـەبـارەت بـەم نامـە هاتوومەتە ئیٚرە، نامەکەی ئەدەمە دەس،ئەیخویٚنیٚتەوە، زۆر بە ڕەسمـی و حورمەتەوە ئەڵیٚ: بەخیٚر هاتنەوە بۆ وڵاتەکەتان،...بەڵـیٚ تـیٚ گـەییـشتم، هیوادارم بتوانم لەم بارەدا یارمەتی حەق بە دەستی ئـەم دۆسـیایە بـدەم. بەڵام بەڕیٚزم ماوەی دادپرسی‌تان هیٚشتا نەهـاتوە، هـەشـت ڕۆژی مـاوە.

ئەڵێم:«بەڵێ بەڵام هاتوومەتە خزمەتی جەنابتان بۆ ئەوەی ئاگەدارتان کەمەوە کە خۆم هاتووم و پێویستم بە پارێزەر نیە» .
... هێشتا دادیار بانگی نەکردووم، لە سەر سەندەڵیەک دانیشتووم. دانیشتنی فەرمی دادگاە بە پێی نامەی سکرێتێری دادگاە کە بۆ منی نووسیوە دە خولی ماوە.
زەلامێکی بە تەمەن نزیک سی وپێنج ساڵانە دێتە لامەوە، بە ئەدەب و حورمەتەوە ڕائەوەستێ مەرحەبایی من ئەکا. دەست ئەهێنێتە پێشەوە بۆ دەس لێدانەوە. دەستی لەگەڵ ئەدەمەوە، ئەڵێ«بەڕێز! من ناوم مەلا خالیدە، مەلای گوندی«ت.م»م. سەبارەت بە کردنەوەی دۆسیای مڵکی«بووکە بەردینە» هەوڵی سەرەکیم داوە. خودا ئەزانێ نەمویستوە ببمە هۆی ئازار و ناکۆکی ژیانی ئێوە من تەنیا مەبەستم...» .
قسەکەی ئەبڕم و ئەڵێم:«ببورە، پێویست بە هیچ قسەیەک نیە، هیوادارم دادگە هەمووشت بە من بڵێ، من هیچ شت نازانم، هیوادارم دۆسیای دادگە ڕووناکی بخاتە سەر ئەو قوژبنە تاریکانەی کێشەکەوە، گەرچی پێشتر ڕامگەیاندبوو، پێویستم بە پارێزەر نیە، ئێستا پارێزەرم هەیە و پارێزەرەکەم دوسیاکەی تا ڕادەیەک بۆ شی کردوومەتەوە، سپاسم بۆ جەنابت هەیە، تکایە تا دوا ڕادەی ئەم دادوەرییە لەگەڵمدا ببە!». مەلا خالید ووتی: قوربان من پێش ئەوەی بەڕێزتان بگەڕنەوە بۆ ئێرە، بەڵێنی ئاشکرا کردنی تاریکیەکانی ژیانی یەک ئینسانم داوە، تکایە وەک برای خۆتان بڕواننە من». لەم قسانەدا بووین، پیرێژنێک و

دووکوڕی جەحێڵ هاتنە هۆڵی ئیدارەی دادەوە. پیرێژنێکی قەڵەو بوو. سەرپۆشێکی سپی بەسەریەوە بوو، لەرە لەر دێتە پێشەوە، چاوی ڕشتوە، سپیاوی لە دەم و چاوی داوە. شێست ساڵان دیارە، لە پێی ئەوەی تەمەنی هەیە جوان ماوە. زێڕ و زەویلاتی بە خۆیدا کردوە، دیارە ژنێکی ئەعیان و دەوڵەمەندە. هەندێ دەمار و تەکەبوری پێوە دیارە، مەلا خالید ڕا ئەوەستێ هەتا ئەو خانمە دێتە پێشەوە، سڵاو ئەکا، بە من ئەڵێ:«ماتەوان خانم، ئەو خانمە کە ئێوەی وەک کوڕی خۆی ناساندوە». لە بەری هەڵئەستم. پێشەوە ئەچم و مەرحەبایی ئەکەم. دەستێک ئەهێنێ بە سەرمدا و بەخێرهاتم ئەکا.

کاتێ دوسیاکەم درا بە پارێزەرەکەم و ئەویش لە ناوە ڕۆکی دۆسیاکە ئاگاداری کردمەوە و لە ئاڵۆزی و زۆرزانی ئەم مرۆڤانە سەرم سووڕ ما، تەنیا دەستم بە پێکەنین کرد. ووتم: بڵێم چی؟ تاوانی من ئەبێ لەم ناوەدا چی بێ ؟ بەوە پێئەکەنم ئەم سێناریۆ تەنیا بۆ ئەوە بوە کە ڕاستی ژیانی خۆیان بشارنەوە، دەمامکی چرۆچاوی ئەو مرۆڤانەی بنەماڵەکەی من سەری لە کەسایەتی سەرەکی خۆیان شێواندوە. وایان زانیوە بە جۆرێ لە جۆرەکان منی پێ ئەخەڵەتێندرێ و لە پێناوی ئەم خڵەتاندنە، سپاسگوزاری و مەمنوونی منی پێ وەرئەگیردرێ. تەنانەت ئەگەر ویستبێتیان بەم پاساوەش خۆیان ڕازی بکەن، کڵاویان لە سەر خۆیان ناوە، ڕاستیەکان هەر ئاشکرا ئەبن. ئەوەی ئەوان بە چەندەها ساڵ دایانپۆشی بوو بە ساکارترین شتی ئەم جیهانە ئاشکرا بوو، بە

هەڵـکەوت، تۆ بـۆ «هـەڵـکەوت» هـەر پاسـاوێک یـەک ئـەخـەی سـەر بەستی، بەڵام بۆ لایـەنی حـەقـداری کێـشەکـە ئـەوەیـە لـە ئاشـکرابوونی ڕاستیەک، لایەنی درۆزن بە درۆدا ئەخرێتەوە ، دەمامکـەکـان لا ئـەچـن و کەسی حەقداری کێشەکە لانی کەم دڵی ئەحەوێتـەوە، بـەڵـام مـن بۆ خۆم زۆر حـەزم نـەئـەکـرد خـۆم تووشـی ئـەو بـیر و فکـرە ئـازاردەرانـە بکـەم، بـۆ خـۆم وام دانـابوو کـە هـەڵـکەوتی چـارە نـووس ژیـانی مـنی وانەخشاندوە، کە باوک و دایکم لە تەمەنی دووساڵـانی مـندا لـە یـەک جـودا بوونـەتـەوە، هـەر ئـەوەنـدە. ئێـستاش کـە ئـەو شـتانە بـە درۆدا کـەوتوونـەتـەوە دیـسانەوە ئـەڵـێم مـن بۆخـۆم لـەم قۆناغـەدا هـیچ دەس تێوەردانێکم نەبووە.»...

«ماتـەوان خـانم» دانیـشت، ئـەو دوو کـوڕە گـەنجـەش بـە دیاریـەوە ڕاوەستاون. پیرێژنەکـە بـە مـەلا خالیـدی ووت:«مـەلا خالیـد، ووتووتـە ئەبێ چـی بکـا؟» مـەلا خالیـد ووتی:«بـەڵـێ خـانم». زانیم باسـی چـی ئـەکـەن، ماتـەوان خـانم بـەو مـەرجـەی ڕازی ببـو کـە بـێ بـۆ دادگـە و شایەتی سەبارەت بەو ڕاستیەی بدا کە گوایە من کوڕی ئەونیم و ئەو بە پێشنیاری بنە ماڵەی من و لە پێنـاوی سـەت هێکتـار(دۆنم) زەوی مـنی لە پێناسەدا بە کوڕی خۆی لە قەڵەمداوە، کە من لە زەوی‌یەکانی بووکە بەردینە نیوەی بەش بـدەم . منیش مـەرجـەکـە ی ئـەوخانمـەم قـەبـووڵ کردبوو، لە کاغەزێکدا نووسیبووم دوای ئەوەی دادگاه بەڕەسمـی و بـە یاسایی زەوی‌یەکانی بووکە بەردینەی بـە نـاوی منـەوە کـرد مـن پـارەی

نیوەی ئەو زەوی‌یانە بە خەڵات پێشکەش بە ماتەوان خانم بکەم. کاغەزەکەم دابوو بە پارێزەرەکەم.
سکرێتێری دادگە بانگی کردین،من و مەلا خالید و ماتەوان خانم چووینە ژوورەوە.
«دادیار پرسیاری لە مەلا خالید کرد: دیسانەوە مەبەستی خۆت لەوەی کە کات و پارەی خۆت سەرف بکەی بۆ ئەوەی ڕاستی ژیانی بەرێز ف.م ئاشکرا بکەی بۆ دادگە رابگەیێنە!
مەلا خالید ووتی: تێکوشانی من سەرەتا بۆ ئەوە بوو کە ئەو قۆرئانەی کە لە تێکدانی مزگەوتی کۆنی گوندەکەماندا لە توورەکەیدا بینرا بوو، وەک ئامانەتی خاوەنی قورئانەکە بیبەمەوە بۆ خاوەنەکەی. دووسال پێش ئێستا مزگەوتی کۆنی گوندەکەمان تێکدا، مەبەستمان درووس کردنەوەی مزگەوتەکە بوو. ئەو قورئانەمان لە توورەکەیەکدا بینی‌یەوە. توورەکەکەیان لە تاقی یەکێ لە حوجرەکان حەشاردابوو، لە یەکێ لە لاپەڕەکانی ئەو قورئانەدا بە دەستنووس نووسراوەیەکمان بینی. نووسراوەکە باسی ئەوەی لە یەک دێردا ئەکرد کە«خاوەنی ئەو دەستنووسە هەموو زەوییەکانی بووکە بەردینەی بە خێزانەکەی خۆی کە ناوی(زلێخا کچی فەقێ عەلی)بوە بەخشیوە. مۆر و ناوی ئەو کەسەش لە پێش ئەو دێرە نووسراوەدا هەبوو کە من پێشکەشی دادگام کردوە، خۆتان ئاگادارن. بەلام گرینگ ئەوە بوو کە ئەم قورئانە لە گوندەکەی ئێمەدا چی ئەکا؟ چوونکە بووکە بەرینەکە ملکی یەکێ لە

کەسانی ئەو ناوچەیە و ئەو قورئانە ئەبێ لە مزگەوتی گوندێکی ئەو ناوچەدا ببێ یان ئەبێ وەک بەڵگەی بنەماڵە، بە دەس یەکێ لە کەسانی ئەو هەرێمەدا بێ، کاتێ مۆتالام کرد و لە چەن ڕدێن سپی گوندەکەمان پرسی، ووتیان چل پەنجا ساڵ پێش لە ئێستا مەلایێک لەو ناوچەوە هاتوە بۆ ئێرە و سێ چوارساڵ لە مزگەوتی گونددا ماوەتەوە، پاشان ڕۆیشتوە و کەس باسی نەبیستوەتەوە، هەر لەو حوجرەدا ژیاوە کە قورئانەکەی تێدا دۆزرابووەوە. بەڵام ئەو مەلایە بۆ هاتوە بۆ ئێرە و ئەو قورئانەی شاردوەتەوە، نازانم!. سەرەتا ووتم، ئەم خەڵکەی ئێمە ئەوەندە کێشەدار و سەر بە گێچەڵن هەر کۆتایی پێنادرێ، لێیان گەڕێم باشترە، ئەو قورئانەش با هەر لە مزگەوتەکەدا بێ، ئەگەر هاتن بەدوای‌دا با بیبەن ئەگەریش نەهاتن، با لە مزگەوتەکەدا بێ. بەڵام دواتر بڕیارم گۆڕدرا. مزگەوتەکە نیوە و نیوە چڵ ماوە، پارەمان لێ بڕا. چەن جار سەردانی دایرەی«ئەوقاف»م کرد گوێیان پێ نەدام. زۆر بێ هیوا وبێ ئومێد ببووم. خوم بە شەرمەزاری خەڵک ئەزانی. نوێژکەرانی گوند سەریان لێ شێوابوو، بە تایبەت بۆ نوێژی «جومعە». خۆم بە خەتابار ئەزانی، لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژەی نوێکاری‌یە ئیدە و پێشنیاری من بوو، ئێستاش کە بەم جۆرە گرفتار و بێ دەسەڵات ببوم خۆم بە تاوانبار ئەزانی، شەوێکیان بیرم کردەوە بچم تەنانەت کوڕ و کوڕەزای ئەو کەسە کە قورئانەکەی مۆر کردبوو ببینم و لە پێناوی قورئان داوای یارمەتی‌یان لێ‌کەم، بیستبوومەوە کە ئەو کەسە مردوە،

کوڕەکانی زیندوون و هەموویان کار بەدەستن . کوڕەکانی ئەو ئاغایەم بینی.زۆریان پێ ناخۆش بوو من پرسیاری«زلێخا» ئەکەم. کەس ڕاستی‌یەکەی پێ نەئەووتم، هەر ئەیانووت کەسی وا ژنی باوکمان نەبووە، بەڵام زانیم کە زلێخا پاش مردنی مێردەکەی، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی‌دا کارەکەری ماڵی باپیرەی بەڕێز«ف.م» بوە کە ئێستا لێرە دانیشتوە و زلێخا دایەنی«ف.م» بوە بۆشانزدە ساڵ. لە بنەماڵەی بەڕێز «ف.م» کەسیان نەمابوو، بەڵام دوای پرسیارێکی زۆر زانیم کە ماتەوان خانم دایکی ف.م یە و پێشتر بووکی ئەو بنە ماڵە بووە کە زلێخا زیاتر لە شانزدە ساڵ کارەکەریان بوە. کاتێ لە سایین قەڵا ماتەوان خانمم بینی ڕاستی ماجەراکەم بۆ گێڕاوە ووتم بە بۆنەی داواکردنی هەندێ یارمەتی ماڵی بۆ درووس کردنەوەی مزگەوتی گوندەکەمان شوێنی ئەم کارەم گرتوە، ڕاستیەکی سەیرتری بەلامەوە درکاند کە پێم خۆشە لە زمانی خۆیەوە بیبیسن...

دادیار ڕووی کردە ماتەوان خانم ووتی:«دەی فەرموون گوێمان لێتانە«.

ماتەوان خانم بە دەمارێکەوە لە سەر سەندەڵی‌یەکە ئەم بارە وبار بوو، ووتی:«من تەنیا چوار ساڵ بووکی ئەو بنەماڵە بووم، منداڵم نەئەبوو. ماڵی خەزوورەم بیانوویان پێ ئەگرتم. ئەیانویست تەڵاق بدرێم و بڕۆمەوە بۆماڵی باوکم. ماڵی باوکم پێیان شەرم بوو کچەکەیان تەڵاق بدرێ. ئەوەندەم ئازار بینیبوو، چەن جار ویستم خۆم دەرمانخوارد

بکەم، بەڵام زانیم کە خەزوورەم زگی زلێخای پڕکردوە. مێردەکەم و خەسووم بەم شتەیان زانیبوو. هیچیان لە دەس نەئەهات، خەزوورەم ویستی زلێخا مارە بکا. خەسووم نەیهێشت. ووتی ئابڕووت ئەبەم. خەزوورەم لە ئابڕووی خوی زۆر ئەترسا.ووتی هەرچی ئێوە بلێن وائەکەم. لە ئاکامدا باوکم بەم ماجەرایەی زانیبوو، زەختی خستە سەر من کە ئەبێ منداڵەکە بکەم بە منداڵی خوم و لەو بنەماڵەدا بمێنمەوە. ئەو کارەم کرد. زلێخا هەتا دووساڵ شیری بەو منداڵە دا. هەموو کەس وایئەزانی منداڵی خومە. باوکم مرد. براکانم ئەمجار ووتیان وەرەوە، ئەوان بە چیرۆکی ژیانی زلێخایان زانیبوو، بیستوویانەوە گوایە مێردەکەی زلێخا زەوی و زارێکی زۆری بە زلێخا بەخشیوە، بەڵام کەس تاپۆی ئەو زەمینانەی نەبینیوەتەوە.لەم کەین و بەینەش دا فەقێ عەلی باوکی زلێخا لە گوندێکیتر مرد. خەریکی سێ و دووی دڵم بووم کە بڕومەوە بۆ ماڵی باوکم یان بمێنمەوە و ئەم ژیانە سەگ مەرگیە درێژە پێ بدەم. ئێستا کەس ترسی لە هیچ نەمابوو. خەزوورەم، خەسووم، مێردەکەم، تەنانەت زلێخاش. شیری بە منداڵەکەی خۆی ئەدا، ئەیزانی کە منداڵەکەی وەک هەتیو وەک بێ بەش بەخێو ناکرێ. منیش بە ئاواتی منداڵێکەوە کە خۆم لە ناو زگی خۆمدا بەخێوم کردبێ ئەتلامەوە. هەتا شای ئێران لە ساڵی **١٩٦٣**دا یاسای دابە ش کردنی زەوی زەمینداارانی دا. خەزوورەم زەوییێکی زۆری کرد بە ناوی زلێخاوە، منیش دەرفەتم قۆزتەوە،ووتم کە ئەبێ سەت هێکتار بکەن بە

ناومەوە، ئەگینا لە دادگا ئەڵێم کە ئەو منداڵە هی من نیە و هی خەزوورەکەمە. ئەمجار مێردەکەم کەوتە خوار و ژوورمەوە چونکە ئەیزانی ئەگەر دادگە بە هەر چەشنێ ئەو منداڵە بباتەوە ژێر ڕکێفی باوکی خۆی، ئەو منداڵە وەک برا،وەک شەریکە بەش لە قەڵەم ئەدرێ و ئەمەش بە زەرەریەتی. ئەوە بوو کە بەڵێنیاندا ئەو بڕە زەویە بکرێ بە ناوی منەوە، ئەو کارەشیان کرد. خەزوورەم پاش ئەم ڕووداوە، ویستی کوڕەکەی بە یاسا بکا بە ناوی خۆیەوە، لە من زۆر ئەترسا. من ئێستا وەک لووی شێر پەنجەم لێ هاتبوو، تەنانەت خەسوویشم هاتبوە سەر ئەو بڕیارە کە«ف.م» بکەنەوە بە کوڕی خۆیان.بەڵام مێردەکەم هەڕەشەی کوشتنی لێکردم. ئەوماڵە پڕ بوو لە فێڵ و ترس و پیلان.دانەنیشتم، هەڵهاتم، چووم بۆ سایین قەڵا. ئەوەندە نەچوومەوە تاکوو مێردەکەم تەڵاقی دام. بەڵام من بە یاسا دایکی«ف.م» بوم کە کوڕی خەزوورەم و برای مێردەکەم بوو.

هەموویان مردن، خەزوورەم، کۆنە مێردەکەم و خەسووم و زلێخا. خەزوورەم هەمووی ئەو زەمینانەی کە لە کاتی«تەقسیم ئەرازی»[7] بە زلێخای دابوو لێی وەرگرتەوە، مێردەکەم ترسانبووی پێی ووتبوو خۆت و منداڵەکەت ئەکوژم. چیرۆکی ملکی بووکە بەردینەش کەم کەم لە بیر چووەوە. مێردەکەم پێشتر«ف.م»ی ناردبوو بۆ هەندەران. تەنیا لەبەر یەک شت، ئەویش ترسی لە من بوو، نەکا من دەستم بە ف.م بگات و ڕاستیەکانی بۆ بگێڕمەوە. لەبەرئەوە بە هۆی قسەکانی منەوە

کە شایەتی هەموو شت بووم ف.م ئەبوو بە برابەشی مێردەکەی من، مێردەکەی من زۆر حەزی لە زەوی و پارە و عەیش و عەشرەت بوو. هەمووی خوارد، هەمووی بە قومار دۆڕاند. کاتێ لە ڕێگای تەورێزدا خوی و ژن و منداڵەکانی چوونە ژێر کامیۆنێکەوە، تەنیا سی و پێنج هەزار تمەن پارەی ئێرانی لە بانکدا هەبوو، ئەویش کرا بە خەرجی گۆڕ و کفنی خۆی و بنەماڵەکەی. کاتێ مەلا خالید هات بۆ لام و بۆی گێڕامەوە کە دەسنووسی مێردەکەی زلێخا دۆزراوەتەوە پێم ووت کە زلێخا کوڕێکی هەیە و ئەوەش ڕاستی‌یەکانی ژیانیانە... دادیار ڕووی کردە من ووتی: جەنابی ف.م چی ئەڵێن بفەرموو!

- نازانم چی بڵێم، نازانم خۆم لە چ ئاست و قۆناغێکدا ببینمەوە لەم کاتەدا. بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە من هیچ گوناه و تاوانێکم لەم ڕووداوانەدا نەبووە. من لە زۆر شتی ئاسایی و غەریزی وەک بینینی هەستی باوک و دایک و برا بێبەش بووم، گەرچی خاوەنی گشت ئەم کەسانەش بوم، بەڵام ئەوەندە فێر بووم کە نابێ هەبوونی شتەکان و ئاکامەکان و ڕاستیەکان و ڕووداوەکان بە درۆدا بخەمەوە، هەرکات کاری وابکەم هەڵکەوت، شانس، کەسانی تر یان هەر شتێکی تر ئەبن بە هۆکاری تێکدانی ڕەوتی درووسکراو. نازانم! بەڵکوو من مرۆڤێکی سەیربم لە ڕوانگەی کەسانی ترەوە، بەڵام ئیستا خاوەنی زەوییێکی زۆر و پڕ پیتم. گەرچی ڕەنجم پێوەی نەکێشاوە، بەڵام بە بڕیاری قانون، خاوەنی بووکە بەردینەم ومن هەوڵ ئەدەم ئەو پارچە

زەمینە لە دەس نەدەم و لە یەک بستی خۆش نەبم... هەر وەها ماتەوان خانم زۆر سپاست ئەکەم شایەتیتان دا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن من کوڕی ئێوە نیم.

ئەو زەوی‌یە بیانووی منە بۆ چەسپاندنی هەبوونم... من بەقەد ئەو بەشە کە بەڵێنم پێتان داوە لە مڵکی خۆم، پارەتان پێ‌ئەدەم! هەر چەندەبێ ئەوە بریاری نێوان خۆمانە و مافەکان و یاسا کانی ئەم وڵاتە وەک مەرجێ بۆمن رچاوی کردوە... کەسێ کە جێ متمانەیە دەس نیشان بکە با بەراوەردی پارەکەتان بۆ بکات ...

ماتەوان خانم هەندێ تێ‌فکری ... ووتی باشە ... منیش لەبەر کوڕەکانم ئەم مامەڵە ئەکەم ... بزەیەک گرتی ووتی دایک بۆ منداڵ بەخشندەیە ... منیش وەک دایکی تۆ بەخشندەم... تەنیا جیاوازی نێوان من و دایکت ڕەوشی ژیان‌مان بوو، دایکت لە تەنگانەدا تۆی بوو... قەت نەیتوانی ئاسودە بێ.

کاتێ لە دادگە هاتمە دەرەوە ، هەستم بە ژیانێکی گەورە کرد. دەستم بە گیرفانمدا کرد و تیکەتی لاتاریم دەرهێنا، سەیرێکی دەسنووسی کچەکەمم کرد. دەستم بە پێ‌کەنین کرد ووتم: شانس تەنیا جارێک بەرەوڕووی مرۆڤ دێ... زەوی هێزی ئەژنۆی مرۆڤە...

## پەراوێزەکان

*** ئەم چیرۆکەو کەسایەتییەکانی ڕاستەقینەنین، ناوی بووکە بەردینەش هێمایە.**

**١**ـ چەمی سەقز یان چەمی گەورە لە کۆندا زۆر خێراو بە خور بوە، پەڕینەوە لەم چەمە دژوار بو، دوو بوار هەبوە بۆ پەڕانەوە یەکیان«ڕەقەبوار» لە خوار قەڵای نارین و شوێنی دوهەم «پلەئاسانە» لەباکوری شارو بە رانبەر چیای مەڵامحەمەدە کۆسە و گوندی تاوەقڕان.

**٢**ـ ئەم ڕێگە بە کەناری چەپی چەمی سەقز دا تێپەڕ ئەبێ بەرەو بەنداوی نمەینە، گوندەکانی ئەم هەرێمە کە برێتی بون لە **١٤٠** گوند لە نێوان سەقزو بۆکان و سایین قەڵا و تیلەکۆ دان. لەم ڕێگەوە ئەتوانی بچیتە تیکانتەپەی موکری پایتەختی هۆزی فەیزوڵابەگی. فەیزوڵابەگ کوڕی ئەورەحمانبەگ بە ڕەچەڵەک ئەگاتەوە بە «بوداق سوڵتان» حاکمێکی سەردەمانی قەدیمی مەهاباد.

**٣**ـ بووکە بەردێ، ریزەبەردێکی ئاسەواری مێژویی کۆن بووە لە سەر ئەم ڕێگەیە و لەلای سەرووی گوندی کانی جەژنی ئێستا ئەو ئاسەوارە نەماوە. بە پێچەوانەی ئەوەی چیرۆکەکە ئەڵێ زەویەکانی بوکە بەردینە لە بنارو شیوێکی زور ناخۆش دایە.

**٤**ـ لە زاراوەی سنەییەکانی قەدیمتر لە ئێستا بە سنەیان ئەوت کورسان واتە کوردستان بە مانای ویلایەتی کوردستان.

**٥**ـ گۆڕستانێکی کۆنی شاری بۆکان زیاتر لە باخ و دارستان ئەچوو. مەزاری بنەماڵەی حەمەحسێن خان موکری حاکمی بۆکان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی.

**٦**ـ چیا بە ناوبانگەکەی بۆکان...

**٧**ـ لە بەرواری **٢٥**ی مانگی جانیوەری ساڵی **١٩٦٣**دا حەمەڕەزاشا پەهلەوی حوکمی بە لە ناو بردنی سیستەمی هەشت هەزار ساڵەی فیودالیتەدا. بە پێی ئەویاسا کە ناویان نابوو «ڕاپەڕینی سپی» ئەو زەویانەی کە دەرەبەگەکان و خانەکانی ئێران و کوردستان ئەوساڵە بە ڕەعیەتەکانیان دابوو ئەوانیش لە پاییزی هەمان ساڵدا گەنمیان تێدا وەشاندبوو درا بە ڕەعیەتەکان.

## نەژبیر !١

هاڵاوی بەدەنی کە چۆن ڕۆح لە جەستەی تەن هەڵئەستێ ،چۆن لە قیامەتدا مردوو لە گۆڕ ئەبێتەوە، هەبوونی نادیاری گەرمای دەمارە پڕ خوێنەکانی خستە بەر شاڵاوی دیاربوونێکی فیزیکی‌یەوە . من لەو گەرمادا خەیاڵی دوو بەدەنم لە گڕی خوێنی دەمارەکانمدا شاردەوە.

کە باس لەو هەستە شاراوە ئەکرێ هەموو ئەبن بە شێوەی بەرچاوی خودای شاراوە . ئەبن بە دادڕی پەردەی شەرم و نکۆڵی پەروەردگار...کە باس لە لابردنی دەمامکی حاشا ئەکرێ چیرۆکی شەرم و حەیا ئەهۆننەوە . بەڵام من گوێم لە کەس نیە . من دەمامکەکان لائەدەم، هەستەکانم وەک نکۆڵیەکانی پەروەردگار ئاشکرا ئەکەم. من باسی ئەو هەڵم و هاڵاوە ئەکەم کە لە تەن و بەدەنی ژنێکەوە هەڵئەستا و بۆنی گوڵباخی و کاج و قەزوانی لە هەوادا بڵاو ئەکردەوە.

بە هەڵەدا نەچن ،من ئەو هەڵم و هاڵاوەم لە جەستەی ڕووت و تەڕی ئەو ژنەوە نەبینی. من تەنیا ژنێکم بینی کە لە هزرمدا کەسایەتی بە کەسایەتی‌یە ژنەکانی ناوخەیاڵمدا . کەسایەتیەکی گەرم ، هەست پێ‌کراو، خۆشەویست و ژنانە، بەو هەمووە ئیماژانەوە کە وامئەزانی گشتیان تەواو کەری شوناس و مانای وشەی ژنن. ئەو «وامئەزانی«یە بڕێکی پانزدە، بیست ساڵە لە تەمەنی منە...من بە ژەکی ڕامانی«وامئەزانی» گۆش‌کرابووم ، بەڵام لە چەن چرکە پێش ئێستاوە

زانیم كه سەردەمی ئەو«وامئەزانی»یە هاتوەتە كۆتایی و ئەبێ بیدەم بە دەم باوە . با با بیبا و مەرگی ئەو ئەزمونە خەیاڵییە زڕ و قەڵبە مسۆگەربێ. من مەرگی ئەو ئەزمونە قەڵبە ناشارمەوە ، مسۆگەری ئەكەم ، با ڕووداوەكانی دنیا تێ بگەن من ئەوانم بە ڕواڵەتی ڕاستیەوە لە ڕامانمدا ئەزموون ئەكەم ، تەنانەت لە هزرمدا بە ڕاستەقینە ئەیاننەخشێنم. من ئەزمونی ئیماژی پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەكانی دەوروبەرم لە حەشارگەی هەستە نادیارەكانمدا ناشارمەوە. نامەوێن! بۆچیمن!؟ بۆچی هەستم پڕكەم لە درۆ؟! من درۆی درۆییم بۆچیە؟ من بە دوای درۆی ڕاستەقینەدا وێڵ و سەرگەردانم!!!.

ئەو ژنە ، هەڵمی لەش و لاری ئەو ژنە ، تێكەڵ بونی دوو بەژن لە هەستمدا، لە شانۆی بەر چاوی مندا هێناوەتە گۆڕێ وەك شەپۆلی بەدەنی دوو تارمایی كە بە سەمفۆنیای هەستی شەشەم كەوتوونەتە سەمای دەرویشانەوە . بەڵام كێ ئەڵێ ئەو بەدەنە ڕاستەقینە بەو هە ڵمەوە كە لە سێبەرێكەوە ئەهات، بە وشك و ڕووت یان تەڕ بینیومە؟ من كەی شتی وەهام ووتوە؟

من ئەڵێم جەستەی ژنێكم بینی كە ڕووت نەبوو، بەڵام هەڵم و هالاوی لێ هەڵئەستا و خەیاڵی تێكەڵاو بوونی دوو بەدەنی لە هزرمدا درووس كرد. من هەستم بە و هەڵم و تێكەڵاوییە كرد! نا!بینیم! شەڕی من لە سەر ئەوەیە، ئەمەوێ باسی ئەو هەستەی خۆم سەبارەت بە بینینی سێبەری شە پۆلی سەما گەری ئەو دوو تارماییە بكەم!  نا باشترە بڵێم

ئەو دوو ڕۆحە ڕاستەقینە کە لە پێشی چاومدا پێکەوە تێکەڵ بوون و گەرمای خستە دەمارەکانمەوە...

(بڕگەیەک لە نووسراوەکانی نیگار کێشێکی هەڵەبجەیی لە ڕۆژی هەژدەی ئاداری **١٩٨٧** دا. ئەم هونەرمەندە یازدە ڕۆژ باش بۆردمانی کیمیاوی هەڵەبجە لە ڕەوشێکی نالەباری جەستەیی و دەروونی‌دا خۆی کوشت).

**١**ـ نەژبیر: وشەیەکی کوردی کورمانجیە بە واتای قەت لەبیر ناچێتەوە ـ ناوێکی ژنانەیە.

# خاچۆرت

تــاهیر جــەودەت[١]، جــڵەوی ئــەســپەکــەی بــادا بــەرەولای ڕۆژهەڵات، ئەسپەکەی حیلاندی، هەڵم لە لووتی ئەسپەکەی هاتە دەرەوە. هەوا ساردبوو. هێشتا زەوی شین نەببو. گەرچی لە ناو قەدی مانگی نیساندا بوون. «چیاڕەش»، لە بەر سپیایی بەفر ڕەشایی پێوە دیــار نــەبــوو. بــەفــر هــاتبووە بنــارەکــان و خوارتریــشەوە، هــەتــا گوندی«خاچۆرت»[٢]. خۆر خەریک بوو لە پشت کێوی«چیاڕەش»ەوە سەری هەڵئەهێنا.

لە «دەروازە تەوریز»ەوە هەتا خاچۆرت بە غاردان کاتژمێرەک ڕێیە. چاوی بڕییە بناری چیاڕەش. گوندەکە بە ئاستەم ئەبینرا، لە دورەوە ڕەش ئەکاتەوە. هێشتا بەفر بە زەویەوە زۆری ماوە بتوێتەوە، لانیکەم پانزدە، بیست ڕۆژی ماوە، سەوزەڵانی شین بن و دارەکان چرۆ بدەن. هێشتا لووت و چەناکەی سڕن، تەزیون. دەمێکەیە نوێژیشی خوێندوە، بەڵام هێشتا بە هۆی ساردی ئاوی دەسنوێژەوە، هەر گەرمی نەبوەتەوە. لای بۆ ڕۆژاوا کردەوە، «گۆلاوی وان»[٣] ئەڵێی شیری ماچە گامێشی تێکراوە،تۆشــکێکی ســپی ســەری داپۆشــیوە لــەو پــەڕی دەریــاوە چیای«سیپانێ خەلات»[٤] لە ناو تەم و مژی بەیانیانەدا خەریکە دەر ئەکەوێ. منارە وگومەزی مزگەوتی«خەسرەو پاشا»[٥] و مزگەوتی «قایا چەڵەبی»[٦] لێوە دیاربوو. شاری«وان»[٧] هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو. بێدەنگ بوو. بێدەنگیەکی سەیر و پڕ لە سڕ ناوچەکەی داگرتبوو.

جارجار دەنگی پاسی سەگێکی بەرهەڵدا لە دوورەوە ئەهات. ڕووی کردە بەرانبەر،ڕێگەی«ئارتامێت»[8] وەک جێ برینی دەبان بە سەرجەرگی گا دا هاتبێ سافایی زەوی قەراغ دەریای بڕیبوو، بەرەو باشوور ئەڕۆیی، ئەچوو بۆ«بابی عالی»[9]، بۆ دارولخلافەی ئەستەمبوڵ. بو پایتەختی ئیسلام. بۆ دەرباری سەلاتینی قەدەر قودرەتی عوسمانی، بۆ مالیکە ریقابەتی سوڵتان عەبدولمەجید.
لە دەرەوە لوورەی گورگ هاتە گوێی. زۆر دوور نەبوو. گورگەکە ئەتووت بریندارکراوە، بە قین و ڕقەوە ئەیلوراند. لە پڕ دەنگی وەڕینی چەن سەگ کەشی بڕی زۆر سەیربوو، هەوا سارد بوو، بەڵام نە ئەوندەش سارد کە گورگ بەو جۆرە بە ڕاشکاوی دەرکەوێ و بلورێنێ. سەیرتر ئەوەبوو ئەو گورگە و ئەو سەگانە کە ئەوەڕان، ئەتووت پێکەوە پێشبڕکەیان داناوە. نا ! نا ! هەر ئەتووت سەمفۆنیایێکی ڕێک و پێک و ڕاهێنراوانە بەڕێوە ئەبەن. تاهیر جەودەت پاشا ڕقی هەستا... پاژنەی چەقاندە لاقەبرغەی ئەسپەکەی ، چاروای داماو ئەتووت ئەژدیهایە، هەستا سەر پێ ، دوو دەستی لە عەرز بڕی، بە دەنگی بەرز حیلاندی. پاشا لەغاوی بۆ شل کرد، ئەسپەکە دەستی هێناوە سەر زەوی، بەرەو دەروازەی شار ڕێ کەوتنەوە. کاتێ دەنگی سمی ئە سپەکەی بیست کە ئەدرا بە زەوی‌دا، کاتێ دەنگی هەناسکە هەناسکی چارواکەی بیست، دڵی گەرم داهات. لە بەر دەروازەدا ڕاوەستا، ڕوانیەوە ڕێگای ئەستەمبوڵ. ئەسپەکە

حیلاندی. پاسەوانەکان کردیان بە دەنگە دەنگ، دەنگی سەگ و گورگ هەر ئەهات، پێش لەوەی لە دەروازەوە دەربازی ناو شاربێ روانیەوە چیا رەش. سەیر بوو هێشتا تاریک و لێڵە بوو. ئەو گزنگانەی خۆر کە چەن خولەک پێش لە ئێستا خەریک بوون لە پشت کێوەکەوە دەر کەون نەک زۆر تر دەر نەهاتبوون، بەڵکوو پاشەکشەشیان کردبوو، گوندەکانی بناری چیارەش لە ناو بەفردا رەشیان ئەکردەوە، پە پوویەک هاتبووە سەر حەسارەکە ئەیخوێند. تاهیر جەودەت، ددانە کیرەیەکی کرد، بە دەنگی بەرز لە ناو دڵی خۆیەوە ووتی: وەڵڵا و بیللا ئەبێ قڕتان بکەم!، ئەسپەکە خۆی کرد بە ناو دەروازەکەدا. کاتێ لە ژێر تاقی دەروازەکەدا سەری هەڵێنا و سەیری تاقەکەی کرد، خشتەکان بە رێک وپێکی و هونەرەوە ریزکرابوون و تاقەکەیان پێک هێنابوو. بەرجەستەکاری لە سەر کرابوون، پڕ بوون لە وشەی عەرەبی و تورکی. لە هەمووی زەقتر نووسراوەیەک بوو بە زمانی تورکی، بە سەر کاشییێکی پیرۆزەییدا نووسراوە«تەوریز قاپیسی». تاهیر جەودەت پاشا سەری راوەشاند و هاتە ناو شارەوە. منارە و گومەزی مزگەوتەکان هەموو ناو شاریان گرتوە تەوە، ئەڵێی شار و شارستانیەت تەنیا لە بەر ئەوان درووست کراون . بەڵام جەودەت پاشا وای ئەزانی ئەو منارە و گومەزانە زۆرتر لەوە رەمزی وەحدانیەت بن ، هێمای وەحدانیەتی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانییە. هاتە ناو کۆڵانێکەوە. ژنێک دەستی دوو منداڵی گرتبوو، بوخچەیەک بە شانیەوە بوو. دیار

بوو ئەچن بۆ حەمام. لە دڵ خۆیەوە ووتی: ئەمشەو باشیان ... ئەچی لەش پیسی دەر ئەکەی!؟ دێڵە کورد!؟ ئەی ئێوە باشن سەگە پیسانە؟! لە ئەرمەنی پیستر ئێوەن! ژنەکە پەچەی بە سەر خۆدا دابوو، لە پڕ ئەتووت سەگی هاری بینیوە. بە پەلە بایدا بەرەو دوا، ویستی هەر بەو شوێنەدا کە هاتوە بڕواتەوە. بە منداڵەکانی ووت بگەڕێنەوە... ترس بە کرداریەوە دیار بوو. وادیار بوو لە جەودەت پاشا ترساوە. خوێنێکی گەرم لە دەماری مل و کەڕاکەی تاهیر جەودەتی دا. گەرم داهات. هە ستێکی شەیتانی کەوتە دەروونیەوە. ویستی بەم بەیانیە زووە، هەندێ ڕابوێرێ. ئەسپەکەی هاندا و شوێنیان کەوت. ژنەکە خێرا،خێرا سەیری دوایەوەی ئەکرد و هەنگاوەکانی کرژتر ئەکرد. تاهیر جەودەت بە سواری ئەسپەوە لێیان نزیک کەوت. لەغاوی ئەسپکەی توند بەرەو دوا کێشا، ئەسپەکە حیلاندی و دوو دەستی لە زەوی بڕی و هەستا سەر پێ. ژنەکە و دوو منداڵەکەی لە ترسدا لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستان. منداڵەکان دوو کوڕی خوارو ژوور بوون، بە تەمەن پێنج ساڵ وده ساڵ. کوڕە بچکۆلەکە قۆچکەی لە سەردا بوو. ئەوەی تریان کڵاوێکی بەنی لە سەر کرابوو. ژنەکە دەستی بە گریان کرد جەودەت پاشا بە نەفرەتەوە ووتی: لە چی ترسای دێڵە سەگ؟ها؟!... پێم بڵێ بۆ وا پەشۆکاوی؟! چت کردوە؟... وەڵامم بدەوە با وەک سەگ نەتتۆپێنم!...ژنەکە بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە گریان!. لە ترسدا ئەتووت زمانی شکاوە. قسەی بۆ نەهات... تاهیر جەودەت بە دەنگی

بەرز نەڕاندی: ئوروسپی[11] وەڵامم بدەوە! بانا جاواب ویر، پیسلیک!.
ژنەکە ووتی : بە خوا هیچ... من هیچم نەکردوە، لە حەمام هاتینەوە...ترسام جانابتان ئازارمان بدەن...تاهیر جەودەت ئەوەندەی تر ڕقی هە ستا، قامچیەکەی دەستی هەڵسوڕاند وسێ چوار جار کێشای بە سەر و بەرۆکی ژنەکەدا، ژنەکە زیرەی لێ هەستا...
کوڕە ١٠ساڵانەکە تفێکی لە والی کرد، والی ئەسپەکەی هاندا لە سەر پێ بەرز بێتەوە و بە دوو دەست بکوتێ بە سەر منداڵەکەدا، منداڵەکە خوێن لە لووت و گوێی بەرەوەبو درا بە زەویدا، دایکی قیژاندی: گیکوور![12] والی ئەسپەکەی غاردا بەرەو قە ڵا... ویستی بڕواتەوە بۆ کۆشکی سەرکردایەتی. والی جەودەت پاشا چاوەڕوانی وەڵامی پاریزەرە ئەرمەنی‌یەکانی پاڕلمان و پارتی «داشناک»[13] بوو. هێشتا هیچ وەڵامێکیان بە بانگەوازەکەی نەدابویەوە. لە بەر دەرکی کۆشکی والیدا دوو قەرەول خەریکی چاودێری و پاسەوانی بوون. ئاڵای عوسمانی لە چەن شوێنی دیوارەکەوە هەڵواسرا بوون. عەسکەرەکان جزمەی چەرمیان لە پێ هەڵکێشابوو. شیریان لە کەمبەر بەستوە، خنجێر بە لا قەبرغە ، چەک بە دەست وەک ڕم ڕاوەستاون. ئەگاتە بەر عەمارەتی والی. چەن عەسکەر لەوێدان، هەموو بەڕیز کراون. عەسکەرێک هەڵدێ و بەرۆکی ئەسپەکەی والی ئەگرێ. والی دائەبەزێ و ئەچێتە ژوورەوە.

تاهیر جەودەت پاشا والی ویلایەتی وان و بەدلیس، لە قاتی دووی کۆشکی دارولویلایەدا ئەهات و ئەچوو.تاقەتی بە سەرچبو. ترس و نەفرەت و زۆردەستی ، هەر سێکیان پێکەوە وزەیەکی شەیتانییان پێ بەخشیبوو. ترس لە وەی ئەم ناوچە بە جارێک تێک هەڵچێ و کوردان و ئەرمەنیان پێکەوە شۆڕش بکەن و پشتی دەوڵەت بشکێنن و بە یارمەتی ڕووسەکان دەوڵەت دامەزرێنن، نەفرەت لە ئەرمەنی کافر و بێ دین و کوردی پیس و خایین و دژ بە دەوڵەت و زۆر دەستی بە هۆی دەسەڵاتداری تورکانی عوسمانی بە سەر ڕاست و چەپی عالەمدا . جەودەت پاشا ئەیویست بێ ئەوەی تووشی قەیرانێکی سیاسی و سەربازی بێ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بسڕێتەوە لە هەر جۆرە بەرگری و دژایەتی کورد و ئەرمەنی. بەڵام وادیار بوو ئەبێ واز لە کوردان بهێنرێ، دەوڵەتی ئێران، مەترسی شورشی هەمەلایەنەی کوردەکانی ژێر دە سەڵاتی ئێران و عوسمانی گەیاندبووە بەر دەم کار بەدەستانی عوسمانی. دەوڵەتی ئەحمەد شای قاجار بە مەندووبی عوسمانی ڕاسپاردبوو، ئێمە لە چەن لایەنەوە تووشی قەیران و کێشەین لە گەڵ عە شیرەتە کوردەکانی ئیلام و کرماشان و هەورامی و شکاک، بە زۆریش دەمکوتمان کردوون، ئەگەر ئێستا دەوڵەتی عوسمانی ڕەوتەکە لە بەر چاو نەگرێ و دەست بکا بە وروژاندنی هەستی کوردەکان، بە تایبەت لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ڕووسەکان لە ناوچەدا هەموو کار و توانایان لە بەر دەستدایە، ئەوەندەی پێ ناچێ ئاگرێکی

به قەوەت ئەکرێتەوە کە بەکەس ناکوژێتەوە. چەن جاریش لە لایەن کونسولی «قاجار» لە «ئەرزڕوومەوە» نامەوتەلگراف گەییشتە دەستی و ڕا و بۆ چوونی دەوڵەتی تارانی سەبارەت بە پێویستی ئەهوەن کردنەوەی ناوچەکە بە جەودەت پاشای ڕاگەیاندبوو. بە سەر هەموو ئەم هەوڵ و تێکۆشانە دیپلۆماتیکەدا، بابی عالی جەخدی لە سەر ئەو خاڵە کردبوەوە کە ئەبێ ئەرمەنیەکان سەرکوت کرێن، لەبەر ئەوەی بە هیوان دەوڵەتێکی ئەرمەنی دامەزرێنن. یەکەم کردەوەی ئەستەمبووڵ دژ بە ئەرمەنیەکان، داخستنی ڕۆژنامەی«ئازادە مەرد» بوو.

والی لە پەنجێرەکەوە ڕوانی‌یە(چیاڕەش). گوندەکانی خاچۆرت و حەوت کلیسە و شووشانێس بە بناری چیاکەوە بوون. والی لە دڵ خۆیەوە بیری ئەکردەوە ئەگەر ئەرمەنیەکان پاکتاو بکرێن و پاشان کوردە کانیش دەرکرێن و بکۆژرێن چەندە ئاسوودەیی ئەهاتە دڵی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە. چەندە خۆش ئەبوو ئیتر کەس دەنگ لە گەرویەوە نە ئەهاتە دەرەوە. دنیا بێ‌دەنگ و هێدی ئەبوو... خۆر تا ڕادەیەک هەڵاتبوو، خەڵکی شار هێدی هێدی دەر ئەکەوتن لە کۆڵانەکانی شاردا. دەستی کرد بە گیرفانی باخەڵی‌دا و کاتژمێرێکی سویسی کە بە زنجیری زێڕەوە بە یەلەکی ژێر تاقمەکەیەوە هەڵواسرابوو دەری هێنا. سەعات٤٠: ٦ بوو . پێنج خولەکی ماوە تاکوو« ئاسلّان» خزمەتکارەکەی قاوەڵتی[١٤] بۆ بێنێ. هاتەوە پشت مێزەکەی دانیشت. چەن تلگرافی بابی عالی لە ئەستەمبوڵ و نامەی

دوێنێ ئێوارەی کۆنسوولی فەرانسەو هەروەها ڕاپۆرتی نهێنی و ئاشکرا نەکراوی گەییشتنی فەوجی حەمیدیە[15] بۆ(تێلۆ) لە بەدلیسەوە بە مەبەستی سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی ئەرمەنیان بێ ئەوەی مەودا بدرێ پەرە بستێنێ و ئاگری شۆڕش بکەوێتە ناو خەڵکی کوردیشەوە. دەوڵەتی ئەستەمبوڵ بە والی وان و بەدلیسی ڕاگەیاندبوو، ئەبێ هە ر چۆن ئەبێ مەشایخی ناوچەکە ڕازی بکرێ فتوای شەڕی دژ بە ئەرمەنیان بدەن. بابی عالی ووتبووی یەکگرتوویی کوردەکان ئەبێ هاوکات لە گەڵ چالاکیە جەنگیەکانی دژ بە خەڵکی ئەرمەنی لە ناوبچێ و هەوڵە سیاسی‌یە ئایینیەکانیش بخرێتە گەڕ بۆ ڕاکێشانی بیر و ڕای عەشایەرە کوردەکان بە لای دینی ئیسلامەوە، تاکوو کوردەکان لە یەک بپسێن و لانی کەم قازانجی سەرەکی ئەوەیە، پشتی کوردە ناسیونالیستەکان لە زەوی ئەدرێ.

خەریکی خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتانەیە. «ئاسڵان» دێتە ژوورەوە، سینی‌یەک بە دەستیەوەیە. لە سەر مێزی والی دای ئەنێ و ئەڕوا سینی لە زێو درووس کراوە بە قەراغی‌دا نەخشی تێدا هەڵکەنراوە و کوناودیو کراوە، بە ڕیزیشدا پیرۆزە و لاڵی پێدا گیراوە. لە پیاڵەیەکی چینی‌دا، کاکڵە گوێزی بەدلیس، لە جامێک‌دا قاشێ پەنیری وان پڕ لە سیرک، لە پیاڵەیەکی تردا فندقی دان کراوی سێرت، ترێی ئەردیش لە سەر دەوری‌یێکی چینی‌دا، قاوە تورکی لە چادان و کتریەک ئاوی کوڵاتوو بە شەکری دانار دانارەوە و نانێکی برژاوی تازە. بێ وچان

دەستی بە خوارن کرد. چوار پێنج باوۆڵەی نان و پەنیر و گوێزی قووتدا، کەوتە بیری پێش لەوەی نان خواردن دەس پێ بکا لە بیری چووە «بیسمیلایی» بکا، بە پەلە ووتی: یا ڕەبی تەوبە!!. بە هۆی ووتنی ئەم ڕستەوە هەندێ لەو شتانەی کە خواردبووی لە دەمی دەر پەڕییە دەرەوە و کەوتە سەر سینی و مێزەکەی. هەر ئەتووت سارووجی خواردوە!... دەستی کرد بە تیکەو باوۆڵەگرتن و جاوین و خواردن و قووتدان. لە دڵ خۆیەوە ووتی: حە یف نیە ئەم هەموو نیعمەتە خودایییە ئێوە بیخۆن کافرە پیسانە؟!... یارەبی شوکر! ئەلحەمدولیلا، نە کوردم و نە «گاور»[١٧]م و نە «فلا»[١٨]!... لە پڕ خزمەتکارەکەی لە دەرکیدا و هاتە ژورەوە، ووتی: قوربان نێردراوەکانتان هاتوونەتەوە، پەیامی تایبەتیان هە یە...جەودەت پاشا بە پەلە ووتی: بلێ وەرنە ژوورەوە! خزمەتکار ووتی: بە چاوان گەورەم! و رۆیشت. چەن چرکەیەکی پێنەچوو سێ زەلام هاتنە ژوورەوە، سەریان هەندێ دانەواند و ڕاوەستان، بێ دەنگ. بە جل و بەرگی کوردیەوە هاتبوون. والی ووتی: چیتان کرد؟ شێرن یان ڕێوی؟ یەکیان ووتی گەورەم دڵنیابە شەرەف بەگی مەرزکی لە گەڵمان کۆکە. بەڵێنی یارمەتی و هاوکاری داوە. والی بە هەیەجانەوە ووتی: بلێی ڕاس بکا؟! هەر ئەو کاربرایە وەڵامی داوە: بەڵێ قوربان ئەم کوردانە ئەگەر سۆز و قەرارەک بدەن لە سەری سوورن! والی دەستماڵێکی لە گیرفانی دەر هێناو دەمی پێ سڕی و ڕووی کردە زەلامێکی تر ووتی:

ئەی تۆ چت کرد میرزا؟ میرزا کابرایێکی کورتە باڵای کۆسە کاری ڕەنگ زەرد بوو، گاوەخانەکەی دەمی کردەوە زەردەیەک گرتی ووتی : قوربان عوبەید ئاغای گەودان بە عەرزی جە نابتانی گەیاندوە خۆم و کورەکانم و عێلەکەم سەرمان لە ڕێی جەنابتە، ئەگەر بتانەوێ کێوی قافتان بۆ داگیر ئەکەم... والی وەک ئەوەی ئەم قسانەی پێ هیچ بووبێ بەو کەسەی تری ووت: ئەی تۆچت کرد؟ کابرایێکی ڕدێن سپی بوو ووتی: گەورەم عەشیرەتی بۆتی لە گەڵ بابی عالی یەک بیرن و ئەڵێن بە ئەمری والی هەمووکارێک جێ بە جێ ئەکەین...

والی دەستیدایە زەنگۆڵەیەک و هەندێ هەژاندی. پاش چەن چرکەیەک خزمەتکارەکە هاتە ژوورەوە سینی یەکەی برد. والی ووتی: ئەوە ئەمجارەش سەرکەوتین، بە ڵام ئەوەندە بزانن ئەم کوردانە قەت جیێ باوەڕ نین. پووڵە زێڕەکانی عوسمانی ڕاوی کردوون نە سوڵتان عەبدولمەجید... بڕۆن... بڕون هەندێ بحەسێنەوە. بڕۆن بۆ لای جەنابی مستۆفی لەوێ پێم ڕاسپاردوون جیرە و مەواجبتان پێ بدەن..

پاش ڕویشتنی ئەو سێ کەسە تاهیر جەودەت ناردی بە دوای کاتبی دارالویلایەدا...پاش چەن خولەک کاتب هات. وتی بنوسە:« بە ناوی خەلیفەی ئیسلام حەزرەتی سوڵتان عەبدولمەجید(مدظلە العالی) دوێنێ **١٩١٥/٤/١٤** بانگهێژی سەرۆکی پارتی داشناک(ئیشخان ئەرمەنی)مان کرد سەبارەت بە کۆ بوونەوەیەک لە دارالحکومەی شاری وان بە

بەشداری پارێزەری ئەرمەنی‌یەکانی وان لە پارلەمان و هەندێ لە لێپرسراوانی شاری وان بۆ چارە سەر کردنی کێشەی ئەرمە نیە ئاژاوە چیەکانی ویلایەتی وان و بەدلیس. بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراوە، شایانی باسە ئەوەش بڵێم ئیشخان و کەسێکی تر لە بەر پرسانی پارتی ناسیونالیستی ئەرمەنی بە ناوی «ڤرامیان» لە گوندەکانی دەور و بەری وان خەریکی دەستدرێژی بە کەلە پووروکەل وپەلی ڕەعیەتە موسوڵمانەکانی حەزرەتی خەلیفەن. ئێمە بە پێی یاساو دەستووری سوڵتان ئامادەی هەرچەشنە گیانفیداییین لە مەڕ پاراستنی مافی دە سەڵات داریەتی بابی عالی لە سەرانسەری ویلایاتی مەحرووسەی عوسمانی. چاوە ڕوانی ئەمری موبارەکین. والی وان و بەدلیس تاهیر جەودەت پاشا». پاشا ووتی دەقاودەق تەلگرافی بکەنە پایتەخت! هەر ئێستا!. کاتب بە پەلە کاغەزەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە.

پاش نیو کاتژمێر تاهیرجەودەتی والی خۆی پێ نەگیرا، لە دارالحکومە هاتە دەرەوە. سواری ئەسپەکەی بوو: چەن سواری تر بە دەرەجەی پاشاوە لە پاش والی‌یەوە کەوتنە ڕێ. هاتنە ناو کۆڵانەکانی شارەوە. لە چاو جارانەوە شار زۆر چۆڵ دیار بوو. والی هەستی بەو شتە کرد. بەری کرد بە دواوە بە پاشاکانی ووت: خۆیان وەک مشک شاردوەتەوە. لە پشت ژنەکانیانەوە خویان شاردوەتەوە... چوونە بازاڕی وان. دەیان دووکان داخرابوون. هەموویان هی ئەرمەنیەکان

بوون. نیوه ی دانیشتوانی شاری وان که بریتی بوون له پانزده هەزار کەسی ئەرمەنی له سەرەتای مانگی نیسانەوه له ژیانێکی نا ئاسایی‌دا بوون. دوهەمی نیسان بابی عالی فەرمانی له ناو بردنی شۆڕشی ئەرمەنیەکانی مۆرکرد. به هەزاران کەس له ئەنتاب و ئەنتاکیه و ڕحا و دیاربەکر (ئامەد) و مێردین و سێرت کوژران و ماڵ به کۆڵ کران.

هێرشێکی سەرانسەری تورکانی عوسمانی دژ به ئەرمەنیەکان و نەستووریەکان[19]، ئانادۆڵ و کیلیکیای گرتەوه. فەوجی حەمیدیه هەتا گەیشته وان له سێ ڕۆژدا بیست و چوار هەزار ئەرمەنی له ویلایەتی بەدلیس و وان کوشت. ئەم ڕەشه کوژی‌یه هەموو گوندەکانی ناوچەی گرتەوه. سانسۆر و کونترۆڵ و بێ‌دەنگی شاری وانی داگرتبوو. ئەرمەنیەکانی ناو شار ئاگایان له هەمووشت بڕا بوو. به دەستووری والی،نوسینگەی پارتی داشناک داخرا و مۆرکرا. سەرانی داشناک له گونده کوردی‌یەکان گرسابوونەوه. لەوێ تەناهی و پاراستنیان زیاتر مسۆگەر ئەبوو تاکوو شار یان گونده ئەرمەنیەکان... والی فەرمانی خاپوور کردنی هەشتا گوندی ئەرمەنی دابوو. هەزاران کەس هەڵهاتن و ڕێگایان گرته بەر بۆ ڕزگاری لەم شاڵاوه... دەروازەکانی شاری وان به دژواری کونترۆڵ ئەکرا، کەس نەیئەوێرا هات و چوو بکا... بەڵام هەر ئەو ڕۆژه خه بەر گەییشته ناو شار که گوایه شەڕ له نێوان عوسمانی‌یەکان و چەته کانی چەن عه شیرەتی کورد دژ به ئەرمەنیەکانی داشناک له ئارادایه و خەڵکی بێ تاوانی زۆر کوژراون.

ئەوە ی کە ماوەتەوە بەرەو ژوور ئەبێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووس.

... لە بەر دووکانێکی بەهاراتچی ڕاوەستا، کابراییێکی سی،سی و پێنج ساڵانی قژ لوولی سمێڵ قەوی سەر خۆی قاڵ کردبوو بە کارەوە، یەخەی مینتانەکەی کردبوەوە ، خاچێکی زێڕی لە ملدا بوو، پاشا ووتی: ناوت چیە؟ ئەرمەنی وەڵامی نەداوە. پاشا ڕەش داگیرسا ووتی: سەگی کافر لەگەڵ تۆمە ناوت چیە؟... کابرای ئەرمەنی سەری هەڵێناو بە قین و نەفرەتەوە ڕوانیە تاهیر جەودەت ووتی: ئەرمەناک...ووتی تۆ بۆ دووکانت دانەخستوە؟ مەگەر ناترسی؟ ئەرمەناک ووتی: نا! بۆ ئەبێ دووکان داخەم؟ تاهیر جەودەت ووتی: ئەزانی من کێم؟ ئەرمەناک ڕووی کرد بەو لاوە، بە قینەوە ووتی: ئەزانم ناوت چیە تۆ تاهیر جەودەت پاشا والی وان و بەدلیسی! ووتی: تۆش داشناکی؟... ئەرمەناک لە پڕ دەمانچەیەکی دەر هێناو ڕووی کردە والی ووتی: من داشناکم وئێستاش ئەتکوژم سەگی جەنایەتکار!. ئەم کارە ئەوەندە بە توندی و خێرایی ڕوویدا کە والی و پاشاکانی هاوڕێی پەشۆکان و نەیانتوانی هیچ بکەن. والی دەستی برد بۆ دەمانچەکەی، ئەرمناک دەمانچەی تەقاند بەڵام دەنگی گولەکان دوو دەنکە بوون، دووکانەکە پڕ بوو لە دووکەڵی باروت، یەکێ لە سوارەکان لە سەر ئەسپ کەوتە خوارەوە، گولەکە لە سەری درابوو، خوێن جۆگەی بەستبوو، ئەرمناکیش لە پشت مێزو تەرازووەکەیدا

کەوتبوو، خوێن لە دڵی ئەچوو، ئەویش کوژرابوو. چەن کەسێک دووکانیان بەجێ هێشت و هەڵهاتن بەرەو دووکانی ئەرمەناک... والی گێژ ببوو، نەیئەزانی چ قەوماوە... بەڵام لە پڕ، لە دووکانێکی بەرانبەر دووکانی ئەرمەناک کابرایێکی پەنجاساڵانە بە تفەنگێکەوە هاتە پێش وجزمەی والی ماچ کرد و ووتی: گەورەم خزمەتی ئەم بەندەی خۆت قەبووڵ بفەرموو... ئەو سەگە ئەرمەنیە ویستی جەنابتان تیرۆر بکا بەڵام من بە گولەیەک ساردم کردەوە. والی ووتی: ناوت چیە!؟ ووتی شەمسە دین، خەڵکی «ئەدرنە»[20]م... والی ووتی: شەمسەدین تۆ شیاوی هەموو پاداشێکی باش وگەورە ی!. شەمسەدین دیسانەوە جزمەکانی والی ماچ کرد و چوە ئەو لاوە. والی ووتی: شەمسەدین تۆ چت ئەوێ خەڵاتت کەم؟ شەمسەدین ووتی: قوربان ئەم کافرە ئەرمەنی یانە لە مەملەکەتی خەلیفەی ئیسلام دەر بکەن. ئەمانە دوژمنی موسڵمانانن. دوژمنی تورکن. ئەیانەوێ خویان ببن بە دەوڵەت و کافرستان درووس بکەن بۆ فیتنەیی دژ بە ئیسلام . ئەم ئەرمەنیانە لە بولغار و کورد و رووم پیسترن!!... والی بەم رستەیە کە لە دەمی ئەو تورکە ئەدرنەیی یە هاتە دەرەوە، هەندێ داچڵەکا. لە ژێر چاوەوە روانیە ئەو جەماوەرە وا کۆ ببونەوە، دیارە هەموویان کورد بوون، والی ویستی بزانێ کاریگەری قسەکانی ئەو کابرا تورکە بە تایبەت کاتێ کوردەکانیشی بە دوژمنی عوسمانی لە قەڵە مدا چبوو؟... هەموو بێدەنگ ببون، بە ڵام چاویان قین ونەفرەتی لێ ئەتکا... والی بە

شەمسەدینی ووت: تۆ لە ئەدرنەوە بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ شەمسەدین ووتی: هاتووم لێرە ژیان بکەم، هەر شوێنێکی ئەم خاکە لە ژێر سێبەری حەزرەتی خەلیفەدایە وملکی جەنابیانە، بەلام «خرستیانەکان»[19] دەریان کردووم و نەیانهێشت لە زێدی باب وباپیرمدا لە ئەدرنە بژیم، منیش حەزم کرد لێرە بژیم. وان شارێکی پڕ پیت وبەرەکەتە لە ژێر سێبەری حەزرەتی والیدا. والی ووتی: ئەو دووکانە و ماڵ و ملکی ئەوکافرە ئەرمەنیە بە تۆ بەخشرا. هەر لە ئێستاوە تۆخاوەنی ئەو دووکانەی...

شەمسەدین سەری دانەواند و هاتە پێشەوە، جزمەی والی و لەغاوی ئەسپەکەشی ماچ کرد... والی دەنگی هە لێناو ووتی: جەنازەکان لابەرن، مەیتی ئەو فلا پیسەش لە گۆڕەپاندا هەلواسن!...قامچیەکی لە ئەسپەکە دا و لە بازاڕ چووە دەرەوە . پاشاکانی تریش بە دوایدا چوون. شەمسەدین هە ستی بە کێش و قورساییێکی زۆر گەورە ی بە سەر لەشی خویدا کرد. دەیان چاوی پڕ لە قین و دوژمنی هەستی دەروونی خاوەنەکانیان سەبارەت بە ڕەزیلی و بێ شەرەفی ئەوکابرایە دەر ئەبڕی و شەپۆلی ئەو هەستە قیناویانە ئەیدا بە ناخ و هەستی دا. بەلام خۆی گێل کرد و چوە ناو دووکانی ئەرمەناکەوە. خاچە زێڕەکەی لە ملی دەر هێنا و خستیە گیرفانیەوە. شەقێکی لە شان و ملی جەنازەکە هەلدا، بە شاگردەکانی ووت : ئەحمەد، موراد وەرن ئەم گلاوە ببەنە دەرەوە، فڕەی دەن با گەزمەکان بێن بیبەن. حەز ناکەم

دەستم لێی کەوێ دەسنوێژم ئەشکێ!. دوو کوڕی نیمچە جەحێڵ بە پەلە هاتنە ناو دووکانەکەوە و دەست و پێی مەیتەکەیان گرت و لە عەرزیان هەڵ بڕی و ڕایان کێشا بەرەو دەرەوەی دووکانەکە. جەماوەر بڵاوەیان کردبوو. هەموویان بێدەنگ ببوون.

ئەوەندەی پێ نەچوو قیژەی ژنێک هات، ژنێک بە خۆکوشتن و خۆبڕین هاتە ناو بازاڕەوە، بە ئەرمەنی قسەی ئەکرد و ئەیقیژاند. ژنەکە هاتە بەر دووکانەکەی ئەرمناک. کاتێ خوێن و خوڕی سەر عەرزەکەی بینی ئەوەندەی تر خۆی کوشت. کابرای تورک بە دەنگی بەرز نەڕاندی:چخ! سەڵیتە، قاحبە!ئوروسپی، ناموس سوز! گیت!سوس! واڵاهی سەن ئەلوروم! گیت...کافر، ئەرمەنی شەرەف سز لەر! سووس...سیکتیر[21]...

ژنەکە پەلاماری سەروچاوی شەمسەدینیدا ، کەفی و کڵاوی لە سەری داماڵی، چڕنووکی لە سەرو چاوی گرت، بەڵام شەمسەدین شە پڵاخەیەکی لێدا و ژنەکەی فڕەدا بەو لاوە هەتا توانی شەقێکی لە ژنەکەش هەڵدا، ژنەکەی دەر کردە دەرەوە.

میرزا لوتفی ناڵبەند لە دووکانەکەی هاتە دەرەوە، شیشێکی درێژی بە دەستەوە بوو. پڕ بە گەرووی نەڕاندی: تورکی بێ ناموس بۆ وا ئەکەی؟!! شەمسەدین وشک بوو. تێگەییشت ئەم جارە کایە و فشە نیە. تفەنگەکەی لە دووکانەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو... ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. بە ترس و تەوازوعەوە ووتی: سەرو چاوی ڕنیوم

میرزا لوتفی بەرزتر نەڕاندی ووتی: سەروچاوی ڕنیوی؟! ئەشیا گۆپاڵی لە ... ببڕیایە گەواد!... شەمسەدین دانیشت. ژنەکە بێدەنگ ببو، بەڵام هەر ئەگریا. میرزا لوتفی بە ژنەکەی ووت: دایکەکەم هە ستە بڕۆوە بۆ ماڵی خۆتان، خودا سەبووریت بداتێ، خودا جەزای ئەو قاتڵەش بە شەڕ بداتەوە... بەڵام ژنەکە کەوتە خڕە خڕ میرزا لوتفی دەستی دایە ژێر باڵی ژنی بێتاوانی جەرگ سووتاو، بەڵام ژنەکە کەوت بەلادا. هەموو دەم و چاوی شین هەڵگەڕابوو. چاوی مۆلەق مابوو. میرزا لوتفی هاواری کرد: ئەی بێ غیرەتانە وەرن ئەو ژنە مرد!. دووکاندارەکان کە تا ئێستا لە بەر دەرکی دووکانەکانیاندا ڕاوەستا بوون، هاتنە پێشەوە، ژنەکەیان بەرزەوەکرد. چونە ژێر باڵی و لە بازاڕ بردیانە دەرەوە. لای خواروی لیباسەکانی خەڵتانی خوێن ببوو. خوێن لە داوێنی کراسەکەی ئەو ژنە ئەچۆڕا. ئەو شەقەی شەمسەدین میزەڵدان و مناڵدانی ئەو ژنە قوڕ بەسەرەی تەقاندبوو. بەڵام ژنەکە خودا سەبووری پێنەدا و بە بیستنی خەبەری مەرگی کوڕەکەی بەرگەی ئەو کۆستەی نەگرت و شە پڵە لێیداو دڵی ڕاوەستا.

شەمسەدین لە پڕ نەڕاندی ووتی: هەر هەمووتان ئەتۆپێنم پێزەوەنگی[22] گڵاوانە! هەموو لایان کردەوە بۆ شوێنی دەنگەکە، شەمسەدین لە بەر دەرکی دووکانەکەیدا ڕاوەستابوو تفەنگێکی بە دەستەوە بوو. ڕووی تفەنگەکەی کردبووە میرزا لوتفی. میرزا لوتفی هاواری کرد: ئەی سەگی خایین، تۆ هەرخەریکی جەنایەتی. کافری

داگیرکەر! ئەی دەر کراوی بە لەنگاز! چینگەنەی[٢٣] بێ ماڵ و حاڵ!
هاتووی ئێمە ش وەک خۆت سەرگەردان کەی!!
شەمسەدین ووتی: ئەتتۆپێنم کۆپەک ئۆغلو[٢٤]!. میرزا لوتفی ووتی: هەر ئێستا ناڵت ئەکەم... هەستا سەر پێ و شیشەکەی گرت بە دەستەوە وبەرەو ڕووی شەمسەدین چوو...چەنکەس ویستیان ناو بژیوانی بکەن، بەڵام شەمسەدین تفەنگەکەی تە قاندو تەقەی تفەنگەکە هەمووی داچڵەکاند. میرزا لوتفی چاوی ماق مابوو. چۆکی لەرزا و چەماوە و درا بە عەرزدا. خوێن لە دەمیەوە ئەهات. تەقەی تفەنگ وڵاتی گرتەوە. ئەحمەد شاگردی شەمسەدین هێرشی بردبوو بۆ خاوەن کارەکەی کە بیکۆژێ بەڵام شەمسەدین ئەویشی کوشتبوو...بەجارێ بازاڕ پڕ بوو لە عەسکەر و گەزمەی حکوومەتی. شەمسەدین بە یەکێ لە عەسکەرەکانی ووت: ئەم کافرە خایینانە ئەیانویست من بکوژن!. گەزمەکان بڵاوەیان بە خەڵکدا . جەنازەی میرزا لوتفی و ئەحمەدیشیان ڕاکێشا بە سەر زەویدا و ئەوانیشیان برد... شەمسەدین بە دەنگی بەرز ڕووی کردە بازاڕیەکان ووتی: هەر کەس بیەوێ من تووشی کێشە بکا، بەو جۆرە سزای ئەدەم،...ئێرە مەملەکەتی عوسمانی یە!...
دووکاندارەکان دووکانیان داخست و بەرەو ماڵی میرزا لوتفی ڕێ کەوتن. ئەیانویست بچن بۆ سەرە خوشی لە بنە ماڵەی ئەو خودا لێ خۆشبووە!. کاتێ گەییشتنە بەر گۆڕەپانی دارالحکومە، جەنازەی

ئـەرمـەناکیـان بـینی کـە بـە دارەوە کرابـوو. خـوێن لـە دەرلنگـی پاتۆڵەکەیەوە ئەچۆڕا سەر زەوی. دەستیان کەلەپچە کردبوو، ملی لە تەنافەکەدا قرخ ببو... سەرو قژ و جلەکانی تۆزایی ببوون.
لە ناو دارالحکومەدا تاهیرجەودەت و پەنجا عەسکەر خۆیان ساز ئەکرد بەرەو گۆندی خاچۆرت ڕێ کەون. جاسووسەکانی والی ڕایانگەیاندبوو جەماوەرێکی زۆری کوچبەرکراوی ئەرمەنی لە گوندەکانەوە هاتوونەتە هەریمی شاری وانەوە و هەر ئێستا لەوێ خەریکن ئامادە کاری ئەکەن هێرش بکەنە سەر شاری وان. والی کەفی ئەچاند. تووڕە و جنگز هەر ئەیگوڕاند و ئەمری ئەکرد. چەن جار تەلگرافی کردە بەدلیس و دیار بەکر... هێشتا فەوجی حەمیدیە نەگەیشتبوون. ترس و شک و ڕق والی داگرتبوو... بە غاردان خوی و سێسەد عەسکەرەکەی لە دەرکی دارالحکوومە هاتنە دەرەوە. قوڕو چڵپاو کۆڵانەکانی وانی گرتبوو. لە تەورێزقاپی هاتنە دەرەوە، بەرەو خاچۆرت ڕێ کەوتن . خاچۆڕت گوندێکی گەورە ی ئەرمەنی لە دە کیلۆمتری شاری واندا بوو. ماڵەکانی گوندە کە بەرە بەرە لێیان نزیک ئەبونەوە. بە سەرەو ژورێێکدا سەرکەوتن. گومەزی کلێسەیەکیان بینی. گوندییەکان بە دەرەوە نەبوون. هەمووی لە ترسدا خویان شاردبوەوە. کاتێ گەیشتنە بەر گوندەکە بە سوارەکانی ئەمردا: ببن بە سێ تاقمەوە، هەموو ماڵەکان بپشکنن. هەر کەس دەستی گرتن، دەستی لێ بکەنەوە. ڕەحم بە کەس مەکەن... عەسکەرەکان ڕوییشتن

. والی و ده عـەسـکەر بـە دەوریـەوە مانـەوە، ئـەوەنـدەی نـەخایانـد، عەسکەرەکان هاتنەوە ووتیان گوندەکە چۆڵ کراوە... ئەوەندە نیە چۆڵ کراوە، چونکە لە هەندێ ماڵدا تەنوورەکان هێشتا گەرمـن... بـەڵـام بـە جێ پێکاندا دیارە بەرەو شووشانێس چووبێتن . شووشانێس و حەوت کلێسە و چەند گوندی تر لە لای سەرەوە بوون لە ناو دڵـی چیـاڕەشـدا، والی تێ فکری: ئەگەڕێینـەوە بـۆ نـاو شـار! ڕەوتـەکـە بـەکـار ئـەوە نایـە دەس بدەینە شەڕ. ئەگە ر داشناکیەکان وئەرمەنیەکـانی ناوچـەکـانی تـر هاتبێتن، دەرەقەت نایین. ئەبێ چاوەڕوانی فەوجی حـەمیدیـە بکـەیـن . ئـەگـەر عـەشـایەری بـۆتی وگـەودان ومـەرزک ڕاسـت بکـەن، ئـەوسـا ئەتوانین بڕوا بە خۆمان بکەین کە هەتـا دووسێ ڕۆژی تـر خاکیـان بـە توورەکە ئەبێژین. والی و سوارەکانی گەڕانـەوە... قـەڵـای وان بـە سـەر ئەو شاخەوە ئەتووت کڵاوی ئەنگوستیلەی زێڕە بـە یاقووتـەوە. چیـای سیپان بەفراوی و سپی و لووتن بو. ئـەتـووت تۆراوە و ناوچـاوی گـرژ کردوە... عەسربوو. خۆر چبووە لای ڕۆژئاوا. هەتا بانگی شێوان دوو، سێ کاتژمێر رۆژ مـابوو. تـاهیر جـەدەت بـە عـەسـکەرەکـانی ووت: لـە خرابـە مـەحـەلـە ئـەحـەوینـەوە، نـوێژی عـە سر لـەوێ ئـەکـەیـن. کـەس نـەیئـەزانی والی بـۆچی بـڕیاری وایدا؟ مـەراق مـابوون والی بـۆچی نەیووتوە هەر ئێستا بگەڕێنەوە بۆ ناوشـار!... بـەڵـام تـاهیر جـەودەت ئەوەندە وردبین و کۆنەکار بوو، ئەیزانی بۆچی ئـەبێ حـوکمی وا بـدا!. کاتێ لە خاچۆرت هاتنەوە بەرەوخوار گەمیەکانی بینی کە لـە ڕۆژاوای

دەریاوە بەرەو کەنارەکانی شاری وان ئەهاتن. سێ گەمی گەورە بوون لە ناو بەحرەکەدا وەک خاڵ وابوون بەرەو کەنار ئەهاتن. کەس سەرنجی بەو شتە نەدا. سەرنجیشیان دابێت بەلایانەوە زۆر گرینگ نەبوو، لەبەر ئەوە هات و چۆی گەمی لە دەریای واندا زۆر ئاسایی‌یە. تاهیر جەودەت و پەنجا سوارەکەی ژێردەستی لە خرابە مەحەلە لایاندا. خرابە مەحەلە،هەتا ناوشاری وان فرسەقێ ڕێیە. گەڕەکێکی گەورە ی ئەرمەنی نشین و دەوڵەمەندە. ئەرمەنیەکانی ئەم گەڕەکە خەریکی بازرگانی و پیشەن. گومەزی چەن کلیسەیان لێوە دیارە. کلیسەیەک لە سەر ڕێدا بوو، ئەوەندە بە هونەر و وردەکاریەوە درووس کراوە هەر ئەڵێی ملوانکەی زێڕەو نەخشاندوویانە . قەشەیەک بە چەکوش خەریکە بزماری چەن تەختە ی پەرژینی دەور کلیسەکە ئەکوتێ. بە حورمەتەوە هەندێ دائەنەوێتەوە بۆ والی. تاهیر جەودەت بە سەر وەڵامی ئەداتەوە. ئەگەنە بەرماڵی یاوەر (عەلی قوڵ ئاغاسی). عەلی، یاریدەری والی بوو. عەلی و چەن خزمەتکار و تفەنگچی لە بەر دەرکی عەمارەتەکە ڕاوەستابوون. هەموو بە ریز کرابوون. عەلی بە پیری والی‌یەوە هات. تاهیر جەودەت لە ئەسپەکەی دابەزی. نۆکەرێکی ماڵی عەلی هەڵهات و جڵەوی ئەسپەکەی لە دەس تاهیر جەودەت ستاند. عەلی بە ڕێزەوە ڕاوەستاوە. سەری دانەواند. والی چاک و چۆنی لەگەڵ عەلی کرد و بەرەو ناو خانوو ڕێ کەوتن.(خانووی عەلی‌بەدەرباناعەلی ئەناسرێ). پەنجا سوارەکەی

والیش دابەزان و نۆکەرەکانی ماڵی عەلی لەغاوی چارواکانیان گرت و بـەرەو تـەویلـەیـان بـردن. نۆکـەرەکـانی تـریش بـە پـەلـە هـاتن و عـەسـکەرەکانیـان بـەرەو خـانوویێکی تـری نـاو بـاخێکی پـڕ لـە داری قەیسی و هەڵووچە و هەرمێ و سێوبرد. دارەکـان ئـەتـووت پـەنجـەی پیرێژن و پیرە پیاون،ڕەق و ڕووتاو.

والی هە ر بە تەمابوو مریەم ژنی عەلی بێتە دیوە خان و بـەخێر هـاتنی بکا. بەڵام هەر نەهات.«مریەم» کچی مەتـران عیـسا پیـسکۆپۆس بـوو. مەتران عیسا، مەترانی دێری «ئاختامار» بوو. والی جەودەت پاشا زۆر دەمێـک بـوو تـەمـاحی کردبـوە مریـەم. ماڵـی عـەلی زۆر ڕازاوە بوو.هەمووی بە مـافوور و پـەردەی ڕەنگنامـە و جـوان ڕازابـوو. تـاهیر جەودەت پاڵیداوە بە پشتییەکـی جـوان وگرانقیمـەت. بـە عـەلی ووت کەیفم لە شە رابی ئەرمەنیانە!... ئەم کافرانە تەنیا شەرابەکەیـان بـە ڕێ و جێیە!...و دەستی بە پێکەنین کرد.

عەلی بزە یەک گرتی ووتی: گـەورەم ئـەگـەر بفـەرمـوون بـڵێم لـە شیرە خانەی «کاراپێت» شەرابی سبەحیتان بۆ بێنن، شەرابێکی بە دەو ورنـد! پێتان چۆنە؟!. تـاهیر جـەودەت ووتی: زۆر باشـە! بـەڵـام پـاش نـوێژی عەسر!.

چەن خولەکی پێ نەچـوو، خوڵـامێک هاتـە ژوورەوە تـاس ومـەسینەی بە دەستەوە بوو، دەستماڵێکی هەورێشمیش بـە سـەر شـانیەوە.تاسـی لـە بەر دەم تاهیر جـەودەتدا دانـا و جزمـەو گۆرەوی والی دەرهێنـا. والی

ناوی خودای هێنا و دەستی کرد بە دەسنوێژگرتن. پاش ئەخ وتف وچڵم و لیکێکی زۆرکە کردیە تاسەکەوە، بە خوڵامەکەی ووت بڕوا.
نازانم ئەو کوڕە فەقیرە چون جەرگ و دڵی نەهاتە دەرەوە؟!
بەرماڵیان بۆ داخستبوو. دەستی بە نوێژکردن کرد. لە ناو نوێژەکەیدا بیری لەوە ئەکردەوە بڵەی نوێژەکەی درووس بێ؟! بڵەی بە هۆی نوێژخوێندن لە ماڵی غەیرە دیندا نوێژەکەی بەتاڵ نەبێ؟ گوێی نەدا، نوێژەکەی تەواوکرد و هاتەوە لای ژووری دیوەخانەکە.ماڵێکی دوو قات بوو. پێپلیکانەکانیان بە تەختە درووس کردبوو. پەنجێرەکانی ژوورەکە ڕوویان لە ڕۆژاوا بوو، ئەیانڕوانیە شاری وان و قەڵای لێوە دیار بوو. تاهیر جەودەت بیری لەوە ئەکردەوە چۆن مریەم ڕازی بکا ببێ بە ژنی. چەن جار بە نهێنی پەیامی بۆ مریەم ناردبوو کە واز لە عەلی بهێنێ و شوو بە خۆی بکا. بەڵام مریەم هەر بە پیاویشی نەزانیبوو. وەڵامی پێ نەدابوەوە. والی ئێستا لە ماڵی مریەمدا بوو!دڵی هەژا...مەیرۆ ئەتووت پەیکەری یۆنانی‌یە. بێ عەیب و گەرد...عەلی هاتە ژوورەوە، تاهیر جەودەت کاتێ چاوی بە بەژن و باڵای پیاوانەی عەلی کەوت تێ گەییشت، مە یرۆ جوامێرێکی وەک عەلی قەت نافرۆشێ بەئەو... حەسادەتێکی شەیتانی تاهیر جەودەتی داگرت. نۆکەرێک چەن شووشە سوڕاحی شەرابی لە سەر تەبەقی زێڕدا هێنا ژوورەکەوە. لە چەن تەبەقی زێودا میوەی ڕەنگنامەی وەک چۆلە بادەم و پستەی ئەنتاب و سێو و قەیسی هێنا... لە قەدەحێکدا، شەرابێکی

خەستیان تێکردبوو، هەر ئەتووت قاشە پەنیرە. تاهیر جەودەت پرسیاری کرد: ئە ی ئەوە چیە؟! عەلی ووتی قوربان بەم شەرابە خەستە ئەڵێن گینی...

تاهیر جەودەت سەری گەرم داهاتبوو. شەراب مەستی کردبوو. هەر لە بیری مەیرۆدا بوو.دڵی تەنگ ببو. مەیرۆ نەهاتبوو بۆ بەخێرهاتنی والی. تاهیر جەودەت گریانی ئەهات. مەیرۆ خۆشی نەئەویست. تەنانەت بێ حورمەتیشی پێکردبوو، بە پیاوی نەزانیبوو هیچ، بە مرۆڤێکی میوانیشی نەزانیبوو چ بگا بەوەی کە ڕێزی یەک والی بۆ دابنێ!...

خەریک بوو لە نەفرەت و حەسادەتدا دەمانچەکەی دەر بێنێ و بینێ بە مێشکی عەلییەوە بیکوژێ... بەڵام لە ناو ئەو مەستیەدا عەقڵی بەوە ئەشیا، ئەم کارە سەرانسەری کوردستان ئاگر ئەدا... عەلی یاوەری والی، کورد بوو... لەم بیرانەدا بوو، گزیرێکی ماڵی عەلی هاتە ناو دیوەخانەکەوە، بە پەلە هاتە بەر دەم عەلی، هەتا ئەژنۆ چەماوە، ووتی: گەورەم پەیامێکی خێرام هەیە بۆ جەنابی والی... تاهیر جەودەت ووتی: بلێ، ئاگام لێتە!!!. کابراکە ووتی: حەزرەتی والی، هەر ئێستا خەبەریان هێناوە لە گوندی(هرژ) چەتەکان ئیشخان وڤرامیان کوشتوە. بو پشت ڕاستکردنی ئەم هەواڵەش سەری ئەو دوو کەسەشیان لە توورەکەیەکدا بۆ ناردووین. جەنابتان چی ئەمر ئەکەن؟!. مەستی لە سەریدا نەما. بڕوای نە ئەکرد . هەستا سەرچۆک! ووتی: خۆش مژدە

بی... عەلی! دەمی پەیامنێری خۆش خەبەر پڕ کە لە زێڕ!... مەیرۆ ئاگای لەو هەرا و گرمەی والی بوو، فرمێسکێک لە چاوی هاتە خوارەوە.
ئەوەندەی پێ نەچوو لە حەوشەی ماڵی عەلی تەقە و قرمە دەستی پێکرد. تیری وێڵەکی یان بەرەو ئاسمان ئەهاوێشت. هەمووی لە خوشیدا بوو. لە خۆشی کوشتنی سەرکردەکانی داشناک.مەیرۆ بە خوڵامێکی کوردی ماڵی خۆیانی ووت: بە دزییەوە بڕۆ بۆ کلیسەی حەزرەتی یەحیا. بە قەشە یاقووت بڵێ: ئێشخان شەهید بوو. خەڵکی ناو شار ئاگادار کەرەوە ... کوڕەکە ووتی: بە سەر چاو...
لای ئێوارە پێش لەوەی تاهیر جەودەت و سوارەکانی بگەڕێنەوە بۆناوشار، هەواڵیان پێدرا: ئەرمەنیەکان ڕاپەرینیان دەس پێکردوە و دە ستیان بە سەر هەموو چەک و تەقەمەندییەکانی دەوڵەتداگرتوە. تاهیر جەودەت لە دەربانا عەلی یاوەر لە خرابە مەحەلە ماوە. ترس دایگرتبوو. مەستی لە سەریحەوت زەمان بوو دەر چبوو. ئێستا ئەیزانی پیلانەکانی ئەو بوە کە سەری نەگرتووە... زانی کە هەواڵی کوشتنی ئیشخان و ڤرامیان لێرەوە گەییشتوەتە دەس ئەرمەنیەکانی ناو شار، ئەگینا ئەم هەواڵە زۆر شاراوەیە و کەس نابێ بیزانێ. کە وابوو وانی یەکان ئەم هەواڵەیان بە دەس گەییشتوە بۆیە دەستیان بە شەڕ و شۆڕش کردوە...عەلی!...عەلی خایینە...عەلی خایینە... ژنەکەی ئەرمەنیەو پێی ووتوە.یان نا! مریەم بۆخۆی ئاگای لەم خەبەرە بوە...

هەرچی گرینگ ئەوە یە لەم ماڵەوە فیتنەی وان داکەوتوە... بە هەر حوکمێک بێ عەلی گوناهبارە و ئەبێ سزا بدرێ!...

کاتێ تاهیر جەودەت عەلی کوشت، بە کورد و ئەرمەنیەوە هەموو خزمەتکار و خوڵامی ماڵەکەیان کوشت...بەڵام مریەم و عەلۆ هەڵهاتن بۆ شوشانێس. ئەرمەنیەکانی خرابە مەحەلە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی عەلی بۆ کوشتنی والی. بەڵام چەکدارەکانی والی پاش کوشتنی خزمەتکارەکانی ماڵی عەلی هەڵهاتبوون. پارتیزانەکانی داشناک هاتبوونە خاچۆرت، ژن و منداڵان و پەککەوتوانیشیان لە شووشانێس دانابوو. تاهیر جەودەت لە ترسدا لەگەڵ چەن سوارەکەی بەرەو ئاردامیت هەڵاتن چونکە خەبەریان پێدا، داشناکەکان و ئەرمەنیەکانی تر لە گوندەکانی نزیکی واندان و بڕیار دراوە بڕۆن بۆ یارمەتی ڕاپەڕینی ناوشار.

دوای ئەوە مریەم ویستی بگەڕێتەوە بۆ خانوەکەی کە ڕەشەبا لێیدابوو. هەرچی شەمووشە زەکەریا تکای کرد نەگەڕێتەوە، مریەم لە شوشانێسەوە گەڕاوە بۆ ماڵی خۆیان، بۆ ئەوەی عەلی بە خاک بسپێرێ. مەیرۆ، چاڵێکی بۆ عەلی هەڵکەند لە ئاشخانەی ماڵەکەدا. جەنازەی عەلی و دەمانچەکەی لە پاڵیەوە بە خاک سپارد. مریەم سەر جەنازەکەی بەرد چن کرد و پڕی کرد لە خۆڵ... والی هەڵ هات و لە ڕێگای هەڵهاتن‌دا بوو ڕەشایی فەوجی حەمیدیە بە تەپڵ و باڵەبانەوە لە ڕێگای بەدلیسەوە دەرکەوت . فەوجی حەمیدیە هێرشێکی کوت

وپڕی دەس پێ‌کرد. ئەرمەنیەکانی ناو شار بە هەموو هێز و تواناوە بەرگری‌یان لە شار ئەکرد. بەڵام هێزی عوسمانی یەکجار زۆر و بێ ئەژمار بوون. وان لە ئابلۆقەدابوو. تاهیر جەودەت پەیامی ناردە ناوشارەوە کە ئەبێ چەک و چۆڵ دابنێن و خۆبدەن بە دەستەوە...

هەتا دوازدە ڕۆژی‌تر هەر شەڕ و پێکدا دان لە نێوان ئەرمەنیەکان و لەشکری عوسمانی بەر دەوام بوو. پاش خۆ بە دەستەوەدانی ئەرمەنیەکانی شاری وان،تاهیر جەودەت فەرمانی کوشتنی هەموویانی‌دا.

هەتا کۆتایی مانگی نیسانی**١٩١٥**، سی و دو هەزار، زیاتریش، ئەرمەنی لە ویلایەتی وان بە گشتی کوژران و لە ناوبران. هەشتا گوندی ئەرمەنی بە تەواوی پاکتاو کران. شاڵاوی ئەرمەنی قڕان هەتاساڵی **١٩٢٣** و دواتریش بەردەوام بوو. چەتەکان هەر خەریکی ئازاری ئەرمەنیە کۆچبەرەکان بوون. ئەرمەنیەکان ڕێگای ڕووسیایان گرتە بەر. نازانم مەیرۆ چی بە سەرداهاتوە، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کەسێکی وەک مەیرۆ هەزاران کەسی وەک تاهیر جەودەتی بە هیچ نەئەزانی. مە یرۆش یان ڕێگای ئەرمەنستانی گرتوەتە بەر، یان لە شووشانێس لە برسیەتی‌دا مردوە. یان لە ڕێگای«ڕەو»دا بە هۆی ماندوویی و سەرما و برسیەتی‌دا مردوە یان لە شەڕی خاچۆرتدا کوژراوە...وەک هەزاران کەسی تری ئەرمەنی کە بەو چارە نووسە تاڵە دوچار بوون. دارەکانی ناو باخەکەی«دەربانا عەلی»،چرویاندا، گەڵایان دەر کرد و

سەیرەیەکی زۆر لە ناو لق و پۆی دارەکاندا هاتن و دەستیان کرد بە چرین و سترین. بەڵام ئەو ساڵە ئەوماڵە ڕەونەقی نەبوو. دەستێکی گیاندار نەمابوو بێت و میوە لە دار بکاتەوە. هەڵووچەکان بە دارەوە وشک ببون و چۆلەکە و قاڵاو دەنووکیان لێ ئەدا و هەڵ ئەوەراند. قەیسیەکان ئەکەوتنە سەر زەوی و مێرولە و مێش و کرم تێی ئەدان. هەوای باخەکە هەناسەی پەژارەو خەمی هەڵئەکێشا بۆ ئەو ڕۆژانە ی کە وا بۆنی لەتکە هەرمێ و لەتکە سێو و قەیسیە وشکە و هەڵوژە وشکەی سەر بانان درگاو بانەکەی ئەگرتەوە. ئێستا ویزەی مێشولە بێدەنگی باخەکە بۆ چەن ساتێک و چەن چرکەیەک تێک ئەدات و پاشان دیسانەوە بێدەنگی و کش وماتی و یاس بوون لە دەس کارو ڕەهاتی ئەم گەردوونە کەجە...

سەرەتای مانگی گوڵانی ٢٠٠٤

## پەراویزەکان

**١.** تاهیر جەودەت پاشا فەرمانداری ویلایەتی وان و بەدلیس لە سەر دەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. مرۆڤێکی بەد پەیمان، ناجوامێر، ساختەکار و بێبەزەیی بوو. دەیان هەزار ئەرمەنی قڕ کرد. مرۆڤێکی خوێن خۆر لە مێژوی بەشەردا. ناوی هەتا هەتایە بە خراپە ئەبرێ.

**٢.** خاچۆ: خاوەنی گەڕەکی خاچۆرتە، خاچۆرت بە واتەی جێی خاچۆ.

**٣.** بەحری وان، دەریای وان، بەحرا وانێ.

**٤.** چیای بەناو بانگی چیرۆکی (خەج و سیامەند) لە باشوری ڕۆژاوای شاری وان.

**٥و٦.** دو مزگەوتی کۆن لە وانی قەدیم دا.

**٧.** وانێ، پایتەختی دەوڵەتی ئورارتۆ لە سەدەی نۆهەم هەتا حەوتەمی پێش زایین. لەو سەردەمەدا بە توشپا ناسراوە.

**٨.** سەیرگەیێکی سەر بەحرا وانێ لە باشوری گۆلاوی وان.

**٩.** دیوان و دەرگای باڵا. واتە شانشین.مەبەست شاری ئەستەمبوڵ پایتەختی عوسمانیەکانە.

**١٠.** سوڵتان سەلیم، یاڤوز بە واتای دلێر. حوکمداری عوسمانی لە شەڕی چاڵدران (**١٥١٤ز**) لەشکری شا ئیسماعیل سەفەوی تێک شکاند. شاژنی ئێرانی بەدیل گرت و تەخت و کورسی شای زەوت کرد ئەو تەختە ئێستا لە مۆزەخانەی ئەستەمبوڵ دایە.

**١١.** جۆرە جوێنێکە.

**١٢.** ناوێکی کوڕانەی ئەرمەنیە.

**١٣.** پارتی ئەرمەنیەکان.

**١٤.** خواردنی بەرە بەیان.

**١٥.** لەشکرێکی بەکرێگیراوی کورد بون بەڵام سەرکردە تورکەکان ئیدارەیان ئەکرد! سوڵتان عەبدولحەمید بڕیاری دروسکردنی دا .

**١٦-** Telo ، شارۆچکەیێک لە لای سێرت و بەدلیسەوە .

**١٧-** زەردەشتی

**١٨-** مەسیحی.

**١٩-** ئاسوریەکانی کوردستان

**٢٠-** شارێک لە بەشی ئەوروپی تورکیا.

**٢١-** لاچۆ! خراپە!حیزە!بێناموس! برۆ! بێدەنگبە! بەخوا ئەت کوژم! برۆ کافر! ئەرمەنیە بێشەرەفانە! ملت بشکێنە.

**٢٢-** خوێڕی

**٢٣-** قەرەچی، قەرەج، کاولی، دۆم

**٢٤-** کوڕی سەگ

# شووشه عەترێ بۆ عیسا

[شەش ڕۆژ پێش جەژنی پێسەح(جەژنە فەتیرە)،عیسا چوو بۆ بێت عێنیا، هەر لەو شوێنەی کە ئیلعازاری دیسانەوە زیندوو کردبوو. شەوێکیان لەو گوندە بەشەرەفی عیساوە بۆنەیەکیان ڕێک خست. *ماریا*شووشە عەترێکی گرانبەهای کرد بەسەرپێ و پلی عیسادا و بە زولف و قژی خۆی هەر دو پێی عیسای وشکەوە کرد،ماڵەکە پڕ بوو لە بۆنی عەتر... (ئنجیلی یوحەننا / ١٢ـ ئایەتەکانی ١و٢و٣)

... بڵەی نیگاکەمی ناسیبێتەوە؟!...

ئای قوڕ بە سەرت ماریای لێقەوماو!! بۆ وا خۆت تووش کرد؟! ئەوینداریی ماخۆلەیە، بەڵام ئەم ماخۆلەی تۆ لەو پەڕی سەرشێتی و بێ ڕوحمیدایە... بێ ڕوحمی بە خۆت... بێ بەزەیی بوون بە دڵی خۆت، بەناخت، بەهەستی ناسکی ژنانەت... بۆ وات لە خۆت کرد؟!...دڵنیام ئەگەر پێش بینییەکانی تەورات ڕاست بێ و عیسا بکرێ بە خاچەوە... ئەوینی بەخت سووتاوی من پێشتر لە پێش بینییەکانی خودا و ئەنبیاکانی ئەکرێ بە خاچەوە!... ئای لەو بەختەوەریە«ماریا»! ئای خۆزگەم بە خۆت «ماریا» !!، ئای بژی ماریا وا ئەوینەکەت بە قەت چیرۆکی عیسا بێ کۆتایی و ناودار ئەبێ... تەنیا ئەگەرعیسا لە دار بدرێ و عیسا هەمان عیسای کتێبی خودابێ!!!...

نا!نا! خودا نەکا ئەوینەکەم بدرێ لە سێدارە!...ئەگەر عیسا بمرێ ئەوینەکەی من ئەبێ بە داخ و حەسرەت لە دڵم دا... نا!نا! یاخوا عیسا درۆ بکا و عیسای ناو تەورات نەبێ... ئەگەر ئەو نەبێ بە درۆدا ئەکەوێتەوە، یان نا!...عیسا درۆزن نیە...تا ئێستا هەرچی وتووە، ڕاست بوە...

«ئەی من چی بکەم؟»

من بۆخۆم تووش کرد؟!

نا مافی خۆمە عاشق ببم!عاشقی هەر پیاوێ ببم مافی خۆمە، دڵم حەز ئەکا!...ئەویش کێ؟:عیسا!!... ئاخ عیساگیان... عیسای جوان و نازدارم! عیسای بۆن خۆشم!...خوایە گیان بۆ ئەوەندە جوان و مێهرەبانە!؟...

ئەبوا چیم کردایە؟...

هەر ئەوەندەی قژوپرچت ئاڵاند لە قاچ و قولی عیساوە بۆنی عەترت نا بە بەدەنی عیساوە، نەک عیسا، خوداشی ئاگەدار کردەوە لە ڕازی دڵی تۆ... شەرمی ناوێ...تۆ ژنێکی عاشقی... عاشقی مرۆڤێکی تر... عاشقی پیاوێک کە ئەڵێ من«پاشای یەهوودم!!»... ئەوە کەمە؟؟؟! عیسا گیان! عیسای جوان و جوامێر...عیسای خۆشەویست... خۆشەویستەکەم...!

ئای خوایە بڵەی عیساش منی خۆش ویستبێ؟

گرینگ نیە... بامنی خۆش نەویت... تەنیا هەر ئەوەندە نەمرێ و نەیکوژن بەسە... بۆمن بەسە!! خۆزگە درۆ بکەی... خۆزگە ڕاستت نەوتبێ... خۆزگە...

نا!... درۆ ئەکات شوکر!!! ئۆخەی... کەوتە بیرم... ئەگەر ڕاستی بکردبایە وەک«ئیلیا»ی لێ ئەهات... بە زیندوویی ئەچوو بۆ ئاسمان... یان هەر وەک«داوود» ئەڵێ: مەسیح ئەبێ بە شای یەهوود!... واتە ئەتوانێ خەڵک لە دەوری خوی کۆکاتەوە و بە شۆڕشێکی گەورە، ڕوومیە داگیر کەرەکان لە خاکی پیرۆز دەر بکات!!!... نا عیسا...ئەوە عیسای کتێبە پیرۆزەکان نیە... عیسا تەنانەت لە بنەماڵەکەی خۆشیدا چوار دڵسۆز و خەمخۆری نیە...

خودایە سوپاست ئەکەم وا عیسام لێ ناستێنی... هەرچەند من بە ڕاستی و پاکی عیساوە عاشقی ئەو بووم... بەڵام ئێستاش قەی ناکا... هەرچەند درۆشی کردبێ یەکێکە وەک «باڕاباس»... من عیسام خۆش ئەوێ... مافی خۆمە خۆشم بوێ... هەر ئێستا ئەچم پێی ئەڵێم... ئەڵێم: حەزم لێتە، خۆشم ئەوێیت نازەنینەکەی هەرد و گەردون... هێشتا درەنگ نەبوە...ئەبێ بچمە سەر گردی جۆل جەتا... ئەوە هاتم عیسا گیان... عیسای ئەوین، عیسای گەورە و خۆشەویست هاتم بۆلات... هاتم بۆ دەربڕینی ئەوینی قووڵ و عەتراوی خۆم...

... ئای قوڕت بە سەر ماریا... ئای بێدەرەتان و ڕۆژڕەش... بۆ وات لە خۆت کرد؟! ئای ماریای قوڕ بە سەر... خۆ ئەوە عیسایەو بە

خاچەوە... ئەڵێی مانگە و لکاوە بە پانتای ئاسۆوە... ئەو پێ و پلە وا عەترت بە سەریدا ڕژاند ئێستا بە بزمار دووراوە بە تەختەی خاچەوە و خوێنی لێ ئەتکێ!!! زووکە قسەیەک بکە!!!... بۆ قسە ناکەی ماریا؟! بزماری کام پیلان و فیتنەیی ڕۆحی تۆی وەک جەستەی عیسا پێکاوە؟!!

ئەتەوێ بڵەی عیسا درۆی نەکردوە!!! لێی پرسە! هێشتا نەمردوە... بڵێ: عیسا تۆ ئەوینی دڵی منی! بڵێ ماریا...مەترسە!... لە بەرد بارانی خە ڵک مەترسە! ماریا... مافی خۆتە عیسات خۆش بوێ... تەنانەت ئەگەر بە عاشقێنی خۆشت بوێ... عیسا خوا درووسی کردوە بۆ خوش ویستن... تۆ بڕوانە قژی ئارەقاوی و ئاڵۆزاوی... چەندە لێی جوانە... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە... جوانتری کردوە!!! ئاخ عیسای ئاغا و مێهرەبان... بەڕاستی پاشایەتی بە سیمای تۆوە دیارە ، هەر چەند تاجت لە دڕوو بێ و تەختەکەت بەرەی سێ دارە...

خۆزگە نەمردایێتی... خۆزگە بۆ من بمایێتی... سەیری منیش کە عیسا!... ئەوەندە سە یری ئاسمان مەکە...بڕوانە بۆ ژێر پێت... ماریا بە ئەوینەوە هاتوە بۆلات... بە بۆنی ئە وینەوە هاتوە بۆلات بە ڵام شووشەکەی دڵی شکاوە...

ئەی بەدبەخت ماریا... بۆ وات لێ هات؟!! سەرت لە قوڕ نێی ماریا! بۆ ئەوین و ئەوینداریت!!!... بۆ وات لە خۆت کرد؟! خوێنی برینی جەستەی عیسا وشک ئەبێ بەڵام خوێنی برینی دڵی تۆ تازە دەستی بە

هەڵقوڵین کردوە... هەتا ڕوو بەمردن خوێن لە دڵت ئەچۆڕێ هەناسە سارد!!...

قسەیەکم نیە بۆ ووتن... خوا سەبرم پێبدا... من ئەڕوم عیسا... بەڵام برینێکت لە دڵمداوە کە سارێژی قەت نایە! بە گیانت سوێند ئەخۆم کە بەڕاستمە!«گردی جۆلجەتا» بە شایەت ئەگرم ئەبێ چیرۆکی ئەوینی من وای لێ بێ هەر کات پەرتووکی تو بۆ خەڵک بلێنە وە ، باسی منیشی تێدا بکرێ...

تەواو

٢٠٠٤/٢/٨

# تاوان

... قژ کاڵی لێو ئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ ، ئەی دوێتە جوانەکەی سەرگونا نەختێ ئاڵ...

- دەی توام وەگەردێ یەک پارچەی دوماتر بویشمن...
- کامە ؟
- گووش دە... ئەی کچە جوانەکەی...
- ئەمجار تۆ گۆش دە«تاوان»! بە ڕاستی منیش لەو کۆپلەی تێ ناگەم، وشەکانم لە بەر نەکردوە... بەڵام: «ڕاستە من ڕێبوارم سەر پێ‌یی ئەڕوانم...»

تاوان گیان! تاوانی مێهرەبان و دڵسۆز... کوێرا مردی؟! بۆ وا لە ناکاو؟!... کێ ووتی ئەبێ بمری؟! نەفرەت لە ئەو چارە نووسە کە ئەبێ کات و ساتی ژیانمان ڕچاو بکا! بۆ ئەبێ ئەو چارە نووسە ئەوەندە دەستی بە سەرماندا بڕوا کە ماوەمان بۆ دیار و دەس نیشان بکا؟...

دەستێکم بە سەر شانی«گەلاوێژ»دا هێنا... فرمێسکەکانی چاوی وەک ڕنوو بە شیوی ڕوومەتی‌دا هاتبوونە خوارەوە... بیرم کەوتە ناو ڕنووی فرمێسکەکانی گەلاوێژەوە...ڕۆیشتمەوە بۆ سێ ساڵ و نیو بەر لە ئێستا...سەرەتای پاییزی **١٩٩٥**بوو. لە زانکۆی«سنە» وەرگیرابووم، بواری«کیمیا»... زۆر سەر و دڵ خۆش بووم. ئیتر بە ئاکام و بە ئەو پەڕی ئاواتم گەییشتبووم. زانکۆ...سەرم پڕ بوو لە کامەرانی و

غورور... به تایبەت بۆ کچان. هەر کەس منی ئەناسی ئەیزانی چەندە لە بەرانبەر کچاندا سەخت و گرانم... ئەوەندە بیستبوومەوە کورێکی قۆز و جوانچاکم، تووشی غورورێکی سەیر ببوم. ئەو کچانەی کە سەرەتا دێنە زانکۆوە زۆرینەیان بە هۆی سەربەستی و تازە بوونی کەش و هەوای زانکۆ، بە ئازادی زۆرترەوە ڕەفتار ئەکەن، چاو ئەگێڕن، سەر و زمان خۆشن، ئەیانهەوێ سنوورەکانی دەسەڵاتیان لە ناوچەی کوڕاندا دیار بکەن... بەڵام من بەر دەسەڵاتی کەس نەکەوتم. من خۆم هەستی گەردنکەشیم تێدا بەقەوەت بوو،... ئەوە بوو لە هەمان مانگی یەکەمدا دەستی دەسەڵاتدارانم بە دەور خۆمەوە قرتاند... لە ڕاستیدا من ئامانجم شتی تر بوو، بایەخەکانم بەلاوە پێ گرینگتر بوو، بۆ گەنجێکی نۆزدە، بیست ساڵە هەموو شت جوان و تازەیە، دەرفەت ئەقۆزێتەوە بۆ دڵداری و کامەرانی، بەڵام من وانەبووم. ئەو قۆزی و سەرکەشییەم هەندێ بەر بەستی بۆ درووست کردبووم. لەوانەش گرینگتر چەشنی پەروەردەیی منیش هۆکاری سەرەکی خۆڕاگریم بوو. من کەسێکم خۆش ئەویست وەک ئەو هەستە پیرۆزەی کە هەبووم بۆ سەر کەوتنی خۆم بۆ زانکۆ، وەک ئەو هەستەی کە بۆ باوکمم هەبوو. وەک زۆر شتی تر کە نابێ بەلای کەسەوە بیدرکێنی...

لە پۆستەخانەی زانکۆ بوو بینیم،«تاوان»، مەبەستم ئەو کچەیە کە چەند دێری پێشتر باسم کرد. سەرەتا دەنگێکم بیست. خەریک بوو لەگەڵ

کچێکی‌تر قسەی ئەکرد. دەنگی زۆر خۆش بوو. دەنگێکی گەرم و ژنانە، بێ ئەفسوون و عیشوە، بەڵام نەرم و کاریگەر. بە هێوری لام کردەوە بیبینم. سیماییێکی ژنانەی هەبوو. ئەوەندە جوان نەبوو کە سەرنجی هەموان بۆدیتنی خۆی ڕابکێشێ. زۆر سادە و ساکاربوو. ناوچاوی پان و کوردانە بوو. دەم و لووت کوڵ، بەژنێکی میانە باڵا. هەر ئەوەندە. پێم وابێ کچەکەی پاڵ دەستی پێی ووت کە من خەریکم بە دزی‌یەوە پێی‌دا ئەڕوانم. هەندێ تەماشای کردم... زۆر بە مێهرەبانی، بێ ئەوەی تووشی کەش وهەواییێکی ژنانەو کچانە بووبێ... ئەوەندە نیگای گەورەیی و خاتوونی پێوە دیار بوو ویستم لە بەری هەستم و بڵێم ڕۆژباش...

ماوەیەکی پێ‌چوو، ڕۆژێک ووتیان لە هۆڵی شانۆگەری زانکۆدا پیشانگاییێکی وێنەیان لە بەرهەمەکانی«هادی زیائەدینی» ساز کردوە. لە ڕۆژی دووهەمی پێشانگاکەدا چووم بۆ تەلاری شانۆگەری. لە سووچێکی تەلارەکە تەلەویزیۆنی«سنە» لەگەڵ«زیائەدینی» ووت و وێژی ئەکرد. هەندێ نزیک بوومەوە، ویستم دەنگی زیائەدینی ببیستم، چونکە ئەمزانی ئەگەر ئێستا گوێ بە قسەکانی نەدەم ، تەلەویزیۆن بە لەت وپەتی ڕیپۆرتاژەکە بڵاو ئەکاتەوە. گوێم شل کردبوو، وێنەکێش باسی مەبەستەکان و ئاواتەکانی خۆی ئەکرد... لە پڕ ئەو کچە دەنگ خۆشەم بینی، خەریکی ڕوانینی تابلۆکان بوو. حەزم کرد دەنگی ببیسمەوە. تەنیا بوو. چوومە پێشەوە ووتم: ببورە! لای کردەوە ووتی:

بفەرما! ووتم: پیٚنووس لە خزمەتدا هەیە؟ ، ووتی: ئەریٚ ، ئەڕا چەتە! وەیرە پیٚنووس وە دەردیٚ چە خوەید؟... و دەستی کرد بە پێکەنین... لەو تانە و تەشەرەی زۆر تەریق بوومەوە، هەموو خوێنی لەشم هاتە ناو چاوم، زۆرم پیٚ ناخۆش بوو لە گەڵم بەو جۆرە هەڵس و کەوتی کرد،پشتم تیٚ هەڵ کرد و لە هۆڵەکە هاتمە دەرەوە... بە دەنگی بەرز ووتی: چەبی؟ ئەڕا قەهر کردی؟ بەو ئاغا!... ئاغا... چەنی دڵت نازوکە...ئەی بابا... بەو... ئەڕا چیت؟!

هەر وەڵامم نەداوە... وام ئەزانی هەتا ئەو پەڕی دنیا ئەگەر بڕۆم بە دوامدا دێت و لە بەرم ئەپاڕێتەوە... نازانم کەی وازی هێنا، چونکە هەر لە دڵ خۆمە قسەی خراپم بە خۆم ئەوت... قەت ئەوەندە خۆم کەر نەکردبوو: گیانت دەرچیٚ خوێڕی...لاژوو، گەمژە...

ساڵی دووهەم هاتە گۆڕیٚ... هەر خۆم لەو کچە ئەدزی‌یەوە... حەزم نەئەکرد بمبینیٚ. ڕقم لێی نەبوو، زانیبوم لەو کچە سووکانە نیە، بۆیە هەندیٚ بە دوامدا هات ویستی لە دڵم دەربێنیٚ... ئەو کات وردە وردە باسی پۆست مودێرنیزم و«دریدا» و«سوسور» و«لۆکاچ» و«کۆمەڵەدوورگەکانی لوتار» و«فۆکۆ» گەشەی ئەکرد، بە گەرمە خەریکی موتاڵا بووم. گەرچی ئەندامی پەرتووکخانەی زانکۆ بووم بەڵام تەنیا یەک جار پەرتووکم وەر گرت ئەویش کتێبێکی«سامێرسێت مۆئام» بوو...نەک بۆ خۆم، بۆ برادەرێکم کە لە

زانکۆی پزیشکی‌دا ئەیخوێند و لە پەرتووکخانەی ئەوێ، ئەو کتێبەی دەس نەئەکەوت...

لەم لای ترەوە کێشی دەرسەکانیشم قورس و گران ببوو، بە دژواری خەریکی خوێندنەوە بووم. خەریک بوو وەرزی زستان کۆتایی پێ ئەهات. برادەرێکم لە زانکۆی«تاران» خوێندکاری شانۆگەری بوو، تەلەفوونی بۆ کردم بە بۆنەی ساڵەیادی کارەساتی«هەڵەبجە» ڕێ و ڕەسمێکی گەورە لە لایەن مامۆستایان و خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران ئامادە کراوە بۆ شانزدەی ئادار بێ بۆ تاران. ئێوارەی چوار شەممەی شانزدەی مانگ کۆڕەکە بەڕێوە ئەچوو ، کاتژمێر حەوتی ئێوارە تیکەتی فڕۆکەم بۆ کاتژمێر چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ گرتبوو، ئەوە بوو منیش بە کەیفی دڵ خۆم ئامادە کردبوو... کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارە لە فڕۆکەخانەی تاران بووم ، بە تاکسی بەرەو زانکۆی تاران ڕێ کەوتم. کاتێ لە بەر زانکۆی تاران دابەزیم، چوومە یەکێ لە پەرتوکفرۆشیەکانی بەرانبەر زانکۆ. تەلەفوونێکم بۆ مۆبایلی برادەرێکی ئەو هەواڵەی خۆم کرد کە پێشتر پێی‌دابوو، کوڕێکی شیرازی بوو بە ناوی«سیروس». کاتێ بە سیروسم ووت لە پێش زانکۆدا ڕاوەستاوم، هاواری کرد: ڕاوەستە ئەوە هاتم. پاش چەن خولەک بینیم، بە پەلە هات بە پیریمەوە ووتی زۆر چاوەڕێی تۆمان ئەکرد... ڕێ کەوتین بەرەو هۆڵی شانۆگەری کالێجی هونەرە جوانەکان،«تاوان» خەریک بوو ئەچووە ژوورەوە... زۆر داچڵەکام،

بەڵام دەرم نەبڕی... وەک ئەوەی هەستی کردبێ بەرەو دواوە ڕوانی. کە منی بینی داچڵەکا... بە پەلە سڵاوێکی کرد...وەڵامم داوە... سیروس بە دەنگێکی سووک ووتی: ئەیناسی؟ ووتم: ئەرێ لە زانکۆی ئێمەدایە، کۆلێژی ئەدەبیات، زمانی فارسی ئەخوێنێ... سیروس ووتی کوردە؟ ووتم: ئەرێ کرماشانی‌یە... سیرووس تێگەییشت حەز ناکەم لەم بارەوە قسە بکەم پرسیاری نەکردەوە... لە هۆڵی شانۆگەری خوێندکارانی کورد و هەندێ لە فارسەکانیش هاتبوون. لە زانکۆکانی تریشەوە هاتبوون، خوێندکارانی زانکوی«سنە» ،«ورمێ»، «کرماشان»، «تەوریز»، «شیراز»، «هەمەدان» و«ئەسفەهان» هەموو بە زمانی کوردی قسەیان ئەکرد...

گۆرانی «بە تەنیا جێم مەهێڵن» جوشی خستە ناو دڵی جەماوەر. وتار و تێکست و هەڵبەست و هۆنراوەی زۆر پێشکەش کرا. چەن دیمەن لە کارەساتی هەڵەپچەو و هەر وەها فیلمێکی دیکومانتاری سەبارەت بە ڕووداوی شانزدەی ئاداری **١٩٨٩** نیشاندرا. لە ئاکامدا گۆرانی «بە تەنیا جێم مەهێڵن»یان پێشکەش کردەوە...

پشووی ساڵی نوێ تەواو بوو، هەوای بەهاری «سنە» هەوای بەهەشتی بەرینە... کە ئەڕوانیتە«گرێزە»[١]و«گاوەرۆ»[٢] خەمی چەن ساڵەت ئەڕەوێ... دوانیوەڕۆیەک لە سەر سەندەڵییێک دانیشتبوم ئەمڕوانیە سرووشتی ناوچەکە، هەموو شوێنێک سەوزی و کامەرانی بوو.«ئاویەر»[٣] ئەتووت«نەمروود»[٤]ە و لە بەرانبەر کەش دا ڕاوەستاوە.

هەوا گەرم و خۆش بوو. دەنگی چەن کچم بیست پێکەوە قسەیان ئەکرد و بەرەو دەرکی زانکۆ ئەڕۆیشتن. تەماشام نەکردن. دەنگی ئەو کچە هاتە گویم، نەمویست ئاوڕ بدەمەوە. پاش چەن خولەک هەستم کرد کەسێ خەریکە دێ بۆلام. پێش لە وەی ئاوڕ بدەمەوە کچە دەنگ خۆشەکە بە دەنگی بەرز ووتی «سەلام» ڕووم تێکرد، سڵاوم کرد منیش...زۆر بە دۆستانییەوە هات بۆ لام ووتی:توونم وەیرە بنیشم. ووتم فەرموو...

ووتی: هێشتا دڵت هەر لە من ئێشاوە؟!... ووتم: هێشتا هەندێ دڵم ئێشاوە، بەڵام گرینگ نیە... خۆی چاک ئەبێتەوە... زۆر مەودای پێ نەدام، ووی: حەزم نەکرد ئەو ڕووداوە درووس بوو، ببورە... ووتم: هیچ نیە... ووتی : پرسیارێکم بوو، ووتم فەرموو... ووتی: ئەو گۆرانیەی کۆڕی حەڵەبچە وا لە تاران پێشکەش کرا، ئەزانن لە کوێ هەیە؟! ناوی گۆرانیبێژەکەی نازانم... ووتم: دووکەس خوێندوویانە.. خانمێک بە ناوی«تارا» ئاغایەک بە ناوی «هێدی»... لە هەموو کاسێت فرۆشیەک بپرسی هەیانە... بە پەلە پێنووسی دەرهێنا و بە سەرکاغەزێک دا نووسی.«تاوان» ووتی: ببورە ئەگەر ئەتوانن دەقی گۆرانیەکەم بۆ بنووسن... من زۆر شارەزا نیم بە سەر زمانی کوردی ئەدەبیدا... دیارە زەحمەتیشە...ووتم: نا بۆمن زەحمەت نیە...

ووتی: زۆر سـپاس... مـن ئـەڕۆم...ئـەرکتـان کێـشا... ووتم: نا!...وامەڵێ...

کاتێ ڕۆیی، لە پشتەوە ڕوانیم، واهاتە بەرچاوم ئەڵێی ژنێکە و هـەواڵـی ئەوەیان پێداوە کە مێردەکەی ژنی بە سەر هێناوە. دڵم بۆی سووتا.

هۆنراوەی« بە تەنیا جێم مەهێڵن»م بۆی نووسی و بۆ ئەوەی هـەستی دۆسـایەتی خـۆمی بـۆ دەر ببـڕم کاسـێتێکم پێـشکەش کـرد لـە دەنگـی هێدی... کاسێتەکە و هۆنراوەکەی لێ وەرگـرتم... ئـەمجـار ویـستم بـە وردی بڕوانمـە سـەر و سیمای... لـە بـەر خـۆردا چـاوی کـاڵ بـوو... هەستم کـرد بـەر چـاوی بـە قووڵـدا چـوە، زانی کـە ورد تێـی ئـەڕوانم، دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: ئێوە ئەڕا کەنیشکەکان خەیلێ جالبن... فرسەتم قۆزتەوە ووتم: منیش دەنگی ئێوەم زۆر پێخۆشە...

کـە وام ووت زۆری پـێ سـەیـر بـوو، ووتی: ئێـوە کـەی دەنگـی مـن ژنەفتنە...؟ دیـسان وام زانی پێم ڕا ئـەبـوێری... هـەستی کـرد و خێرا ووتی: ئـەهـا! وەگـەردی کـەسـێ دووسـتی دیـرن و ئـەویـش ئـەڕات وەتیە...؟! ووتم:نا!نا! مەگەر ئێستا لـە گـەڵ مـن قسە ئەکەی دەنگت نایـەتـە گـوێم؟... دەنگـی ئێـوە گـەرم و گـڕە... نـەمزانی ئێـوەش هونەرمەندن وگۆرانی ئەڵێن،... بە تەمابووم بڵێ نـا! بەڵـام ووتی: مـن شیاوی ئەوەنیم خۆم بە هونەرمـەنـد بزانم بـەڵـام کـاری ئـاواز و مـەقـام ئەکەم...ووتم زۆر باشە... من شانازیتان پێوە ئەکەم... مامۆسـتاکەتـان کێیە؟! ووتی: ئەچمە خزمەتی ئاغای «دەروێش»...

ئەوە بوو بە سەرەتای دۆسایەتی یەکی قوول...«تاوان» حەزی بە مۆسیقای کلاسیک ئەکرد... بەڵام لەگەڵ مۆسیقای کوردی ئاشنام کرد...گەرچی من تەنیا بیسەری مۆسیقا بووم و قەت کاری ئاکادێمیکم نەکردبوو، بەڵام«تاوان» هەمیشە بە منی ئەووت گوێی مۆسیقاییت تیژ و بە مستوایە...تەنیا«حەسەن زیرەکی» ئەناسی. بەڵام ئەوەندەم کاسێتی«ماملێ» و«حسێن عەلی» و«عەلی مەردان» و «تاهیر توفێق» بۆ بردبوو، هەموویانی ئەناسی... هەندێ لە مەقاماتیشی لە بەر کردبوو...بەڵام کەیفی بە«ساڵح دیلان» زۆر ئەهات... بڕوام نەئەکرد ئەو کچە ئەوەندە ببێتە لایەنگری مۆسیقای کلاسیکی کوردی...سەیربوو... مێشکێکی ئەوەندە ئازاد و ڕەسەن!! جار جار بە گاڵتە پێم ئەوت: واز بێنە تۆ من ئەبەیتەوە بۆ چل ساڵ پێش لە ئێستا، ئیجازەم بدە لەگەڵ ڕۆژدا هەنگاو هەڵبێنم... تەنیا ئەیووت: مۆسیقای کوردی گوڵە گوڵ...

ساڵەکانی نەوەت لە لای ئێمە«عومەر دزەیی» وەک دیاردەیەک دەر کەوت...هەموو گۆرانیەکانی عومەر دزەیی وەک مۆرکێکی ڕۆشنبیری بەسەر دۆسیای پەسەندی مۆسیقایی گەنجانی ڕۆشنبیر و خوێندکارانی زانکۆ خۆی چەسپاندبوو... «چەندی گەڕام لە شاران» گەرچی پێشتر واتە لە کۆتایی شەستەکاندا خوێنرا بوو بەڵام تازە بوو...«باغچەی پاشا»... بەو تام و چێژە سەمبولیکەی...و«قژکاڵی» هۆنراوە و ئاواز و دابەش کردنێکی بێ کۆتایی و مێژوویی... کاتێ ئەم کاسێتەم

بە«تاوان»دا رۆژێ دواتر هات بۆ لام بۆ یەکەم جار بینیم لە چاویەوە فرمێسک هاتە خوارەوە... لێم پرسی تێ ئەگەی؟ ووتی: ئەرێ...ووتم: عەشقەکەت قژ کاڵ و لێو ئاڵە؟!... لە پرمەی پێکەنینیدا ووتی: ئەرێ خەیلێ بەڵام قرێشماڵە!!! هەر دووکمان دەستمان بە پێکەنین کرد...

زۆر کات پێکەوە بووین... «تاوان» حەزی بە قسەو گاڵتە زۆر ئەکرد...منیش کەم تا کورتێک بە زاراوەی کرماشانی قسەم ئەکرد و تێ ئەگەییشتم... جاروابوو ئەوەندە قسەی هیچ و پووچمان ئەکرد و بە خەڵکمان ڕائەبوارد هەتا هەس و هیلاک ئەبووین... تێر و پڕ پێئەکەناین... بە هەمووشت پێئەکەناین...زۆر جار پێکەوە ئەچووین بۆ سەیرانگەی«ئەمیریە»، ئاویەری گەورە، ئاویەری بەرز، ئەتووت هەڵۆیە و ئەڕوانێتە نچیر... بە ماشێنەکەی«تاوان» هەتا کۆتایی هێڵە قیرتاویەکان بە ئاویەردا هەڵئەگەڕاینە سەرەوە... ئێوارەیەک تاریکان چووین بۆ ئەوێ، بەرەو ژوور چووین، خەڵکێکی زۆر بە پیادە و بە ئۆتۆمبیل هاتبوون. هەموو سەیری فیلمیان لە پەردەی «سینەما هاوینانە»[٥]کەوە ئەکرد. بە شەپۆلی FMی رادیۆ دەنگمان گوێ ئەدا دەنگی فیلمەکە هەموو ناو سەیارەکەی گرتبوو. کۆتایی فیلمەکە بوو، ئەو کاتەی کە «تاراس بولبا» کوڕەکەی کوشت...«تاوان» ووتی: بۆچی ئێمەی کورد حەماسەی وامان نیە؟...ووتم: تۆ چووزانی هەمانە یان نا؟!ووتی: بۆم نیە شتێک نەزانم؟ ووتم: مەبەستم ئەوە نیە کە تۆ

ئەبێ هەمووشت بزانی بەڵام ئەڵیم ئەوەی کە تۆ نایزانی نابێ بە هۆکاری ئەوەی کە بڵەی ئەو شتەی کە من نایزانم قەت لە دنیادا هەبوونی نیە... ووتی چەبکەم؟ بە ڕای تۆ من چۆن ئەبێ بزانم...ووتم: بکەوە دوای مێژووی هەبوونی خۆت لە جیهاندا... ووتی ناسیۆنالیزم؟ ووتم: من وا بیر ناکەمەوە... ئەڵێم تەنیا ئەوەندە بزانی تۆ لە گەڵ کەسانی دەور و بەرت لە کوێی ئەم جیهانەدا ڕاوەستاون... کە شوێنی خۆت ناسی و هەستت بەوە کرد لە جێگەیێکدا ئەبێ بحەسیتەوە پاشان سەیری دەور و بەری خۆت ئەکەی و هەموو هەل و مەرجەکان هەڵئەسەنگێنی و ئەو کات ڕێگایەک ئەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی چۆن مامەڵەی سەفەر بۆ داهاتوو لە گەڵ کاروانی شارستانیەتی بە شەری بکەی... لە پڕ بینیم ئەو «تاوان»ە مێهرەبانە بە توندی هەڵوێستی گرت ووتی: قەشەنگ قسە ئەکەی!... بەڵام ڕوڵە گیان من بڕوام بەو دروشمانە نیە... هەر ئەوەندەم پێ‌کرا ووتم: بۆ؟ ووتی: هەر کات توانیت مامەڵە لە گەڵ ژنێک کە خۆت بە دۆستی ئەزانی بکەی، هەرکات توانیت مامەڵە لەگەڵ بیر و هزری خۆت بکەی ئەو کات ئەتوانی باسی کاروانی مرۆڤەکان بکەی... کوڕی باش بۆچی کاسێتی تارات بە من پێشکەش نەکرد؟ بۆچی بۆ ئەوەی نیشانی بدەی کە تەنانەت هەندێ پابەندیت هەیە بە دۆسایەتی نێوان ژن و پیاو، ئامرازێکی سادە وەک بەڕەوا زانینی پەسەندی یەک ژنت بەکار نەهێنا؟! نەمزانی چی بڵێم...

وەڵامێکم نەبوو... وەڵامیشم بیایە سوودی نەبوو...«تاوان» زۆر لاسار و چەق بوو... تەنیا هەر ئەوەندەم ووت: بمبوورە...مەبەستێکی خراپم نەبوو... هاتمە ناو سەیارەکەوە«تاوان» پشتی لە ئۆتۆمبیلەکە بوو. ڕووی کردبووە ئاسمان... لە ناو دۆڵە بەرینەکەی ئاویەردا پەردەی سینەمای هاوینانە سینگی خستبوە پێش و فیلمی«تاراس بولبا»ی نیشان ئەدا... جگەرەیەکی دەر هێنا و هەڵی کرد، دەستی کرد بە کێشانی جگەرە...

هاتە ناو ئوتۆمبیلەکە... سویچی بادا..ماشینەکەی هەڵکرد و گازاندی بەرەو خوار... هیچمان نەووت، هەوا تاریکی کردبوو، ئەستێرەکان دەر کەوتبوون...سنە ئەتووت ڕشتە مرواری ملی بووکە و لە تاریکایی شەوی«پەردە»دا زاوا دەستی تێ گیراندوە و پچڕاندوویەتی و لە کاتی ئەو پچڕاندنەدا وێنەگر وێنەی لێ هە ڵگرتوە...تابلۆیێکی جوان... بەلای پەیکری«شاخەوان»دا ڕۆیشتین. جگەرەکەی فڕەدا دەرەوە...

ووتی: ئاغای چیروانۆکناس[٦]، بڵێ حەماسەکانمان، ئۆستوورەکانمان کامەن؟...

ووتم :گرینگ نیە هەمانە، نیمانە، بوومانە، نەمانبوە، بمانبێ یا نەمانبێ...، ئەو وڵاتانەی کە ئوستورەیان بوە ئێستا لە گرێ پووچکەکانی ژیانی مرۆڤدا ماونەتەوە بە ڵام تۆ بۆ خۆت تێ بکۆشە کتێبێکی بچکۆلە لە هەڵبەستەکانی«شامی کرماشانی» بخوێنیتەوە... پێم وابێ لە«بەردە نووسەکانی بیستوون» شەرەفی سەد قات زۆرتر

بێ... شامی بە زمانی زگماکی خۆی بەڵگەی بۆ کاروانی شارستانی بەشەر بەجێ هێشتوە و لە شوێنی خۆیدا دامەزراوە حەساوەتەوە ، بەڵام ئەو بەردە نووسانە ئێستاش لە شوێنی خۆیدا نەحەساوەتەوە، ئێستاش هەر ئەبێ خۆت بخەیتە ئازارەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وەک هە ڵبەستەکانی«شامی» بەشێکە لە ناسنامەی دانیشتوانی ناوچەکە...

هیچی نەووت...هیچم نە وتەوە... هەتا«چوارباخ» بێدەنگ بووین...ووتم ئەچم بوماڵی کەسێک، لەوێ دامبەزێنە... و لەوێ دابەزیم... هەتا دووسێ هەفتە یەکمان نەبینیەوە... زۆر بێتاقەتی بوم. تەلەفوونم بۆکرد ... کچێکی هاوماڵی «تاوان» بە ناوی «گەلاوێژ» وەڵامی دامەوە ووتی: هەندێ نەخۆشە و لە کرماشانە... ژمارەکەم لابوو. تەلەفوونم بۆ کرد. دایکی تەلەفوونەکەی هەڵگرت و بە مێهرەبانیەوە لەگەڵم دوا. ووتم کارم بە«تاوان»ە، ووتی بانێ چاو. ئاگام لە دەنگی بوو، بانگی لە«تاوان» کرد... دیسانەوە ووتی: ئێستا دێ... ووتم: داڵگە«تاوان» شووی نەکردوە؟ هەر دووکمان دەستمان بە پێکەنین کرد. ووتی کێ ئی شیتە توایە؟ ووتم: شێتێک لێرە هەیە چۆنە بیهێنم بۆ داواکاری؟! دیسانەوە دەستمان بە پێکەنین کرد...«تاوان» هات... هەر لە ڕێوە ووتی: چەبکەم وە دەس کرانشینی؟! ووتم: زۆر ناپیاویت کرد... بۆ خەبەرێکت نیە؟ ووتی: بوش ئەڕام چە پێش هاتیە؟! ووتم من چووزانم! ووتی: ئەڕام خوازمەنی هاتیە! ووتم کێ؟

ووتی دەرویش... ووتم: خۆ نێوانتان تێک چوبوو! ووتی: ئاشتی‌مان کردوە... داوای لێ بوردنی لێ کردم...ووتم: زۆر باشە! کەی دیتەوە بۆ سنە؟ووتی:تیەم... بە زووترین کات ... ووتم ئەی بۆ دایکت ووتی کەس تاوان ناخوازێ...؟! دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: دایکم وای زانیوە تۆش... وەک دەروێش...حەزم لێ ئەکەی و فەرهاد و مەجنوونی... بە دەنگی بەرز پێ‌ئەکەنێ... وای زانی تۆش وەک دەرویش خودا هزر و عەقڵی لێ ستاندوویتەوە!... ووتوویەتی با ئەو گەنجە ئەویندارە دڵی نەشکێ...نازانێ تۆ لە ناو پیاواندا کەری هەروەک من چۆن لە ناو ژناندا کەرم!...

ووتم: پیرۆزت بێ... خودا لە کەری کەمت نەکا!... دیسانەوە بە دەنگی بەرز دەستمان بە پێکەنین کرد...

چەن ڕۆژی تر«تاوان»م لە زانکۆ بینی... نازانم بۆچی خەفەت و مەراق دایگرتم. دەوری چاوی ڕەش داگیرسابوو... ئێسکی سەر ڕوومەتی دەر پەڕیبوو... ڕەنگی زەرد بوو... ووتی: هەر کات بیری تۆم ئەکرد «قژکاڵی ،لێوئاڵی»م گوێ ئەدا... تۆ مرۆڤێکی گەورەی. ووتم: چیە وەک داپیرەم قسە ئەکەی...؟ ووتی: وەک؟! ووتم: وەک ئێستا... وەک«چە بکەم وەدەس کرا نشینی!!» ووتی: تۆ فرە عەجیبی... ئەو شتە وردە نادیارانە، زەق و دیار ئەکەیتەوە. تۆ لە جیهانی سوبژەدا تێ‌ئەپەڕی. باز ئەدەی بە سەر سوبژەدا... زۆر سەیرە هەموو کەس شتە نادیارەکان سەرەتا ئەهێننە قۆناغی سوبژە پاشان

ئـەیبـەنـە ئاسـتـی ئـۆبـژە... بـەڵـام تـۆ نادیـارەکـان ڕاسـتە و خـۆ ئـەبـەیتـە قۆناغی ئۆبژەوە... باز ئەدەی بە سەر ئاستی سوبژەدا... تۆ سـەیـری... زۆر سـەیـری... ووتم: ئـەزانی چـی ئـەکـەی؟ ووتی: نـا! چـی بکـەم! ووتم: هەر ئێستا چەپکەیەک بلیت بگـرە بـە دەستەوە بـە دەنگـی بـەرز هاوار بکە: وەرن بلیت بکڕن سیرکم داناوە، سـەیـری کـەن... سـەیـری ورچ و عەمتەر بکەن... سەیرە...سەیر... دادە گیان تۆ بـەجـارێ منـت کرد بە ورچەوە!!!... هەر ئەوەندەم زانی«تـاوان» بـە دەنگـی بـەرز دای لـە قاقـای پێکـەنـین... ئـەوەنـدە بـەرز پـێ ئـەکـەنی... ئـەوەنـدە بـەرز پێئەکەنی، ئـەمجـار مـن ئـەوم پـێ سـەیـر بـوو. هـەر کـەس بـە لامـاندا ئەڕۆیی ئاوڕی لێمان ئـەداوە... مـەراق ئـەمـا ڕەنـگ بـێ دە جـار ووتم: کچێ هەرا، ئابڕوومان چوو!!! ئەوەندەی تر پـێئـەکـەنی... زۆر سـەیـر بوو هەموو دەم وچاوی شین هـە ڵگەڕابـوو... زۆر سـەیـر بـوو... لـەو کاتـەدا دەسـتی بـرد بـۆ بـەر دەمـی قـۆڵ و مـەچـەکـیم بینی... ئاتـەکـی کراسـەکـەی لادرا و دەسـتیم بـینی، شـین و مـۆر بـوو... دڵـم داخورپـا...ووتم: تـاوان... تـاوان تـۆ بـێدەنـگ بـە...! دەسـتت بـۆ وا شـینەوە بـووە؟! لـەپـڕ لـە پێکـەنـین چـوەوە... ووتی: هـیچ...ووتم: چـۆن؟... ووتی: هیچ نـەبـوو، لـە نـەخۆشـخانە ئـەنژێکسیۆنیان لێدام، ووتم بـۆ؟ ووتی: چێـشتی کۆنـەم خواردبـوو، تێکـی بـردم و لـەوێ ئەنژێکسیۆنیان لە دەستمدا...هیچ نیە...

زۆر سەیر بوو دوای ئەو دیدارە من هەستم بە ڕووداوێکی ناخۆش ئەکرد...«تاوان» هەر وەک جاران بوو، بەڵام مات بوو... زۆر جار پێکەوە بە تاکسی ئەچووین بۆ ئەمیریە، لە سەر ئەو بەرزی‌یە دائەنیشتین و پێکەوە گۆرانیمان ئەووت، منیش هەڵبەستی « مەلای جزیری» و«مەولەوی»و«نالی»م بۆ ئەووت...

چۆن نەبڕیو تای ڕشتەی سەبووری؟ گۆش چۆن وێش مەدۆ وەقسەی دووری؟ زوان چۆن تاقەت هیمەت وازیشەن؟ دیدە چون تاقەت شۆن دیاریشەن؟...

ئەم دوو بەیتەی «مەولەوی» لە بەر کردبوو... زۆری حەز پێ ئەکرد... ئەیووت: هەرکات ئەم دوو بەیتە ئەژنەوم دڵم تەنگ ئەبێ و قسەم بۆ نایە...

جارێک لەم دیدارە دوایی‌یانەدا، بێ ئەوەی خۆم بزانم دیدارەکانمان خەریکە بەرەو دوایی بوون ئەچێ، بەمنی ووت: خەریکم کار لە سەر پرۆژەیەک ئەکەم هەڵبەستێکی مەلای جزیری بە ناوی«هەرە مەیگێڕ»... تێ هەڵکێشی فارسی هەڵبەستێکی حافیزی شیرازی تێدایە...:

| | |
|---|---|
| نەوایا موترێب وچەنگێ | فیغان ئاڤێتە خەرچەنگێ |
| وەرە ساقی هەتا کەنگێ | نەشۆیین دل ژڤێ ژەنگێ |
| حەیا تا دل مەیا باقی | بنۆشین داب موشتاقی |
| الا یا ایها الساقی | ادرکاساً و ناولها |

زۆر بە هیواوە باسی ئەم پڕۆژەی ئەکرد... یەک دووجاریش هەر وا بۆمنی خوێندبوو... زۆر کاری لە سەر زاراوەی کورمانجی ئەکرد. ئەیووت نامهەوێ فۆرمالیتە شتەکە بەڕێوە ببەم، ئەبێ هەموو بابەتەکانی ئەم تێکستە بە جوانی و ناسک بینییەوە دابەش بکرێ...

لەم دواییانەدا کەمتر یەکمان ئەبینی... جارجار تەلەفوونمان بۆ یەک ئەکرد... لە ناوەڕاستی مانگی ئادار دابوو ووتی: بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری بەرنامەیەکی ئاهەنگی مۆسیقای ئێرانی لە گەڵ«دەرویش» ئەچم بۆ تاران، ئەگەر پێم بکرێ و ڕێ و ڕەسمی بیرەوەری هەڵەپچە لە زانکۆی تاران ببێ لەوێ ئەتبینم بەڵام بە تەلەفوون ئاگامان لە یەک ئەبێ... ژمارەکەی«دەرویش»ی پێدام...ووتم: غیرەتی نابزوێ؟ ناڵێ ئەم هەتیوە کێیە؟! ووتی: قسەی وا بکا دەمی ئەشکێنم... دیسان دەستمان بە پێکەنین کرد...ووتم: کەی زەماوەند ئەکەن؟ ووتی: هاوینی داهاتوو...

ئیتر« تاوان»م نەبینیەوە...پشووی نەورۆز تەواو بوو. منیش خۆم ئامادەی جێ بەجێ کردنی«تێز»ەکەم ئەکرد... بەڵام سەیر بوو«تاوان» دیار نەبوو، نە دەنگی بوو، نەڕەنگ... منیش ئەوەی ڕاستی بێ لە گەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەم ئەمانویست زەماوەند بکەم، زۆر سەرم نەئەپەرژا بیر لە«تاوان» بکەمەوە، ئەویش کاری خۆی ئەکرد و ژیانی بەڕێوەئەبرد... ڕۆژێکیان لە ماڵەکەمدا ڕاکشابووم. نیوە ڕۆیێکی گەرمی مانگی نیسان بوو... تەلەفوون زەنگی لێدا، هەڵم گرت، دەنگی

گەڵاویژ بوو، گەلاویژ لەگەڵ تاوان پێکەوە ماڵێکیان لە سنە گرتبوو، سێ ساڵ بوو پێکەوە ئەژیان... زۆرم بەلاوە سەیر بوو قەت تەلەفوونی بۆ نەکردبووم، ووتم: خێرە... هەر وام ووت دەستی بە گریان کرد ووتی: «تاوان مرد»!...

سەرم خەریک بوو بتەقێ... بڕوام نەکرد... هەموو یادەوەرییەکانمان وەک سینەما هاتە بەر چاوم... ووتم لە کوێ بتبینم... ووتی: بێ بۆ ماڵمان... شتی بۆ تۆ داناوە... کەوای ووت: خۆم پێ نەگیرا... تەلەفوونم دانا... جلم لە بەر کرد... تاکسیەکم گرت و چووم بۆ ماڵی تاوان. گەلاویژ دەرکی کردەوە... چاوی سوور ببوو... کە منی بینی دەستی بە گریان کرد... چوومە ژوورەوە... جانتاییکی دا دەستم، دەفتەرێکی نۆتی تێدا بوو... لە یەکێ لە لاپەڕەکاندا لەلای سەرەوویەوە نووسرابوو هەرە مەیگێڕ... بۆ هەڤاڵی دەلال و ڕووناک،... ناوی منی نووسیبوو... دەستم بە سەر دێرەکاندا خشاند... هەستم بە دەستی تاوان کرد... گەلاویژ ووتی: لە ماڵی دەروێش ئەبێ، لەگەڵ دەروێشدا دەست ئەکەن بە تەزریقی هێرۆئین، ئەوەندە زیادە ڕۆیی ئەکەن سەنکوپیان کردوە... تاوان زۆر خۆشی ئەویستی، ئەیووت کوڕێکی گەورەو نازەنینە، مرۆڤێکی بەڕێزە و منی فێری زۆر شت کردوە... ئەیووت ئەم پارچە ئاوازەم بە خۆشەویستی ئەو هۆنیوە، هەرە مەیگێڕ، باسی دۆسایەتی و پلە بەرزی ئینسان ئەکا. کاک... بۆیە ئەم دەفتەرە نۆتەم بە تۆ دا تاوان تۆی زۆر خۆش ئەویست... ووتم:

هیوادارم ئاسوودە بووبێ... تاوان زۆر شتی فێر کردم... یەک لەوانە ئەوە بوو کە ئەو شتانەی کە نادیارن بێ ئەوەی بیانبەمە دنیای سووژەوە بیانکەم بە ئۆبژە... بەڵام دەنگی وەک بیرەوەریەکی بێ کۆتایی لە مێشکمدایە...

## پەراوێزەکان

١ـ چەمێکە لە رۆژهەڵاتی شاری سنە

٢ـ چەمێکە لە دەوروبەری سنەدا

٣ـ دو چیای گەورە لە باشوری سنەدا

٤ـ پاشای چیروانۆکی کۆن لە سەر دەمی حەزرەتی ئیبراهیمدا

٥ـ سینەماییێکی گەورە لە بناری چیای ئاویەردا

٦ـ *Mythologist*

# مەلەوانگە

لە نیشتمانی ئێمەدا بە هۆی هەبوونی چەم و گۆم و کەنداوی زۆرەوە، مەلە کردن و خۆشوتن بە درێژایی مێژوو ئاسایی و هەمە لایەنە بووە. دیارە پێشتر، کەرستە و کەلەپووری تۆری ئاودێری بە جۆری مۆدێرنی ئەوڕۆ نەبوە لە ئارادا، گولاوە بچووکەکان لە ئاوی چیاکان هەموو کات و هەموو وەرزێکیساڵ پڕ بوە لە ئاو... ژنان زۆرتر لە سەر کانیدا ئەرکی خۆشوتنیان بەجێ هێناوە، چوونکە کانیەکان زۆر تر لە بنە بەردەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە و زیخی پێش بەردەکانیان شۆردوە و بە تێپەڕ بوونی زەمان چاڵیان کردوە. کانیەکان باشترین شوێن وجێگەی متمانە بوە بۆژنان کە دوور بن لە هەر جۆرە دەستدرێژی پیاوانەوە واتە چاو حیزی!

بەڵام پیاوان سەربەست بوون جار وابووە لە جۆگەلە ئاودا لە پێشی چاوی خەڵکەوە،خویان شتوە. لە لایێکی ترەوە هۆکاری ئایینی بۆ مەلە کردن و خۆ شوتن کاریگەری زۆر گرینگی لە چۆنیەتی شێوازی خۆ شوتنی پێشینیانی ئێمەدا بوە. بە هۆی یەکێ لە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامەوە، ژن وپیاو پاش ئەنجام دانی کاری سێکس، نوێژخوێندیان لێ قەدەغە ئەکرێ هەتا ئەوەی کە بچن خۆیان بشۆن و پاک ببنەوە. بە هۆی ئەو یاسا ئایینییە، ئەبێ هەموو لەشی مرۆڤ تەڕبێت و ئاوی لێ بکەوێ . ئەوە بوو حەمامیان درووس ئەکرد کە هەم خۆتی تێدا بشۆی و هەم ئەرکی ئایینی(غوسل=خۆشوتنی

مەزهـەبی) بـەجـێ بهـێنی، ئـەم کـارەش بـە درووس کـردنی خـەزێنـەی ئاوی گەرم و خەزێنەی ئاوی سارد جێبەجێ بـوو. خـەزێنـەش بـریتی بوو لە ئەستێرێکی قووڵ یان حەوزێکی گـەورە کـە پـڕ ئـەکـرا لـە ئـاوی گەرم یان ئاوی سارد بۆ خۆ ئاو کێشان. مـن باسـی شـتی تـر ناکـەم بـۆ وێنە: چۆن خەڵک گوڵ نەئەبوون وچۆن خـەڵـک تووشـی نـەخۆشـینی پێـستی و چـاوی و بـین و گـوێ نـەئـەبـوون... مـن نـە دوکتـۆرم و نـە پسپۆڕی تەندرووستی کۆمەڵایەتی... تەنیا بۆ ئەوەی ئاگـاداری‌یـەک و بیرهێنانێـک بـێ بـۆ ئـەوکـەسـانەی کـە چاوبـەم دێرانـەدا ئـەخـشێنن ئـەم قسانەم کرد!

من بۆ خۆم تەنیا جارێک چاوم بە خـەزێنـە کـەوتـووە، بـێ ئـەوەی ئـەو خەزێنە ئاوی سارد یان گەرمی تێدا بێ. ئەویش کاتـێ بـوو کـەمـن لـە ناوەندی‌دا ئەمخوێند، چووم بۆ سەیری پێشبرکێی زۆرانی پاڵـەوانی لـە حەمامی حاجی ساڵح دا. خەزێنەی ئەو حەمامەش کرابوو بـە جێگـای یاری یاریکاران.

بۆیە ئەم شتانەشم سەرەتا نووسی ویستم بڵێم ئێستا گەرچی ئاسـەواری حەمامی خەزێنە و تـوون و تـاس و جـامی ڕۆح و قۆنـدەرەی داریـن و حەمامچی و جامدار و کیسەکێش و فۆتە لەسەر زەوی‌دا نەمـاوە بـەڵـام خۆ خەڵک عادەتی حەمام چـوون و خـۆ شـوتنیان لـەبیر نـەچـوەتـەوە، بەڵکوو ئێستا مرۆڤ زۆر ئاسانکاری بۆ کراوە لە بواری حەمـام چـوون و هەر وەها کەرستە و پێداویستی‌یە سەرەکیەکانی حەمام کـردن و خـۆ

شۆردن. بەرە بەرە هەمووشت بەرەو ئاڵ وگۆڕێکی سەر سوور هێنەر ئەچێ، پێم وابێ مۆدێرنیتە لە سەر بنەمای ئاڵ و گۆڕی بە پەلەو بە خێرایی لە چاوەڕوانییەکانی مروڤ لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ژیاندا بنیات نراوە کە حەمام کردن و خۆشۆردن سەرەکی ترین ئەرکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە. مەلەوانگە بە چەشنی ڕۆژئاوایی هاتە ناوچەی ئێمەشەوە... مەلەوانگەی سەر داپۆشراو(داخراو) بە هەموو دیاردەکانی تریەوە وەک(سۆنا[٢]،جەکووزی[٣] و...)

زۆرمان پێخۆش بوو، ئەوەندەی تریش پێمان خۆش بوو چوونکە ووترا بۆ ژنانیشە. واتە سێ ڕۆژی هەفتە پیاوانەیە و سێ ڕۆژی تر هی ژنانە و هەینیش پشووی هەفتەیە و مەلەوانگە داخراوە. سەرەتا بە دەگمەن خەڵک ئەهاتن، زۆر پێشوازی لێ نەئەکرا، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە ئەوە بڵێم وای لێ هات خەڵک بە لێشاو ڕوویان لە مەلەوانگە ئەکرد. قەرە باڵخی ئەوەندە زۆر بوو، خەڵکیان جواب ئەکرد و خەڵکیان ڕێ نەئەکرد.

خێزانم زۆر هەوڵی ئەدا کە منیش زوو زوو بچم، بە تایبەت بۆ سۆنا. ئەیووت: ئەگەر لە مانگدا چوار جار بچی بۆ سۆنا،کێشت کەم ئەبێتەوە و زگت بچووک ئەبێ. منیش ئەمووت باشە تۆ بۆ بە زگی من قەڵسی؟ ئەیووت خڕی و قەڵەویت لێ نایە! هەندێ لەڕ بیتەوە جوانتری... ئەوەندەی ووت هەتا ڕۆژێک بڕیارم دا بچم بۆ مەلەوانگە و سۆنایەک بکەم دەستی کوڕەکەمم گرت و پێداویستی مەلە و خۆ

شوتنم پێچاوه و خستمه جانتەوه و سواری ئوتۆمبێل بووین و بەرەو مەلەوانگە رِێ کەوتین.
کورەکەم زۆری پێ خۆش بوو، له خۆشیدا هەر قسەی بۆ ئەکردم. کورەکەم شەش ساڵی تەمەنە. له ئۆتۆمبێل دابەزیم و دەستی منداڵەکەمم گرت و چووینه ژوورەوه، بۆنی هەڵم و گەرمای ناو ئەستێر و حەمامەکە هات بەرەو رِۆومدا، هێشتا هیچ نەبوه کورەکەم کە ناوی «ئاویەرە» عارەقەی رِەش و شینی دەر دابو، به دەنگی منداڵانە و نازداری خۆی سەری هەڵهێناو بەدەم رِێ رِۆشتنەوه ووتی: بابە گیان گەرمە!
ووتم: وایە کورم، ئێستا ئەرِۆینە ژوورەوه و جلەکانمان دائەکەنین و خۆمان رووت ئەکەینەوه و ئەچینە ناو ئاوەکەوه باش باش فێنکمان ئەبێتەوه،..
بە لێ جلەکانمان دەر هێنا و خۆمان رووت کردەوه و رِۆیشتینە ناو هۆڵی ئەستێرەکەوه.«ئاویەر» کە چاوی بەو گشتە ئاوە شینەی ناو ئەستێرەکە کەوت، قیژاندی ووتی: بابە ئەشا ئەو هەموو ئاوە!!
له باوەشم گرت وئەویش دەستی لە ملم ئاڵاند و ماچێکی رِوومەتی کردم. هەستی ئاویەرم ئەناسیەوه، لەبەر ئەوەی خۆشم حەزم بە باوکم زۆر ئەکرد.
«ئاویەر» بە هێواشی سەری راوەشاندم،ووتی: بابە گیان میزم دێ...
ووتم : کورم راوەستە با برِوین بۆ توالێت... لە توالێت بینیم هەم میزی

کرد هەم ئەوی تریشیان...منیش ماومەتەوە کە چۆن بیشۆم؟! ئاخری شوتم و هاتینەوە ناو هۆڵ... چووینە ناو ئەستێرەکە... بە باوەشمەوە بوو. هێدی هێدی چوومە ناو قووڵاییەکەوە.«ئاویەر» لە خۆشیدا هەر چەپی ئەکوتا و ئەیزریکاند... لە جێگەیەکدا ڕاوەستام و بە هێوری چۆکم چەماندەوە بۆ ئەوەی زۆرتر بچینە ناو ئاوەکەوە. ئاو هاتە ژێر ملی من و ئاویەرەوە. ئاویەر خەریک بوو لە خۆشیدا باڵ بگریتەوە. چەن جار ئەم کارەم کرد... لەپڕ کوڕەکەم ویستی لە باوشم خۆی فڕە بداتە ناو ئاوەکەوە...خۆی فڕەدا بەڵام ڕان و قاچی بە باوەش منەوە بوو. منیش خێرا گرتمەوە، سەر و چاوی درا بەناو ئاوەکەدا... بەتەما بووم بگری، بینیم، بە پرخە پرخەوە ووتی: بە بابە گیان ئاوەکە تیژە ... ووتم: ئاو چووە ناو لووتت کوڕەکەم... سەری بە پەلە هێنا خوارەوە یانی بەڵێ! ماچێکی ئاویەرم کرد، هەستم بە بۆنی تیژی«کۆلۆر» کرد...سەیری چاویم کرد بینیم سوورەوە بووە چومە قەراغ ئەستێرەکە ووتم : بە سمانە!؟ ووتی نا!خۆشە!بەس نیە. ووتم: دەباشە ... تۆ ئەبێ لەسەر لێواری ئەم ئەستێرەدا دابنیشی و قاچت بخەیتە ناو ئاوەکەوە، هەر ئەوەندە! هەتا من هەندێ مەلە ئەکەم ووتی باشە... « ئاویەر»م دانا و خۆم پاشە و پاش هاتمەوە بۆ قووڵایی ئەستێرەکە... هەندێ پشتە مەلەم کرد و برێ باسکە مەلە... هەر چاویشم لە ئاویەرەوە بوو کە خۆی فڕە نەداتە ناو ئاوەکەوە . بەڵام وادیار بوو لە ترسی ئەوەی ئاو نەچێتە چاویەوە جووڵەی نەکرد.

جار جار به دەنگی بەرز پێ‌ئەکەنی، به من پێ‌ئەکەنی. هەر کات من بازم ئەدا به ناو ئاوەکەدا«ئاویەر» به شلّپە شلّپی ئاوەکە ئەیدا لە قاقای پێ‌کەنین .

دوای چەن خول چووم بۆ لای کورەکەم، هێنامە ناو ئاوەکەوە بە دەستی ڕاستم گرتم و نام بە سینگمەوە.پشتی بە زگ و سینگی منەوە بوو. سەری بە دەرەوە بوو هەتا ژێر ملی لە ناو ئاودا بوو، لە خۆشیدا ئەیزریکاند... جار جار شەپۆلی ئاو ئەیدا بە سەر و چاویدا و هەندێ لەو ئاوە ئەچوە زگیەوە ، ئە یوت، بابە زۆر تالّە!!

پاش چەن خولەک هاتینە دەرەوە ... لە سەر عەرز دامنا... ووتی بابە خۆشە، با بڕۆین... ووتم نا، کوڕم ئەبێ خۆمان ئامادە کەین بۆ ڕوشتن. هەندێ نکە و نووکەی کرد. بەلّام کاتێ بینی من ئەڕۆم بەدوامدا هات . چووینە ژووری سۆناکەوە. ئەوەندە گەرم و بۆقاوی بوو هەناسەم گیرا. ووتم:«ئاویەر» تۆ مەیێ ژوورەوە...ووتی: حەز ئەکەم لە لات بم! ووتم دەی باشە ببە بەلّام ئەزانم خۆت وات لێ دێ بڕۆیتە دەرەوە...

فۆتەیەکم پێ بوو، هی زۆر کۆن بوو، بە لّام زۆر جوان و تازە مابووەوە، باوکم پێی‌دابووم. هەلّم گرتبوو، زیاتر لە بیست سالّ پێش ئێستا... فۆتەکەم بە سەر سەکۆکەدا، ڕاخست و پالّ کەوتم لە سەریدا. عەرزەکە ئەوەندە گەرم بوو هەر ئەتووت دۆزەخە زوو زوو خۆم ئەمبار و ئەو بار ئەکرد نەبا گەرما بمسوتێنێ! بە گازی پشتدا ئەکەوتم،

دەمەو ڕوو ئەبووم، بە لادا پاڵ ئەکەوتم... وەک مۆمی داگیرساوم لێهاتبوو، دڵۆپ دڵۆپ عارەقەم ئەکرد و بە گیانمدا ئاو ئەهاتە خوارەوە. پاش دە خولەک خۆم بۆ نەگیرا فۆتەکەم لە خۆم ئاڵاند و لە هۆڵی سۆنا هاتمە دەرەوە،ئاویەرم بینی کە لە لێواری ئەستێرەکەدا، دانیشتوە و قاچی خستوەتە ناو ئاوەکەوە. بانگم کرد، بە پەلە هات بۆ لام. کە چاوی بە فۆتەکەم کەوت دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: ئەشا باوکم بوە بە ژنەوە، ووتم:منیش نایکەمە بەرم ئیتر...

بە پەلە و مەراقەوە ووتی: بۆ؟ بە پێکەنینەوە ووتم: تۆ پێت جوان نیە و ئەڵێی باوکم بوە بە ژن!. زۆر بە ساکاری ووتی: باش!

منداڵ بووم جارێکیان لەگەڵ باوکم چووین بۆ حەمام، حەمامی دەرەوە. هەر کەسێکم بینی فۆتەکەی لە پێ کردبوو. فۆتەی سوور... کابراییێکم بینی لە بەردەم کابراییێکی تردا، دانیشتوە و ئەوی تر کیسەی لێ ئەدا. بە کیسە پشتی ئەشوت. یەکێ تر لەو لاوە ڕیشی ئەتاشی. کابراییێکم بینی لەلای خوارووی حەمامەکەدا هەڵترووشکابوو. وامزانی میز ئەکا. منیش میزم ئەهات. چووم لەلای ئەو زەلامە هەڵتروشکام و دەستم کرد بە میز کردن. کابراش لەپڕ لای کردەوە منی بینی لێم تووڕە بوو، ووتی لاچۆ ڕۆڵە! شوورەییە!

هەتا لای باوکم نەوەستام، بە باوکم ووت ئەو کابرا بەگژمدا چووە، ئاماژەم بە کابراکە کرد، هێشتا هەر بەو جۆرە هەڵترووشکابوو.

باوکم دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: هیچ نیە لێی گەڕێ، ووتم: خەریکە میز ئەکا. ووتی: قەی ناکا با میزەکەی بکا...

کاتێ گەورە بووم زانیم ئەو کابرایە میزی نەئەکرد، خۆی ئەتاشی!

من ئێستا سی وچوار ساڵ تەمەنمە. کۆمەڵگای ئێمە زۆر گۆڕدراوە، بە دەس خۆمان نیە ، ئەبێ بگۆڕدرێ. بیست ساڵ و بیست و پێنج ساڵ پێش لە ئێستا پیاو ئەگەر بچوایە بۆ حەمام مەجبوور بوو فۆتە بە بەر خۆیدا بدا. وایان پێ باشتر بوو کە پیاو لە حەمامدا فۆتە بدا بەخۆیدا، ئێستا وانیە. من زۆر کات بوو لە حەمامی گشتیدا خۆم نەشووتبوو. بەڵام نەمزانی بۆچی ئەو فۆتە فەقیرەم لەبەر چی هێنا دەرەوە؟! پێم وابوو باشتر وایە فۆتەکەم پێبێ.

لە ئاکامدا من و ئاویەر خۆمان ئاوکێشا و هاتینە دەرەوە. ئاویەر زۆر بە گەرمە باسی حەمام و ئەستێر و سۆناکەی بۆ ئەکردم! کاتێ لە ماڵەوە چاوی بە دایکی کەوت دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو مەلەوانگە کرد...

ژنەکەم هەر وەک هەمیشە گوێی لێگرت و پاشان ووتی: بڕۆ شۆرتەکەت هەڵخە با وشکەوە بێ، جوان بیگووشە با ئاوە چۆڕ ببێ زوو وشک بێتەوە.

ووتی: باشە!...

ئاویەر ڕۆیی ووتم: ئەو کوڕەی من زۆر ژیر و کوڕی چاکە...

ژنەکەم ووتی: بۆ؟

ووتم: بۆ ئەوەی لە باوکی خۆی ئەچێ!

دەستی بە پێکەنین کرد، ووتی: باش بۆ خۆتان بەینتان خۆش کردوە...

ووتم: زۆر شتی منداڵیم هاتەوە بیر. دیارە ئاویەر هۆی ئەم بیرەوەری‌یانە بوو...

ووتی: چۆن؟

ووتم: بڕوا بکە بە چرکەیەک دای لە مێشکم ووتم با ئەو فۆتە ببەم و دەستی ئاویەر بگرم و بچم بۆ حەمام وەک باوکم و خۆم... هەر ئەوەندە... ویستم هەندێ بیرەوەریم بۆ زیندوو بێتەوە، پێم وابێ ئەوە لە هەزار دۆعا و نزا و خێر و خێرات باشتر بێ بۆ باوکم... ویستم بڕۆمەوە دۆخی منداڵیم... بەڵکوو ڕۆژگارێک هەبێ ئاویەر بە یادی منەوە کوڕەکەی هەڵبگرێ وبیبات بۆ مەلەوانگە... تەنیا بۆ ئەوەی یادی من بکاتەوە...

تەواو

***٢٠٠٤/٢/٢٠***

## شەرم

قـومێکی لـە شووشـەی ودکـادا، قـومێکی قـورس و باشـی خواردەوە... تـامی تیژ و گـەرمی مـەشروب زمانـە چکۆلـەو گـەرووی کزانـدەوە. تـامی مـە شـروب لـەگـەڵ گـشت چێـژەکـانی دیکـەی دنیـا، جیاوازی تایبەتی هەیە. بەڵام لەگەڵ تـامی خـوێن لـە بوارێکدا یـەک ئـەگرنـەوە، ئـە ویـش ئـەوە یـە کـە هـەم مـەشـروب و هـەم خوێنیش،تیژاییەکەیان ئەدا لە بن گەروو.

سەرما تەنگی پێ هەڵچنیوە... سیستەمی گەرمای ماشینەکە بە جارێ لـە بـەرانبـەر سـەرمـای دەرەوە یـاس و کوڵۆڵـە... هـارەی مـاتۆڕی ماشینەکـە، هێدی هێدی وەک ویـرەی منداڵـێکی سـاوای لێدێ کـە سەرەتا بەرز و بە قەوەتە بەڵام ئەگەر مەمکی دایکی ئـەمژێ، ئـەبێ بـە مڵچەو نوزە... . پاشان دەنگی چوونە خوارەوەی شیرەکە لە گـەرووی دێتە گوێی کە لـەگـەڵ دوا دانـەوەی هـەناسـەیدا ئـەڵـێی خـسە خـسی ماتۆڕی ماشینێکە، کە بەنزینی نەماوە و کوژاوەتەوە و بـۆ مـاوەی چـەن خولەک خسەیێکی لێدێ و پاشان بێ دەنگ ئەبێ...

جەستەی هێشتا گەرم نەبوەتەوە. پەنجەی پێی تەزاوە. هەم لە سەرما و هەم بە هۆی ئەوەش کە نۆ کاتژمێرە هەر بەم جۆرە و بەم دەقە لە سـەر سەندەڵی ماشینەکە دانیشتوە و دەقی پێی نـەشکاوە... گـەرچـی چـەن جاریش پێویستی بـە دەس بـە ئـاو بـوە، بـەڵـام لـە حـەیبـەتی سـەرمـای دژوارو سەیری دەرەوە نەیتوانیوە بڕواتە دەرەوە و کاری خـوی جـێ بـە

جێ بکا، جیڕەی قایشی کەرستەی بەفر سڕینی ماشینەکە، بە سەر شووشەی بەردەمی‌دا ئەیخاتەوە بیری ژنەکەی... بە تایبەت کە لە سەر شووشەکەدا چەن لەتکە بەفری بچووک بە هۆی گەرمای ژووری ماشینەکە تواونەتەوە، و لە دوو، سێ جێدا بە سەر شووشە کەدا هاتوونەتە خوار و وەک جۆگەیەکی ئاو ڕێگە بەرەو خوار ئەبڕن... هەر لە تکەی ئەو ئاوانە ئەچێ وا، هەمووجارێ لە بەدەنی سپی و بێ گەردی ژنەکەی ئەتکێ. کاتی لە حەمام هاتنە دەری ژنەکەی چەن جار ئەو حاڵەتەی بینیوە... ئەویش بە هێمنی چوەتە پێشەوە و خاولی لە جەستەی ژنەکەی کردوەتەوە و دەست ولێوی خشاندووە بە سینگ و باسک و پشتی ژنەکەی‌دا... جیڕەی دەستی وددەمی بە سەر بەدەنی خاوێن و تەڕی ژنەکەی هەر لە کایەی بەفر پاککەر و بەفر و شووشەی ماشینەکە ئەچێ...

بە هاتنەوە بیری بەدەنی گەرمی ژنەکەی، تەزێکی خۆش ئەدا لە ژێر دڵی... شادەماری لای ملی ئەبزوێ... حەز ئەکا خۆزگا ئێستا لەگەڵ ژنەکەی ببوایە... ڕادیۆ کە ئەگرێ. دەنگی مووزیکی لێوە پەخش ئەبێ... نازانێ بە چ زمانێکە بەڵام ئەوەندە ئەزانێ پێی خۆش نیە... شەپۆلی ڕادیۆ ئەگۆڕێ، بە دووقامکی دەستی ڕاستی بزوێنی ڕادیۆکە ئەسوڕێنێ. هاژە و پارازیت و مووزیک و دەنگی ژن و پیاوانێکی جۆراوجۆر دێن و ئەڕۆن. بەڵام دەنگی زەنگی کاتژمێرە بەناو بانگەکەی لەندەن ***big ban*** دێتە سەر هێڵی ڕادیۆکەوە...

ئەها...ڕادیۆ***B.B.C***... ڕیتمی ئەم زەنگە، یەک مێلۆدی سێ نۆتی‌یە و بریتی‌یە لە***Mi،Re،Do***...پاشان بۆ سێ خولیش بێ‌دەنگی و دیسان هەمان ڕیتم... دەنگی ئەم زەنگە هەندێ هێمن و وریای ئەکاتەوە...
جگەرەیەک هەڵئەکات ... کاتێ جگەرەکە لە نێوان دووقامکی دووهەم و قامکی ناوینی ئەگرێ و لەپی دەستی ئەکەوێ لە سمێڵەکانی، دەستی تەڕ ئەبێ، سەرمای ئەو تەڕایی‌یە کە ئەدرێ لە دەستی، بە دەستی چەپی کە فەرمانی ماشینەکەی گرتوە و ئێستا بۆ چەن خول بەری‌داوە، سمێڵی ئەسرێت و دەستە تەڕە گازۆڵی‌یەکەی ئەخشێنێ بە قەراغی لای چەپی سەندەڵیەکەی‌دا... دەستی ئەسڕێتەوە... مژ لە جگەرەکەی ئەدا... تامێکی سە یری هەیە... چێژی جگەرەکە و چێژی گازۆڵ، لە سەر زار و زمانی‌دا تامێکی سەیری درووست کرد. نازانێ چ ناوێ لەو تامە بنێ؟ تاڵ؟ تیژ؟ مزر؟! هەرچی بیر ئەکاتەوە نازانێ ئەو تامە چ ناوێکی هەیە؟!... بەفر و کرێوەیەکی سەیرە... چاو،چاو نابینێ! سەیری کاتژمێرەکەی دەستی ئەکا **٢٢:٥٥**... لە پاش خواردنی نیوە ڕۆوە هەر خەریکی سڕینەوەی ڕێگە و بانە لە بەفر... هەم خۆی و هەم ماشینەکەی لە نیوە ڕۆوە خەریکی سڕینەوەی بەفری سەر ڕێگان... بیری لەوە کردەوە جاران، پێش لەوەی کەرستە و مەکینە و دایرەی ڕێگە و بان دابهێنرێ بەم کارەیان چی ئەووت؟ واتە خەڵک چۆن لە بەفردا ئەهاتن و ئەچوون چۆن ڕێگایان ئەدۆزیەوە؟! کێ ڕچەی بۆ ئەشکاندن؟...

لەم ناوچەدا جاروا بووە«بەفر بارین» لە ناوقەدی پاییزەوە دەستی پێکردوە...واتە لە سەرەتای نۆڤەمبێرەوە... ئەم ناوچە بەشێکە لە زنجیرە چیاکانی زا گرۆس: بەرز و سەغڵەت و خاوەن وشکە سەرماییێکی وزە پڕوکێن... ئەم رەوتەش جاروابووە هەتا دەسپێکی هاوین درێژەی هەبووە... واتە سەرەتاکانی جوولای...

لەم هەرێمەدا سەرما، وەرزەکان دەسنیشان ئەکا. بە سەر ئەوەشدا، ئەم ناوچە شاخاویە هەمووساڵێک بێ وچان چوار وەرزی سروشت بە خۆیەوە ئەبینێ... هەموو هێما و نیشانەکانی چوار وەرزەکە، لە سەر وەختی خۆیاندا یان بە هەندێ درەنگ و زوویی سەر هەڵئەدەن: سەرەتا لە مارسدا، لە ناو جەڵغە بەفراوی کێوەکاندا گوڵاڵە گەزیزە سەوز ئەبێ . پاشان کەنگر...، شوانەکان شوێنی ڕوانی کەنگریان لە ساڵی پارەوە دیاری کردوە... ڕاست ئەچنە سەر ڕووگەی کەنگرەکان... دوای کەنگریش کاتی پێگەیشتنی ڕێواسە... لەم وەختانەدایە چرۆی دارەکان هەڵپشکووتوە و چۆلە بادەم دێتە ئارا... باران و تەرزە و برووسکە و کارگ... لە مانگی جووندا جۆ زەرد ئەبێ و ئەیدرون. سێ مانگەی هاوینیش بە گەرما و گڕکە و قەیسی و پاییزیش بە کوێرەوەرییەوە دێت و دیسان باران و هەور و هەڵا و بەفر و بۆران...

سروشتی ناوچەکە بەرز و شاخاویە... بەفرگرە و وشکە سەرمای هەیە. کەل و ملەکانی ئەم شاخانە زۆربەی مانگەکان بەفریان لێ نیشتوە. بەرزن...بەرز...

گەرچی هاتنی کەرستەی میکانیکی و تیکنۆلۆژی پێشکەوتووی ڕێگە و بان دەماری شاخە بەرزەکانی زاگرۆسی دەر هێناوە و بە ئەسفالت و توونێل جەرگی چیاکانیان کون کردوە بەڵام نەیانتوانیوە بەر بە بارینی بەفری قورس و بێ بەزەیی ئاسمانی بگرن... هەروەک ئەمشەو، کاتژمێر ***۲۲:۵۵*** ، کە بەفر بێ وچان ئەباری... بێ بەزەیی...شووشەکان... بەفر لەوبەریانەوە، وا بە چڕی ئەبارێ کە زەحمەتە بزانرێ هەڵمی لێ نیشتوە یان نا... خاڵە ڕەشەکانی تاریکایی شەو بە دەگمەن لە بەرەی سپیایی بۆراندا دەر ئەکەون... چاوێک بە شووشەی لای چەپیەوە ئەخشێنێ... ئەم لاش وەک لای ڕاست و بەردەمیەتی... دەنگی زەنگی دەسپێکی***BBC*** لە ڕادیووە دێ . تێکەڵە بە هاژە و پارازیتەوە... دینگ...دینگ...دینگ... باشە بەس نیە ئەم ڕادیۆشی هەیە... دەنگی هێمن و سێ چرکەی ئەم زەنگە هێمنایەتی یەکی زووڕەس و باشە بۆ لەناو بردنی هەستی تەنیایی و بێ کەسی ناو ئەم بۆرانە... ورەی ژیر ئەبێت... ماشینەکەی خەریکە ئەنقێنێ و لە خۆی ئەنەوێ... ئەڵێی مەجبووریان کردوە لە باتی هەڵمژینی بەفری سەر ڕێگاکە، ئەسفاڵتەکە هەڵمژێ... دووشاخی سەر کاپووتی ئۆتۆمبیلەکە، بەفرەکان بە خێراییێکی زۆرەوە فڕە ئەدەنە

دەرەوەی جادەکە... ئەڵێی هەڵدێری بەفرن... جگەرەیەک هەڵئەکا... دووکەڵی جگەرەکە ئەچێتە چاویەوە... خەریکە کوێربێ... فرمێسک بە چاوی ڕاستیدا دێتە خوار... لە ناو لێڵایی و تەمی چاویدا سێرەی ژنەکە ی دێتە بەر چاوی...ئای خودایە چەن خۆشم ئەوێ... بە خودا جوان و بەڕێزە... هەستێکی خوشەویست ڕوو لە ناخی ئەکا... بیری لێ ئەکاتەوە چەندە ئەو ژنەی خوش ئەوێ... لە پڕ بیر لە لەشی خوی ئەکاتەوە... بیر لە خۆی ئەکاتەوە...ئێستا ئەزانێ چەندە خۆی بە هوی ژنەکەیەوە خوش ئەوێ... ئەم جەستە بۆنەی خوشەویست بوونیەتی لە دڵ ژنەکە یدا... کە وایە ئەم جەستەیە، ئەم کەسایەتیە زۆر نازەنین و خۆشەویستە،کە وا ژنەکەی بە وەی زانیوە و ئەویندارییەتی...لە بیریدایە و کات دەرباز ئەکا بۆ دیتن و بۆن کردن و دەست پێدا خشاندنی. کاتێ بیر لەم شتانە ئەکاتەوە،جیدیەوە ئەبێ. قورس و قایم تر ئەبێ... دەندە(گیر) ئەگۆڕێ... ئۆتۆمبیلەکەش ورەی پێدا دێتەوە، وزەی زۆرتر ئەبێ... ئەگرمێنێ... ئەڵێی ئەسپەو بە جووتەدەس بەرز ئەبێتەوە و پڕ بە گەرووی بە گوێی بیاباندا ئەحیلێنێ...

ماشێنە بەفرە خۆرەکە، ئەڵێی منداڵێکی ساوایە و چا هەڵدەقوڕێنێ، ئەڵێی بایەو بە ناو گۆزەدا پەنگ ئەخوا... هووره و هووژەی دێ... بەفری سەر ڕێگە هەڵئەلووشێ. لە پڕ چاوی بە تابلۆییێک ئەکەوێ بە لای ڕاستی جادەدا چەقاوە. تابلۆییێکی سێ گوشەیە. هێمای پردێکە. هەندێ ترس ئەکەوێتە دڵیەوە... چەن مەترێکی تر بنارەکە تەواو ئەبێ

و ئەبێ سەر پردەکە خاوێن بکاتەوە... تەلبەندی دوولایەنی پردەکە بە زۆر ئەبیندرێ...بەڵام نیتکە ڕەشەکانی تاریکایی شەو لە ناو سپیایی بەفرو بۆرانەکەدا وا ئەچێ زۆرترن... باشە...دەستم ئاوەڵاترە...چاوم باشتر هانائەکا بەردەمم ببینم...
لە پڕ شریخەیەکی تیژ لە مەکینەی بەفر جاوینی پێش ئۆتۆمبێلەکە بەرز ئەبێتەوە. ئەڵێی تووشی ژانە زگ بوە و چرکە بە دەور ناوکیدا دێ. چەن خول ناخایێنێ شاخەکانی سە ر کاپووتەکە بەفر فڕەنادەن...حاح... مەکینەی بەفر جاوینی ئۆتۆمبێلەکەش شکا...دیارە بەردێکی هە ڵ لووشیوە! ماشینەکە وەک زەلامێکی بریندار وەک چارواییێکی ماندوو، لە جێی خۆیدا بە هیلاکی هەناسکە هەناسکیەتی...
ڕادیۆکە ئەکوژێنێتەوە... چەن جار دەست ئەدا لە بزوێنەکانی بەردەمی...یەک لەو بزوێنانە تایبەتی مەکینەی بەفر جاوینی ئۆتۆمبێلەکەیە...نا!... بە جارێ لە کار کەوتوە...باشە ئەم بەردە پیسە بۆ ئەبێ لەم کاتەدا و لەم شاڵاوەدا بکەوێتە ناو ئەم دەزگایەو بیشکێنێ... خۆ هەتا ڕۆژ ئەبێتەوە، چوار مەتر بەفری تێئەکا و ڕێگای وڵات هەموو ئەگیردرێ... چی بکەم؟!...
دائەبەزێ... بە لێشاو بەفر و با دێتە ناو ماشینەکەوە... دەرگا دائەخا...چراکانی ئۆتۆمبێلەکە هەڵکراون هەتا یەک دوو مەتری بەردەم خۆی ڕوون کردوەتەوە... ئەچێتە پێش کەرستەکە... سێ ڕیز

ئاسنی پێچەڵاو پێچ، بە درێژاوار لە ئاست یەکدا هەڵچنراون. کونێکی نیومەتریش لە ناوەڕاستی قاوخی مەکینەکە و لە پشت سێ ئاسنە تیژ وپێچەڵاو پێچەکەدایە. ئەڵێی چنگی قرژانگەو لەپی کردوەتەوە. لە ناو هلۆڵی ئەو کونەدا، ئامیرێکی ئاسنین دانراوە، وەک زمانە چکۆلە... ئە و ئامێرە ئەسووڕێ و ئەو بەفرانەی وا سێ ئاسنە تیژەکە دایئەبڕن، هەڵیئەمژێ و ئەیجاوێ و لەو دووشاخەوە دەری ئەدا... بەڵام ئێستا ئەم ئامێرە، ئەم زمانە چکۆلە هەڵناسووڕێ و بەم هۆیەشەوە بەفر هەڵنالووشێ و لەو دوو ڕێگەی دەر دانەوە، فرە نادرێتە دەرەوە . ئەم کردەوە یان دژ کردەوە، لە ئاستی خۆیدا هەرچی بێ، گرینگ ئەوەیە قەیرانێک تووشی پرۆسە ی پاکتاو کردنی ڕێگە و بان لەم ناوچە ئەکا... بەفریش هەر ئەبارێ... بێ وچان. ئەڵێی خەرمانانە و کاتی هەڵگرتنی خەرمانە و چەن جووتیار خەریکی شەنن. چاو ، چاو نابینێ...

«زۆر باشە! ئێستا ئەبێ چ بکەم؟!» ئەم پرسیارە لە خۆی ئەکا.«خۆ دەستم بە هیچ کوێ ناگا!». «هەی لەم چەرمە سەریە!!...» ئەمانە لە دڵ خۆیەوە ئەڵێ. «چی بکەم باشە؟!»

هەموو ئەم ڕستانە لە بەر خۆیەوە وارتە و ویرە ئەکا... بە ڕاستی تووشی کێشەیەکی گرینگ هاتوە. یان باشترە بگوترێ کێشەیەک لە ناکاو بەرۆکی گرتوە... هاڕەی ماتۆڕی ماشینەکە پڕ بە گەرووی خۆیەتی بەڵام بۆران کەشێکی کپ و چڕی پێک هێناوە و ماشینەکە

هەر بە قەد قەڵافەتی خۆی دەنگی ئەڕوا، هەر بە قەد **٢٠،٢٥** مەتری چوارگۆشە...

هەست بەم بێ دەسەڵاتیە ئەکا. دووجار بێ دەسەڵاتی لەم بەرەدا هەست ئەکا. یەکیان هی خۆیەتی و دووهەمیش هی کەرستەکەی ماشینی بە فر خۆرەکەی!!... دڵی دائەخورپێ... حەز ناکا لەم شانۆیەدا کە لە ناکاو هاتە ئاراوە ڕۆڵی کارەکتەرێکی بێ دەسەڵات بگرێتە ئەستۆ. بە ڕقەوە سواری ماشینەکەی ئەبێ... کاتێ ئەچێتە پشت ڕۆڵ هەندێ ورەی بە خۆیدا دێتەوە... دەست ئەخشێنێ بە سەر ڕۆڵەکەدا ناخی هێور ئەبێتەوە... غوروری تێک شکاوی هەندێک زیندوو ئەبێتەوە... بێ ئەوەی خۆی بزانێ سوار بوونەکەی بوەتە هۆی زیندوو بوونەوەی ورەی... ڕاستیەکەی ئەوەبوو، ورەی، هە ستی بە بێ دەسەڵاتی کردبوو، کە سواری ماشینەکە بوو، ورەیشی بەرزەوەبوو. هەموو ئەم ڕووداوانەش بە هۆی یەک شت بوو...: لە ناو ئەم کەش و هەوا سامناک و بێ دەسەڵاتیەدا، مرۆڤ ئامرازێکی شک برد کە خۆی لە تاوانی« بێ دەسەڵاتی چارە نووسی هەمیشەیی ئینسان» بپەڕێنێتەوە... تۆ بزانە مرۆڤ چەندە ئازایە کە هەمووشتی خستوەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە... هەموو شت...تەنانەت تەنیایی خۆی لەم ڕێگە تاریک و دوور و درێژەشدا...«ڕاستە ماشێنەکە بێدەسەڵاتترە»... ئەمەی بە خۆت ووت. دیسان ئینسان لەغاوی خستە دەم تەنیایی و

ترس و بێ دەسەڵاتیەوە...چۆن سواری ماشینەکەی بوو، سواری ئەو سێ شتەش بوەوە...
بێ ئاگا دەس ئەبات و دەرکی داشبۆرتەکە ئەکاتەوە... شووشەکە دەر ئەهێنێ و سەری بوتڵەکە با ئەدا و ئەیکاتەوە... بۆنی تیژو دژواری ئەلکۆل لووتی ئەکزێنێتەوە... ئەڵێی گۆشتی ناو لووتی ئەبرژێنن... هەناسە یەک قایم هەڵ ئەکێشێ... پێی خۆشە تەڕایی ناو سیەکانیشی بە بۆنی دژواری ئالکۆل بهێنێتە کوڵ و هەڵمی لێ هە ستێنێ...
قومێک لە عارەقەکە ئەدا... لێو، ددان، زمان، مەڵاشوو، کونە لووتەکان و قوڕگ و ناو زگی برژایەوە... ئاخ... ڕۆحت شاد!... با جارێ ئەو عارەقە لە ناو دڵمدا پەنگ بخواتەوە. هیچ شتێ لەم دنیادا تامی عارەقی کشمیش نادات! نە جانی واکێر، نە پێنج پاڵەوان و نە ودکا و کونیاک... هیچیان شەرەفیان بە قەد عارەقی کشمیش بەرز نیە»...
ئەمانە بە خۆی ئەڵێتەوە... لە شی خەریکە گەرم دادێ. شادەماری ملی توند و گەرم و خێرا لێ ئەدا. زۆر سە یرە ئەم قومەی کە خواردیەوە کاری زۆرتر کردوە... بە قەد چوار قومی جاران خەست و خۆڵتر وزەی مە ستی پێوە بوو... وزەی مەستی... وشەیەکی تازە!!!
لە گەرمەی ئەم نەشەیی و مەستیـیەدایە... ئەرێ... ئەڵێی خەریکە زەوی ئە هەژێت...
دەست ئەداتە ڕادیۆکە شە پول ئەخاتە ***FM*** دەنگی مۆسیقای لێدێ ... «لە من ڕا خۆ خەتایێ ڕووی نەداوە...» دەنگی ژنێکە، ژنێکی گۆرانی

بێژ خەریکە هەڵبەستێک بە دەنگی ژنانەی خۆی ئەڵێتەوە... ئەو دەنگە ژنانەیە چەن خۆشە... چەندە پیاو پڕ ئەکات... واتە چەندە نیوەی خاڵی پیاو پڕ ئەکات... بۆشایی نیوەی پیاو پڕ ئەکاتەوە... ئەڵێی ئەو دەنگە بە تەنیا خۆی کە سایەتی هەیە، ناسنامە ی هە یە، ناسنامەی مرۆڤێکی فیزیکی کە وەک بەشەرێک ناوی لە ئۆفیسی ئامار و نفووس‌دا دەر چووە. کەسایەتی یەک بەشەری و هەست پێ‌کراوی هە یە کە سنووری نادیاری مێغناتیس و شەپۆلی ڕادیۆ ئەبەزێنێ و تەنانەت تاڵە نادیارەکانی چۆنیەتی هەبوونی خۆی کە گرێ دراوی زاتی خاوەنە فیزیکی‌یەکەیەتی ئەبڕێ و کەسایەتی سەر بەخۆی هە یە. واتە دووکەس لە جەستەیەک دان، یەکیان کەسایەتی ژنە گۆرانی بێژەکەیە و دووهەم کەسایەتی دەنگی ژنە گۆرانی بێژەکەیە... و زۆر سەیرە کەسایەتی دووهەمی وێنەی ژنەکە لەم شەوە ساردە بەفراویە بێ بەزەیی‌یە تەنیا بارەدا، ئەهێنێتە قەبارەی ژنەکەی خۆی...

«ژنە جوانەکەم... بمبوورە بەجێت ئەهێڵم»! بە خۆی وائەڵێ... بمبوورە کە هەر لە سەرەتاوە فێری تەنیاییت ئەکەم! ...

بیست ویەک مانگە ژیانی هاوبەشیان بنیات ناوە. خۆشیانە... پێکەوە باشن... یەکیان خۆش ئەوێ ... ژنەکەی کارمەندی یەکێ لە ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانە... هەڵبەت نەک نووسەر یان هەواڵنێر بێ... نا... لە بەشی کۆمپیۆتێردایە... لە پشت مۆنیتۆرێک‌دایە و خەریکی کاری خۆیەتی... ڕیزی دەرئامەدی کارمەندان ئەنووسێ ... کارەکەی

گرێدراوەی بەشی دەبیرخانەی ڕۆژنامەکەیە ... دیارە لە ماڵ ئەواندا تەنیا تەلەویزیۆن و ساتەلایتیان زور بەدەگمەن ڕادیو ئامرازێ بوەبۆ ئاگەداری لە هەواڵەکانی ڕۆژانە ... ئەویش ئەگەر دەستیان بگات!!. بەڵام کاتێ لەگەڵ خێزانیدا زەماوندیان کرد پێی وابوو ژیانی ئەوانیش تووشی دڵە تەپێ و جەنجاڵی ژیانی ژوورناڵیستەکان ئەبێ. یان لانی کەم بە هۆی ژنەکەیەوە زووتر لە خەڵکی ئاسایی ئاگەداری ڕەوشی وڵات و دنیا ئەبن. بەڵام نا... وا نەبوو... زۆر زوو لێی ئایەن بوو ژیانی خۆی و ژنەکەی ئەو شتانەی تێدا بە سەر نابێ و بەڵکوو کەشی ژیانی هاوسەرییان بگرە زۆر هێمنتر و ئاسایی ترە لە ژیانی هاوسەری کەسانی تر کە ئەیناسی...

زۆر جار لە هەفتە سەرەتاییەکانی هاوسەرییاندا وەک ئەڵێن«تازە زاوا» و«تازە بووک» بوون، هەندێ لە دۆستانی خۆی کە سەرو گوێیان بە قسەو باسی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بڕابوو تەلەفوونیان بۆ ئەکرد و بۆ نمونە پرسیاریان لە بارەی سەرکەوتن و دابەزینی نرخی دراوەکانەوە ئەکرد، یان ئەیانویست لە ژنەکەی پرسیار بکەن مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەی بەیانی چیە... خودا هەڵناگرێ ژنەکەی بە مێهرەبانییەوە وەڵامی ئەداوە،ئەیووت نازانم، ئاگام لێ نیە... بەڕاستی ئاگاشی لێ نەبوو، بە هۆی ئەوەوە کە یەک: ئەو لە بەشی ئیداریدا کاری ئەکرد دووهەم: ڕۆژنامەکە بە زمانی ئینگلیزی دەر ئەچوو، ئەویش ئینگلیزی باش نە دەزانی...

ئەڵبەت ئەم هۆکارە دواییی‌یە بەلای کەسەوە باس نەکرابوو و باسیش نەدەکرا... بەڵام هۆی یەکەم کرا بە بیانووی ئاگەدارنەبوون لە ڕەوشی ڕۆژانەی وڵاتەوە... ئەوە بوو هێدی هێدی دۆستان لە پرسیار کردن تاکانەوە و لە سەر ئەو بنەماش‌دا بوو خێزانەکە هێور بوەوە...

ئەڵبەت لە باری دڵی خوی‌دا هەستی بەوە کرد خێزانەکە لە کێشەیەک خود بە خود لادرا... قەتیش لەگەڵ ژنەکەی لەم بارەوە قسەی نەکرد... ژنەکەی بەم هۆیەوە قەت هەستی بە سەر شۆڕی‌یەک یان چەڵەمە و کێشەیەک نەدەکرد... ڕەنگە ئەگەر بیزانی‌بایە مێردەکەی بەم جۆرە بیر ئەکاتەوە تووڕەش ببوایە و دڵیشی بێشایە...

... و ئێستاش بۆ نۆ مانگ ئەچێ سەریان بە منداڵەکەیانەوە قاڵە کە هەتا چەن ماوەیەکی تر لە دایک ئەبێ... چەن مانگ لە مەو بەر ژنەکەی چوو بۆ لای سۆنۆلۆژیست و تاقی کرا و پیان ووت منداڵەکەی کورە...

بەڵام زۆر بەلایەوە سەیرە، ئێستاش بە دوای هەستێکی خۆی‌دا ئەچێ کە نازانێ ئەو هەستە دەروونیەی سەر چاوەکەی لە کوێوەبوو، بۆچی بە دڵی‌دا هات و بۆچی ئاوا بەم چەشنەش چەن مانگی ڕەبەقە تووشی بووە و لە ملی نابێتەوە...

ئەو هەستەش، شەرمێکە و بەرۆکی پێ‌گرتوە... ناشزانێ بۆچی ئەبێ شەرم بکا و لە چی ئەبێ شەرم بکا ؟ ئەم شەرمەش لەو کاتەوە دای‌گرت کە ژنەکەی بە خۆشحاڵی‌یەوە پێی گووت، وەڵامی

تاقیگه«ئەرێ»یە و زگی هەیە... ئەویش لە ئەو پەڕی کامەرانی و بەختەوەریدا دەستی کردە گەردنی ژنەکەی و ماچی کرد، بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەو شادیە گەورەی خۆی و ژنەکەی، شەرمێک دای گرت... نەیزانی ئەو شەرمە لە کوێوە هات؟

شەوی یەکەمی ژیانی هاوبەشیان شەوێکی خۆش بوو. شەوێکی پڕ لە ئەوین و گەرما و یاوی کامەرانی شەهوانی... ئەو شەوە هەتا بەیان نەخەوتن هەر بە خەبەر بوون... خەویان نەدەهات یان باشترە بڵێین خەویان لێ نەدەکەوت. ئەتووت لە دەستیان دەر ئەچێ... شەوانی دواتریش هەر وەک تر... بە ڕۆژیشدا، هەر لە بیر یەکتردا بون... بە تەلەفوونە دەستیەکانیان پەیامیان ئاراستەی یەکتر ئەکرد... ماچیان بۆ یەک بەرێ ئەکرد... ژنەکەی تەنیا بە تەلەفوون قەناعەتی نەدەکرد، هێڵی ئینتەرنەتی لە بەر دەستدابوو... بە ئینتەرنەتیش، پەیامی عاشقانەی بۆ ئەنارد: ***I Love you!*** ، ماچت ئەکەم، ئەوینە خۆشەویستەکەم...، ئەگەر کاری ئۆفیسیان تەواو بوو، ئەگەڕانەوە بۆ ماڵەکەیان، یەکیان ماچ ئەکرد، بە قوربان و سەدەقەی یەک ئەبوون... کاتێ میوانیان بۆ ئەهات یان بۆ میوانی بۆ ماڵێک ئەچوون لە هەر مەودایێک کە ئەکەوتە چنگیان چاویان لە یەک دائەگرت، ئیشارەیان لە یەک ئەدرد. هەر ئەتووت کچە زۆکێ و کوڕە زۆکێن و تازە فێری عاشقێنی و ئەویندارى بوون... پەیوەندیە سێکسیەکانیان پڕ بوو لە هەستی گەرم و شەهوانی... قەت لە گەرما و تاوی لەشی یەک تێر

نەئەبوون کاتێ یەکیان ئەگرت ئەتووت بە لەحیم و قاڵایی ئەیاننوسێنن بە یەکەوە...

ئەو کاتەی وا لە زانکۆدا بوو بە لێشاو لەگەڵ کچانی کالێجدا پەیوەندی هەبوو، سەرجەم مرۆڤێکی نەترس و کراوە بوو... قۆز و شێوە پیاو بوو... بنەماڵەکەیشی دارا بوو. ئەمانە دەرفەتی مانۆڕی زیاتری پێدابوو...کاتێ پلەی ئەندازیاری مێکانیکی وەر گرت، بە بوورسی دەوڵەت ناردرایە هەندەران بۆ گرتنی پلەی پسپۆڕی لە هەمان بەشدا. لە ئەڵمان خولی مەکینەی ڕێگا و بان و کەرستەی تایبەتی بینی... پاش دوو ساڵ گەڕاوە وڵات و لە ئۆفیسی ڕێگا و بان دامەزرا و کرایە بەر پرسی بەشی پاراستن و هێمنی ڕێگاکانی یەکێ لە پارێزگاکان... بەڵام خۆی ئەرکی شۆفێری کەرستەی«ئوشکوش» یان بەفر خۆری گرتە ئەستۆ... لە ڕاستیدا خۆی لە ئەڵمانیا دەورەی تایبەتی ئوشکوشی بینیبوو. باشە بۆچی ئێستا پەیوەندیمان جۆرێکی لێ هاتوە؟! بۆچی هەر لە خۆمەوە لەو ژنە داماوە تاکاومەتەوە؟!»...

... «خۆزگە ئەوەندە بەفر ئەباری کە سەری خۆم و ماشێنەکە داپۆشێ و لەژێر بەفردا نوقم ببوایێتم...» هەست بە بێ دەسەڵاتیەکی عەجایەب ئەکا. خۆی بە گوناهبار ئەزانێ...

بە بێتاقەتی، ماشینەکەی وەر ئەگەڕێنێ بەرەو دوا، بەفر زۆر ئەبارێ... بەڵام مەجبوورە... ئەبێ بگەڕێتەوە، مانەوەی لێرە، لە ناو ئەم ڕێگەدا

هیچ سوودی نیە. کاتێ ماشینەکەی کەڵکی نەماوە و بەفری سەر ڕێگا خاوێن ناکاتەوە، پەکی کار کەوتوە و مانەوە، کاری بێ کاریە...
ئەگەڕێتەوە... ماشینەکەش وادیارە شەرمەزارە... شەرمەزارە لەوەی نەیتوانی هەتا ئاکام ڕێگا بپێوێ. لە ناوقەد دا بە سەر شۆڕی ئەگەڕێتەوە... ئەبێ خۆی ساغ بکاتەوە و دیسان ئەبێ لە خاڵی دەسپێکەوە بەری لێ بگرێ و ڕێگە بپێوێ... ئەوەش ناخۆشە...دوپات کردنەوە... ماشینەکەی هەڵتەکیەتی...
ئەگاتە سەرەو ژووریەک... چەن مەتر ئەپێوێ. هەناسەی سوار ئەبێ...، دەندە (گیر) ئەگۆڕێ،کرەی گۆڕینی دەندە لە گیر بۆکسەکەوە بەرز ئەبێتەوە، ئەڵێی ژان بە ناوزگی ماشینەکەدا دێ... بەرەو ژوور ئەبێتەوە...بەفر ئەبارێ... بەفر ئەبارێ و بە خێرایی ئەدرێ بە شووشەی ماشینەکەدا، ئەڵێی ئاسمان ڕقی هەستاوە... ئەڵێی تووشی تاوانێک بوە و ئاسمان تف ئەکا لە ناوچاوی زەوی و بەم جۆرە شەرمەزاری ئەکا... حاڵی ماشینەکەش لەم کاتەدا هیچ لە حاڵی خاوەنەکەی باشتر نیە... لە دەروونی هەر دووکیاندا هەست بە شەرم و شەرمەزاری ئەکرێ... ئەگەنە بەرزاییەکە، خوار ئەبنەوە... ئەوەندەیان نەماوە... ئەوەندەیان نەماوە بگەنە بنکەی ناو ڕێگەی دایرە... بنکەی لێژنەی سڕینەوەی ڕێگە و بان... چوار پێنج دەقیقەی ترماوە...

«ژنەکەم بۆ وا ئەکا؟!... بۆچی لە بەر چاوم گۆڕدراوە... بۆچی من وام لێ هاتوە؟! یان من لە بەر چاوی بە جۆرێ گۆڕاوم؟...بۆچی وامان لێ هاتوە؟!...نا... خودا هەڵناگرێ نا...چیم لێ بکا؟! هیچ شتێک نەگۆڕدراوە...! نا...نا... من زۆر جار تووشی خەیاڵ و خەتەرەی وا...ئەبم...نا...ژنەکەم منی خۆش ئەوێ... دوومانگە لە ماڵەوەیە و نارِواتە سەرکارو هەر خەریکی فرمانی ماڵەوەیە... ئەمە گوایە پشوویان پێ داوە بۆ منداڵ بوونی... خۆ هەر پشوو نادا... هەر هەڵئەسوورِێ و پشوو نادا... ئەڵەی سەقام و سرەوتنی بۆ نەهاتوە... زۆر زەحمەت ئەکێشێ... بە سەر ئەوەشدا کە دووگیانە و زۆر زەحمەتی لە سەردایە ئەبێ خزمەتی منیش بکا... ئەبێ بۆچی بگۆڕدرێ لە من؟! نا... هەرمنم لە گەڵ ئەو گۆڕاوم... ڕاستە هەر منم کە گۆڕدراوم... باشە... بۆچی ئەبێ بگۆڕدرێم؟

ئەم پرسیارە چەن مانگە لە خۆی ئەکات و وەڵامی بۆ نابینێتەوە...

. . . هەر لە ژوورەکەدا ژنەکەی وەڵامی تاقیگەی دا بە دەستیەوە تووشی ئەم کێشە بوو کە بۆچی هەست بە شەرم و دووره پەرِیزیەکی دەرونی لە بەرانبەر ژنەکەیدا ئەکات...؟!... ئەگاتە بەر دەم بارەگاکە، بە سەر تابلۆیێکی سپی گەورەدا بە دێرێکی رِەش نووسراوە(ئۆفیسی ڕێگا و بانی پارێزگای دهۆک/ بنکەی سڕینەوەی بەفری شاری ئاکرێ)...

ئەچێتە ژوورەوە... یەکێ لە هاوکارانی بە پیری‌یەوە دێ... پێی ئەڵێ زمانەی مەکینەی بەفر خۆری ماشێنەکە شکاوە... ئەویش ئەڵێ گرینگ نیە، ماشێنە بەفر خۆرەکەی تر ئەخەینە ناو ڕێگەوە... دیارە پەکمان ناکەوێ...

ئەچێتە ژووری دانیشتنەوە... گەرم و خۆشە... چاییەک بۆ خۆی تێ‌ئەکا... زڕەی تەلەفوون بەرز ئەبێتەوە... هەڵی ئەگرێ... لەو بەری هێڵدا، دەنگی یەکێ لە فەرمانبەرەکانی بەشی ڕاگەیاندنی تەلەفوونی ئۆفیسەکەیانە... لە گەڵی‌دا نێوانی زۆر خۆشە... ئەویش بێ ئەوەی بزانێ لەم بەری هێڵدا کێ‌یە تەلەفوونەکەی هەڵگرتوە ئەڵێ: تکایە ئەم پەیامە بدەن بە بەرێوەبەری بنکەکەتان...

- بەڵێ فەرموون...
- ماندوو نەبن... شەوتان باش
- زۆر سپاس، فەرموو گوێم لێتە!
- قوربان! خێزانی کارمەند ش.ف بە داخەوە ئەم ئێوارە بە هۆی منداڵ بوون، بە سەر زگەوە چوو... تکایە ئاگەداری کەنەوە، زووبگاتەوە ناوشار...

... شووی بە من کرد، با من بم بە کەرستەی پێش خستنی مەرگی... فرمێسک بە چاوی‌دا هاتە خوارەوە...

# سیمفۆنیای مێش

**کورتە شانۆ:**

**کەسایەتی‌یەکان:**

**١-گورگ ٢- بۆمبا ٣- گۆچان ٤- مێش.**

[ پەردە هەڵئەدرێتەوە ]

(ڕەنگی زاڵ بە سەر شانۆدا، شین و مۆرە.)

گورگ :( بە قێز و نەفرەتەوە ) وەی وەی لەو بۆنە! بڵەی من قەت بۆنی وام بیستبێ؟

مێش : (جامە لۆسکێ ئەکا) قوربان ئەوەندەی بزانم، کەلاکە...

گورگ: (شک دای‌ئەگرێ) کەی بۆنی کەلاک وایە؟! ، ناڵێم کەلاکم نەخواردوە ، چەن ساڵە ئەژیم بە ڵام ئەم بۆنەم قەت نەبیستوە...(ڕوو لە بۆمبا ئەکا)... بڵەی بۆنی تەقینەوە نەبێ؟!

مێش : (بە پەلەوە) باروو...

بۆمبا : (خێراتر) خۆ کوێر نین من هێشتا نەتەقیومەتەوە!!

گورگ: (هەندێ دەمکوت بوە) وەخت وایە تەقینەوەش ببێ و کەس پێی نەزانێ!

بۆمبا : (دیارە ئەیەوێ شتەک لە مل خۆی داماڵێ) ئەوە پەیوەندی بە منەوە نیە، ئیتر!

مێش  : (زمان لووسانه) یان تەقینەوەیەکیش هه یه و ئەبیسرێ و...
گورگ: (بە گاڵتەوە) کەس خۆی ناکا بە خاوەنی کەوا نیشانیش بدا کە مێشێ میوانی نەبێ!!
مێش  : قوربان کەس لێرەدا توانای میوانداری نیه!
بۆمبا  : ئەوەندە بزانە هەر ئێستاش وەک میوانێک لە تۆ ئەڕوانین...
مێش  : (بە تەشەرەوە) قوربان فەرماییش ئەکەن! مەگەر کەسێ لێرەدا هەیە کە وا ببمە میوانی؟!
بۆمبا  : (بە پەلە) ئەوە من و مامە گورگە!
گۆچان : (وەک خاوەن ماڵ قسە ئەکا) من؟! من هەر لێرەدا بووم...
بۆمبا  : ئێرە کوێیە؟!
گۆچان : ماڵی خاوەنی خۆی...
بۆمبا  : ئەی تۆ کێیت؟!
گۆچان : من؟... من گۆچانی خاوەنی ئەم شوێنەم...
مێش  : (بە فشەو گاڵتە جاڕی) بەڵەی لە کوێ بێ؟ با ببم بە میوانی!!!(دەنگی هێوەر دەکاتەوە) حەز ئەکەم لە سەر چاوە عارەقاویەکی هەڵنیشم...
گۆچان : (بە حەسرەتەوە) ئیتر قەت عارەق ناکا...
مێش  : هەر زانیم کەلاک هەیە...
گۆچان: (بێ تاقەتە) چووزانم کابرا... تۆش پرسی وا گرانم لێ ئەکەی! خاوەنەکەمە و تەواو!

مێش : تۆ بزانی لە کوێدایە ئێستا؟
گۆچان: نازانی؟...نایبینی؟!...هۆ...ئەوەتا لەپاڵتەوە... ئەوەیان...
لاقیەتی و ئەوە پەنجەی و ئەوەش... سەریەتی...
مێش : بۆ وا بڵاوە؟! کێ بەو جۆرە وڵاشمی کردوە؟
گورگ: دیارە...بەراز لێیداوە...
گوچان: نا! ئەم بەرازە لێیداوە (ڕۆ لە بومبا ئەکا)
گورگ: باشە...ئێستا ئەتەوێ چ بکەی؟
مێش : و...ئیتر خاوەنەکەت نەماوە؟!
بۆمبا : (بە شکەوە) قەڵس نیت؟
گۆچان: (ناشاد و دڵگران) چە قاوم بە زەویدا و خاوەنەکەم مردوە و
لەو ڕۆژەوە کە کراوم بە گۆچان، قەڵسم!
(هەموپێکەوە) : بۆ؟!
گۆچان : بۆ ئەوەی هەر بە دەستەوە بووم...بە دەس خۆمەوە نەبووم...
بومبا : ئەتەوێ چ بکەی؟!
گۆچان : ئەمەوێ لە ئاست خۆمەوە دیسان شین ببم،دیسانەوە بڕوێم...
گورگ : (مەراق ماوە) ئەتەوێ چ بکەی؟!
گۆچان : (متمانەی هە یە) ببمەوە بە دارەکەی سەرەتا...
بۆمبا : قەت بڵەی شتی وا ڕوو بدا؟
گۆچان : هیوام هەیە... لەم زەوی‌یەدا هەمووشت دێتە ئاراوە...
بۆمبا : شین بە! بە ڵام هەر ئەبیتەوە بە گۆچان...

گۆچان : زۆر قووڵی مەکەرەوە... مەچۆ ناو فەلسەفەوە... خۆمن هەر بە گۆچان بوون فێرم با جارێکی تر ببمەوە بە گۆچان... بڕوانە! ئەوانە لەت وپەتی خاوەنەکەمە... بەڕای ئێوە ئەگەر بیانکەم بە ژێر خۆڵەوە بڵەی چەکەرە بکەن و دیسانەوە ببنەوە بە خۆیان وەک سەرەتا؟

بومبا : نازانم... بەڵکو شین ببنەوە...هیوادارم...

مێش : شین بێ و نەبێ من هەر بەشم هەیە کە وا پێی بژیم... لەخودا بەزیاد بێ... لەخودا... لەخودا... (دەنگ کز ئەبێت، لەناو بێدەنگیدا ون ئەبێ)

/پەردە دائەدرێ تەوە/

سەرەتای هاوینی ٢٠٠٠

# ماخۆلەی پرد

**شانۆ نامە**

**کەسایەتی‌یەکان: ١- بیچوو**

**٢- مرۆڤ**

( پەردە هەڵئەدرێتەوە )

*[خورەی ئاو دێ، وادیارە لە قەراغ چەمێک‌دان...]*

**بیچوو،**[*ماندوو*] : ئا...خ! چ ژینێکی کپ و کاسە! خۆزگە هەموو ئەو شتانە وا دەس ناکەون وەک مێروولەیان لێ ئەهات و لە ژێر هەنگاوی مرۆڤدا مەشقیان ئەکرد و ئەهاتن و ئەچوون، با بە ساکاری پێیان پێ‌بکەنین و گاڵتەیان پێ‌بکەین!

**مرۆڤ:** [*بە حەسرەتەوە*]: چ فایدەیەکی هە یە!؟ هەمووشتەکان وەک پردێکن ، تۆ وەک ئاو بە ژێری‌دا ئەڕۆی... تۆ سەر پردەکە قەت نابینی!

**بیچوو:** بەڵام کاتێ باران هەیە و لافاو درووس ئەکا؛ من لە قسەکەت قەڵس نابم!

**مرۆڤ**: بە پێشکەوتنی تەکنیک و هونەری ئاوەدانی، پردەکان هەتا ئەڕوا بەرزتر ئەبنەوە!لافاوی نۆحیش هەستێ، ئەوەندە یاخی نابێ سەر پردەکە ببینێ!

**بیچوو**: خۆزگە پێش ئەوەی پردێکی بەرزتر ساز بکرێ بمتوانیبایێ سەر هەڵدانی ئەو چەمە ببینم!

مرۆڤ: خۆزگە ئەو شتانەی وا دەس ناکەون، دەس ئەکەوتن!!

*[ڕەنگی ئەرخەوانی زاڵ ئەبێ بە سەر شانۆدا]*

بیچوو: *[بە دەنێگکی پڕ لە متمانەوە]*: لە قەراغ ئەم ئاوەدا ڕائەوەستم وبەرد ئەخەمە ناو چەمەکەوە، بزانم چی ئەبێ!

*[ پەردە دا ئەدرێتەوە ]*

**٢٠٠٣/٣/١٦**

**زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

| ز | ناوی کتێب | ناوی نووسةر | بابةت | نرخ | لاثةرة |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٣٢ | مذكرات يوسف حنا يوسف (أبو حكمت) | يوسف حنا يوسف | مذكرات | ٥٠٠٠ | ٢٦٤ |
| ٥٣٣ | لە کەناری هزرو زمان و ئەدەبدا | عەبدولڕەحمان مەعرووف | وتار | ٢٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٥٣٤ | لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست | ئاوات محەمەد | رەخنەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٥٣٥ | پیاسەیەك لەگەڵ زەردخەنەی (با) | سەرهەنگ خامۆش | شیعر | ١٥٠٠ | ١٢٠ |
| ٥٣٦ | بژی نیشتمان | و. عەبدولستار جەباری | چیرۆك | ١٥٠٠ | ١١٢ |
| ٥٣٧ | پەندێن ژیانێ گوتنێن زانا ناڤدارین جیهانێ | محەمەد ساڵح پێندرۆیی | گشتی | ٥٠٠٠ | ٣٢٨ |
| ٥٣٨ | خەم و خەندە | عوسمان رسول | شیعر | ١٥٠٠ | ١٢٠ |
| ٥٣٩ | هونەری گوێگرتن | و. بەهزاد حەوێزی | دەروونناسی | ٣٠٠٠ | ٢٤٦ |
| ٥٤٠ | فیلەکەی نادر شا | د.موحسین ئەحمەد | رۆمان | ١٠٠٠ | ٦٤ |
| ٥٤١ | فێمێنیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە | و.ئامادەکردنی:بەیان عەزیزی | گشتی | ٣٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٥٤٢ | هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) | مستەفا ساڵح مستەفا | ئەدەب | ٥٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٥٤٣ | فیکرو فەلسەفە دەقی جیهانی | و. تاریق کارێزی | لێکۆڵینەوە | ٥٠٠٠ | ٣٣٦ |
| ٥٤٤ | ئایندەسازی | تاهیر عوسمان | کۆمەڵە وتار | ٣٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٥٤٥ | مرۆڤ و جڤاك | د. عارف حیتۆ | کۆمەڵە وتار | ٣٠٠٠ | ٣١٢ |
| ٥٤٦ | بیرەوەرییەکانم | مستەفا عەسکەری | بیرەوەری | ٥٠٠٠ | ٣٦٠ |
| ٥٤٧ | هێلانەکەم لە کوردستان | سازان مەدحی مەندەلاوی | گشتی | ٥٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٥٤٨ | عەلی شوون هەڵگر | تەحسین شێروانی | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٨٠ |
| ٥٤٩ | خەیاڵێکی پووچ | بەختیار نادر | کورتە چیرۆك | ١٠٠٠ | ٤٠ |
| ٥٥٠ | هەقایەت وئەفسانەی میللەتان | ئیدریس عەبدوڵلا | فۆلکلۆر | ٣٠٠٠ | ٢٧٢ |
| ٥٥١ | ئەدەب وەك بەشێك لەڕوح | غەمگین بۆلی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٣٦ |
| ٥٥٢ | دەروازەیەك بەرەو فەلسەفە | کامەران تاهیر | وتار | ١٠٠٠ | ٨٨ |
| ٥٥٣ | خەونی شادی | کۆکردنەوەو نووسینی پێشەکی نیازی حەمە عەزیز | شیعر | ٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٥٥٤ | چەپکە گوڵێکی رێبوار بۆ کوردستان | ئەبوبەکر عەلی ئیسماعیل | شیعر | ٢٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٥٥٥ | سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان لە روانگەی پسپۆڕانی رۆژئاوایی | ئا: وریا رەحمانی | سیاسی | ٤٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٥٥٦ | سياسة الحكم | ترجمة: عبدالرحمن الپاشا | دراسات | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥٧ | كوردو ئیسلام | ئەحمەد بالایی | مێژوویی | ٥٠٠٠ | ٥٤٨ |
| ٥٥٨ | ساتی راستگۆیی | و: شەرمین عەبدوڵلا | کورتە چیرۆك | ٢٠٠٠ | ١٣٦ |
| ٥٥٩ | مەرگی گەڕانەوە | سامی سلێمان فەقێ | رۆمان | ٣٠٠٠ | ٢٠٤ |
| ٥٦٠ | دەردی دووری | د. رەفیق شوانی | شیعر | ٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٥٦١ | پرسیار لە دەرەوەی سێوەکەی نیوتن | ئا: سۆران عەزیز | گشتی | ٣٠٠٠ | ٤١٦ |
| ٥٦٢ | عەرووز وەکو پێوەرێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی | یادگار رەسوول باڵەکی | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٦٢٤ |
| ٥٦٣ | هەورە تریشقە | موکەڕەم رەشید تاڵەبانی | چیرۆك | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |
| ٥٦٤ | بەڵێنەکانی ئینگلیز و گوتاری منەووەرانی کورد | بەهات حەسیب قەرەداخی | سیاسی | ٢٠٠٠ | ١٢٠ |
| ٥٦٥ | فاعلية المسرح الليبي.. بين الفكر والفن | أ.د. فيصل ابراهيم المقدادي | فنون مسرحية | ٥٠٠٠ | ٥٤٤ |
| ٥٦٦ | پل | عەزیزی مەلای رەش | رۆمان | ٣٠٠٠ | ٢٩٦ |
| ٥٦٧ | شێوازە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی خەبات (٢٠٠٣-٢٠٠٦) | د. ئاریانا ئیبراهیم | رۆژنامەنووسی | ٥٠٠٠ | ٥٦٠ |
| ٥٦٨ | یانەی وەرزشی سۆلاف لەیادی (٤١) ساڵەیدا | ن. ئا: شێخ ستار عەبدوڵلا بەرزنجی | وەرزشی | ٤٠٠٠ | ٢٩٦ |
| ٥٦٩ | پێنج داستانی کوردەواری | یاسین حەسەن گۆران | فۆلکلۆر | ٣٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٥٧٠ | النظام العالمي الجديد وقضايا القوميات والأقليات في الشرق الأوسط | ریبوار عبدالرحیم بابکەیی | سياسي | ٣٠٠٠ | ٢٨٨ |
| ٥٧١ | وەرە با یاری بکەین | وەرگێڕانی: رەشاد محەمەد موراد | زانستی | – | ٤٨ |
| ٥٧٢ | سیڤییەکان٢ | ئا– وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی | گشتی | ٣٠٠٠ | ٢٦٤ |
| ٥٧٣ | الادب الكوردي | د. كمال معروف | ادب | ٢٠٠٠ | ٨٠ |
| ٥٧٤ | منطقة ريكان | آراز أسماعيل عبدالله الريكاني | جغرافية | ٢٠٠٠ | ٩٦ |
| ٥٧٥ | فێربوونی زمانی ئیتاڵی لەسەفەرو لەماڵ.. لەهەر کۆڕو کۆمەڵێکدا | رەحیم شا محەمەد | زمان | ٢٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٥٧٦ | هزرکرن د پرسێن فەلسەفێ دا | محسن ئۆسمان | هزر | ٣٠٠٠ | ٣٤٤ |
| ٥٧٧ | بووکە بەردینە | ئازاد کەریمی | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ١٢٨ |